# ئامانجە بریندارەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئامانجە بریندارەکان

نەجیبە ئەبووبەکر



کتێب: ئامانجە بریندارەکان – ڕۆمان
نووسینی: نەجیبە ئەبووبەکر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥٥١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٥١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

١

"پێویسته بڕۆم.. ئەگەر نەڕۆم ژیان بەم شێوەیە مەحاڵە."

ئەو وشانەی لەبن لێوەوە بەنزمی بەخۆی وت، هەردوو دەستی بەملا و ئەولای نێوچەوانییەوە گرت.. وای بیردەکردەوە هەرچی خەمی دونیا هەیە لەدڵیا جەمسەرگیر بووە.. دڵیشی ئەو خەمە گەورەیە وەکو ئاوی تاڵی گووژاڵک و گەرم وەک ئاگر بەنێو شادەمارەکانیدا بڵاودەکاتەوە.. ئیتر لەڕێی خوێنی ناو دەمارەکانەوە نووکە تیژەکانیان لە قووڵایی گۆمی ڕووناکی فرمێسکەکانیش دەچەقێن.. لێڵ و لێخنی دەکەن، خوێنی هەستەکان تێکەڵ بە گۆمی لێڵی فرمێسکەکان دەبن.. بەڕەنگێکی زۆر سەیرەوە دێنە خوارێ، هەر وەکو هەستە پەنگاوەو کپکراوەکان کەس سەری لە ڕەنگی ئەو فرمێسکانەش دەرناچێ.. لە چوار دەورە وشک و ساردەکەدا دەکەون و دەبنە هەڵم، ڕوو لە ئاسمان دەکەن.. بەو هیوایەی لەوێ تێکەڵ بەگرمەی هەورە تووڕەکان ببن.. گرمەی هەورەکان هاوارو پەیامە بەرزەکەی ئەوان ڕابگەیێنێ.. بۆ ساتێک خەڵکی لە بیرکردنەوەی تایبەتی ڕاچەنێن، گوێیان لێڕابگرن.. دەبێ تاکەی ئەو گوێیە سووکانە لە ئاست ئەم هاوارانەدا کەڕو کاس بکرێن؟ تاکەی بە قوفڵێکی پۆڵایین دەرگا لەسەر سۆزو هەست و بیر و هاوارەکانیی دابخات؟ وەک درەختێک لە ناوەوە بخورێتەوە، کرم مژ دەبێ، وشکەڵ دەبێ.. تا ڕۆژێ دێ تەنانەت بێ لافاو و تەور و ڕەشەبا خۆی لە خۆیەوە دەمرێ.



دەستی لەسەر نێوچەوان ی لادا، دەیویست هەڵسێ و بە شوێن کارەکەدا بڕوات، بەڵام ڕەفتارو هەڵوێستەکانی سیروان ساردییان دەکردەوە. ئەو پێش مردنی باوکی هەمیشە خۆی لەم دوورەپەرێز دەگرت و حەزی بە برادەرایەتی ئەم نەدەکرد. نەشی دەزانی هۆی چییە؟ دەیزانی هە رلەخۆباییبوون نییە چونکە لە ئاست گەنجانی تری گەڕەکدا وا نەبوو. تەنانەت پاش بارکردنیشیان هەر لەسەر هەمان شێوازی مامەڵە کردن بەردەوام بوو." ئەی بۆ ماوەیەکە خۆی لێم نزیک دەکاتەوە؟ تۆ بڵێی ئەم هەموو ڕق و ئێرەیی پێبردن و فیزەی لە سەرەنجەکانییەوە دەردەکەوتن لە دەروونیدا شۆرابێتنەوە؟! لە قسەکانی دوێنێیدا گۆڕانێکی تەواو بەدی دەکرا، زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ بۆلای بڕۆم و بۆ ئەم کارە هاوکارییم بکات.

با هەر وا بڵێ جێی ئەوە نییە پیاو پشت بە قسەکانی ببەستێ. ئێ بۆ وای گوت؟ بەشێوازێکی ئەوتۆ دەدوا بەئاسانی بڕوای پێ بێنی، هەر ئەو شێوازە لە شەوەوە ئارامی لێ بڕیوم، کێچی خستۆتە کەوڵم.."

لەسەر جێگاکەی هەڵسایە پێ، بە هێواشی ئەم سەرو ئەو سەری ژوورەکەی دەکرد.. لە بەردەم پەنجەرەکە ڕاوەستا، جگەرەیەکی داگیرساند.. دوودڵی لەوەی بڕوات یان نا شپرزەی کردبوو.. ئەم دوو دڵییە بەیانیانێکی پێنج مانگ لەوەپێشی بەبیرهێنایەوە، لەو بەیانییەدا لە بەردەم پەنجەرەکە ڕاوەستابوو، نەخەوتنی بەدرێژایی شەو چاوەکانیی سوور هەڵگەڕاندبوو، لە ماندوویەتیدا ئاوسابوون. هەستی دەکرد دوو ڕێگای لەبەردەمدایە هەر دەبێ ڕێگایەکیان بگرێ.. یان دەبێ ڕێگای خۆکوشتن هەڵبژێرێ بە سووکی و ئاسانی و لە ساتێکدا کۆتایی بە هەموو شتێک بێنێ.."من بیرکردنەوە و ئامانجم بزرکرد،

لەکیسم چوون، ئیتر جەستەم بۆچییە؟ مانەوەی جەستە بێ سوودە..کە ئەو شتانەم نەمێنن جەستەم لە پێناوی چیدا بژێ؟ جەستەی من بەبێ ئەوانە مردوویەکی زیندەبەچاڵکراوە و، تا ماوەیەک لە جووڵە ناکەوێ.." یان دەبێ ڕێگای دووەم هەڵبژێرێ، ئەو ڕێگایەی دوور و درێژو، پڕ ئەشکەنجەو، ئازار و، هەوڵدان و، بەرەنگاری و، ململانێیە.. ڕێگای دروستبوون و، سارێژبوونەوەی ئامانجەکانە.. دژواری نێوان بیر و بۆچوونەکانی لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەوە لە دژواری نێوان دوو ڕێگاکە تیژتر بوون.. بەتەواوی بۆی دەرکەوتبوو ناتوانێ ژیانێکی ئەوها مەحاڵ بژێ.. شەپۆلی دەریای بیرکردنەوەکانی، ئەو شەپۆلانەی لێزمەی بارانێکی تیژ و، ڕەشەبا شێتانە یارییان پێ دەکردن..شالاویان بەرەو بینەقاقای دەبرد و هەناسەی تەنگ ببوو، پەلە قاژێی بوو.. بە تین پاڵیان پێوەی دەنا ڕێگای یەکەم هەڵبژێرێ. بەڵام لە قووڵایی دەریای بیرکردنەوەو، هەموو سۆز و هەستە پەنگخواردووەکانییەوە، لە ناهۆشمەندی و، قوژبنە تاریکەکانی مێشکییەوە ڕێگای دووەمی هەڵدەبژارد..

" نەمتوانی بڕیاربدەم، ئێستاش بڕیارم نەداوە.. بەڵام گوێگرتن لە قووڵایی ناخم هێمنم دەکاتەوە. پێم سەیرە دەتوانم ئەم هەموو ئازارە تەحەمول بکەم، پێم سەیرتریش دەبێ ئەگەر دەروونم بتوانێ قەوارەی زامە گەورەکانی ئامانجەکان سارێژ بکات.. بۆ نا؟ مرۆڤ ئەگەر بیەوێ دەتوانێ ناخی خۆی زیندوو بکاتەوە و، ئامانجەکانی و ئامانجی نوێتریش دروست بکات. ئەمە ئەگەر وابێ پەیڕەو کردنی زۆر گرانە.. ئا، هەر لافلێدانە.

خۆ ئێستاش هەر لە پێناو ویستەکانی قووڵایی ناخمەوە بۆلای



سیروان دەچم، بەس ئەم دوودڵییە ڕێگای لێ گرتووم.. خۆیشم بەتەواوی نازانم هۆی دوودڵییەکەم چییە؟ دەبێ هۆی ئەوەبێ سەرەڕای ئەوەی حەزدەکەم ڕێگای دووەم هەڵبژێرم بەڵام بڕوام بە هەوڵدان نەماوە، خەریکە لەو ئاکامەوە بڕوام بەخودی خۆیشم نەمێنێ؟ یان ئەو نائومێدییەی وەک تەونی جاڵجاڵۆکە ئابڵووقەی داوم، تا دێ بازنەی ئابڵووقەدانەکە بچووکتر دەکاتەوە؟ یان سروشتی ڕەفتارەکانی سیروان؟ نازانم.

ئەگەر نەڕۆم دووکانەکان ئەداتە یەکێکی تر. ئێستا جوانترین هەل بۆ بەدیهاتنی خەونی دانانی کتێبخانە ڕەخساوە، نابێ پشت لەم هەلە بکەم نا."

لەپڕ بە پەلە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، دەرگای کردەوە و، بێئەوەی بهێڵێ دایک و خوشک و براکانی هەستی پێ بکەن لە دەرگای حەوشەوە چووە دەرێ.. وا خۆی دەنواند بڕیاری داوە.. بە گورج و گۆڵی هەنگاوی دەهاویشت، وای دێنایە پێش چاو لەگەڵ گورجی هەنگاوەکاندا بارێکی قورس و نالەباری ڕەشبینی و مەییوی بیر و کردەوەکان جێ دەهێڵێ و لە ترووسکەیەکی کزی ئاواتەکانی نزیک دەبێتەوە.. دەیویست کاریگەری نەنوستنی بەدرێژایی شەو و، ئاڵۆزی و کێشەی نێوان بیرکردنەوەکانی بە ڕوویەوە بشارێتەوە.. بە زەردەخەنەیەکی سەیرەوە چاوە ڕەش و گەشەکانی لە پەڵە هەورە بۆرەکانی ئاسمان بڕی.." ئامانج شتێکی زۆر مەزن و سەیرە.. بەلای منەوە لە سەرەتای هەموو ئەو شتانەوە دێ کە تاکی و جیاوازی مرۆڤ لە گشت کەسانی تر دەسەلمێنێ. ڕاستە زۆر کەس هەن یەک ئامانجیان هەبێت بەڵام ئەو ئامڕازانەی بۆ بەدیهاتنی دەیگرنە بەر

وەک یەک نابن، هەر دەبێ مۆرکێکی تایبەتی و هەستێکی تایبەتی لەئاست ئامرازەکان و ئامانجەکەدا هەبن.. ئەگەر مرۆڤایەتی ئامانجی دروست نەکردایە زۆربەی هەرە زۆری دەسکەوتەکانی بەدەست نەدەهێنا و مرۆڤیش نەیدەتوانی داهاتووی خۆی دروست بکات.. بەداخەوە هەر مرۆڤیش ئامانجی مرۆڤ دەکوژێ.. چی وەکو ژانی کوشتنی ئامانج ناخۆشە؟ ئای کە ژانێکی جەرگبڕە.

هەر ئامانج بۆ لای سیروان پاڵم پێوە دەنێ و.. بەسە، بەسە تاکەی خۆم تەفرە بدەم، من خاوەند ئامانج نیم.. هەر شتێک هەوڵی لەپێناودا نەدرێ ناوی ئامانج نییە. منیش توانای هەوڵدانم نەما.. ئەگەر ئامانجەکانیشم برینداربن ئەوا بڕوا بە هەوڵدان لە ناخی مندا کوژرا.. ئا، باش چاوت بکەرەوە، ئەمە ڕاستییەکەیە بۆ خۆتی لێ گێل دەکەی؟!"

بەدەم ڕۆیشتنەوە تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، هەستی دەکرد پاپۆڕێکی بێ قوبتانە و لەناو دەریایەکی بێ سەروبندا ڕێگای ون کردوە.. بەبێ سەرکردەیەکی ڕووحی وێڵ و بێ ئارامە و نازانێ ڕوو لەکوێ بکات.. هەموو جۆرە شتێک بۆ کوشتنی هەوڵدان و ئامانجەکانی خرانە کار.. سووربوونی لەسەر هەوڵدان بێ مانایی ژیانیان زیاتر بێ مانا دەکرد کەچی ئێستا خۆیان بەلایەوە بێ مانا بوونە..!! خۆزگەی دەخواست خۆی بکوژرایە چونکە شتێکیان لێی سەند و شکاندیان هەروا بەئاسانی ناتوانێ دروستی بکاتەوە.. تەنها شتێک لەو دا ماوە و جار جار هەستی پێ دەکات. لە کاتی ئەو چرکە هەستە لاوازانەشدا وای بۆ دەردەکەوێ هیچ هێزێک لە جیهاندا ناتوانێ بیکووژێ. ناو ئەو شتەی ناوە ئیرادە، لەوانەیە بەو ئیرادەیە



بتوانێ بڕوا بە هەوڵدان زیندوو بکاتەوە، گوێ بەڕابردوو نەداو بۆ داهاتوو هەوڵ بدا.. مانی ئەو بەو شتەوە بەندە، ئەگەر لە ناخی خۆیدا هەست بە بوونی ئەو شتە نەکات خۆی دەکووژێ..

هێواشتر هەنگاوی دەهاویشت.. تەماشای ڕێبوارەکانی سەر شەقامەکەی دەکرد.."لەوانەیە ئەگەر بزانن ناوی خۆکوشتن دێنم بە ترسنۆکم لە قەڵەم بدەن، منیش جاران وەکو ئێوە لەو بڕوایەدابووم تەنها پیاوی ترسنۆک و بێ غیرەت خۆی دەکوژێ.. نەمدەزانی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن شتێکی زۆر گەورەیان لەدەست چووە، بە نەمانی ئەو شتەش لە ژیانی خۆیاندا هەست بە هیچ سوود و مانایەک ناکەن.. لەپێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانیان و، ئەو ڕەنگەی لە ناخەوە هەڵیانبژاردووە ژیانی خۆیانی پێ ڕەنگ بکەن جۆرەها ڕێگا و ئامراز دەگرنە بەر، بەڵام کە لە هەموو لایەکەوە بێتوانایی و، نائومێدی لە ئاست سەپاندنی ئەو ڕەنگەی کە نایانەوێ لە ژیانیاندا بەدی دەکەن.. بۆ ڕزگاربوون و حەسانەوە لە دەست کێشەیەکی بێ ئەنجام و بێ کۆتایی خۆکوشتن هەڵدەبژێرن. دەترسێم خۆیشم نەتوانم چارەسەر بدۆزمەوە.. خۆکووشتن دوا وێستگەی خەون و خواستە نیوەچڵەکانم بێت..

گەیشت بووە شوێنی ڕاوەستانی پاسەکانی گەڕەکی ئیسکان بەپاڵەپەستۆ خۆی کوتایە ناو پاسێکەوە و، لە خانەی دواوە دانیشت. قەڵەباڵغی ناو پاسەکە دڵی تەنگترکرد. ماوەیەکە قەڵەباڵغی زۆر دڵی توند دەکات.. زامەکانی دەکولێنێتەوە.. وەک جاران هەست ناکات شتێک هەیە لەو خەڵکەی دەوروبەری جیای دەکاتەوە.. لەکاتی هەڵس و کەوت و مامەڵەکردن لەگەڵیان هەست بە خۆشەویستی ئەوان بەرانبەر

بەخۆی و خۆشەویستی خۆی بەرانبەر بەوان ناکات، ئەمەش هێنابوویە سەر ئەو بڕوایەی کە توانای گونجان لەگەڵ دەوروبەردا لەدەست چووە و، ئەو سەرکەوتنەی کە هەموو ڕۆژێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەستی پێ دەکرد لەودا نەماوە.. ئەمەش وەکو تێکشکانی هەوڵدانەکانی ئازاری دەدا.." چەند خۆش بوو ئەو کاتانەی هەستم دەکرد ژیانم وەکو کەسانی تر نییە، ڕێگایەکی تایبەتی خۆم هەبوو.. مۆرکی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆم بەبیر و ڕاو ڕێگاکان دەبەخشی.. ئەوانەی دەوروبەرم دەبینی ڕێزیان لە تایبەتمەندییەکانم دەگرت، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەستم بە سەرکەوتن دەکرد..

حەزی دەکرد ناو پاسە قەڵەباڵغەکە گازینۆیەکی زۆر هێمنی دەم ئاوێکی مەنگ بێت.. ناخی بە ڕۆیشتن بۆلای سیروان شادمان بێت، تیشکی خەیاڵی لە ئاسۆی لووتکەی ئامانجەکانی بچەقێت، هەست بکات گەرمی تاسەکانی ئەو تیشکە بۆتە وزەیەکی ڕووحی و گوڕ بە هەموو شادەمارەکانی دەدات، گڕ دەسەنێ، چرایەک بۆ ژیانە تاریکەکەی هەڵدەکات.. ئەو چرایەی بە هەموو تاریکی دونیا ناکوژێتەوە.. ناخی بۆ دەکاتە پەرژین و سەرمیچ.. هەنگاو دەنێ، چەقی ڕێ لەناو دڵی تاریکیدا دەدۆزێتەوە.. دەبێتەوە ڕێبوارەکەی جاران و کاروانێک پێکدێنێ.

زۆر جار ئەو هەستە خۆشانە ناخیان وروژاندووە وەکو ئەو کاتەی ئەنجامی شەشی ئامادەیی وەرگرت چوزەرەی هەستەکان زیاتر دەبوون و خۆشەویستی ژیانیان گەورەتر دەکرد.." پلەی هەشتاو نۆم هێناوە هێشتا ئەوها شادمان نەبم؟! ئامانجەکەم مسۆگەرە و بەشی



دەروونزانی لە زانکۆ تەواو دەکەم، پاشانیش ماجستێر و دوکتۆرا. پلەکەم ڕێم دەدا بچمە بەشەکانی ترەوە بەڵام من هەر لە سێی ناوەندییەوە حەزم لێیە ئەو بەشە بخوێنم.. لە پشووودانی هاویندا زۆر کتابم لەبارەی دەروون شیکاری دەخوێندەوە، هەر ئەوەش پاڵی پێوەنام بەرهەمی ئەو نووسەر و شاعیرانە بخوێنمەوە کە زۆر بایەخ بەناخی مرۆڤ لە ئاست دەوروبەرەکەیدا دەدەن.. خودایە کەی دەگەمە ماڵەوە ئەم مزگێنییە خۆشە بە دایک باوکم و ئەوانی تر ڕابگەیێنم.. ئەوە منم وا بە کامەرانی لەناو بەهەشتی خەونەکانمدا پیاسە دەکەم؟! ئەم بەهەشتە چەندە پڕ سیحر و جوانە!

کە نزیک ماڵی خۆمان بوومەوە خەڵکێکی زۆرم بینی لەبەردەم دەرگای حەوشەمان وەستابوون، چپە چپیان بوو، کە من نزیکتر بوومەوە بێدەنگ بوون، هەموویان تەماشای منیان کرد. بەزەیی لە سەرنجەکانیاندا بەدی دەکرا.

ناخم داچڵەکی. هەموو هەستە خۆشەکان بۆ ناو قاوغی نەبوون و تاریکی هەڵوەرین. بە پەشۆکاوییەوە دەستێکم کردە سەر شان کاک سمایل و پرسیم:

– چییە کاک سمایل، چی بووە؟!

پاش کەمێک ڕاوەستان و دوودڵی وەڵامی دامەوە:

– ئەمڕۆش وەکو هەموو ڕۆژانی تر باوکت لەگەڵ وەستا حوسێندا بۆ ئیش چوو. بەڵام ئەمڕۆ... ( سەرنجەکانی لە زەوییەکە بڕی، ویستی بەزۆر قسەکانی تەواو بکات ) خۆت دەزانیت باوکت نەخۆشی کەم خوێنی هەبوو، ئەمڕۆ لەسەر دیوار سەریی گێژی خواردووە و کەوتۆتە خوارەوە. ئێستا وا لە نەخۆشخانەیە، دایکت و مناڵەکان بۆلای چوون دەڵێن سەلامەتە.

دەمویست بپرسم باوکم ماوە یان نا، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی.. زمانم وشەکانی تێک دەئاڵاند.. تەماشای خەڵکەکەم کرد، لە سەرنجەکانیاندا ڕاستی ئەو هەواڵەم بۆ دەرکەوت کە نەیاندەویست پێم بڵێن. بۆساتێک بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشابوو.. سۆزو بەزەیی وەکو شیشی سوورەوەکراو دڵمیان داخ دەکرد، هەستم دەکرد ئەو خوێنەی بە گیانمدا هاتوچۆ دەکات یادە خۆش و ناخۆشەکانمە لەگەڵ باوکمدا.. باوە گیان مزگێنی دەرچوونم بۆ هێناوی، دەمێکە چاوەڕوانی بوویت.. خۆ تازە ناتوانم خوێندن تەواو بکەم، ئەی دایکم و پێنج منداڵ بۆ کێ جێ بێڵم؟" دەنگی شوفێرەکە لە ناو ئەو یادە بەئاگای هێنایەوە:

– کاکە ئەوە چییە بۆ وا داماویت ئەی دانابەزیت؟

هەڵسایە سەر پێ، بینی کەس لەناو پاسەکەدا نەمابوو. بەپەلە دابەزی و بەهەنگاوی خێرا لە پاسەکە دوورکەوتەوە. بیرەوەری مردنی باوکی ترسێکی لاوازی لە دەروونییەوە دەبزواند.. دەترسا سیروان لەگەڵیا ڕاست نەبێ.. ئەم جارەش حەزی نزیکبوونەوە لە دەروونزانی دامرکێتەوە. دەیەوێ لە کتێبخانەکەدا لەبارەی دەروونزانییەوە بخوێنێتەوە و بنووسێ، لە هەمان کات خەرجی ماڵەوەشی دەست کەوێ ئنجا مەبەستەکانی تر..

لەسەر شەقامێکی تەسکی گەڕەکی دەم خاسە کچێکی باڵا دەستەی بینی بەرانبەری دەهات. قژە درێژ و خاو و ڕەشەکەی لەناو دەریای بیرکردنەوە و یاد و خەیاڵی خەڵاتدا نوقمی کرد.. "نازانم بۆ ئەو خۆشەویستییەی لە هەموو ساتە ناخۆشەکاندا وەکو باڵی سپی و تەنکی فریشتەی ئاسمان دەروونمی باوەشێن دەکرد و هەستی



غەڵووزی کوژاوەی خۆشییەکانی دەگەشاندەوە.. لە خەمەکان بێ ئاگای دەکرم.. ئێستا لەم ساتە ناخۆشانەدا فریام ناکەوێ.. بیر و سۆزم جەمسەرگیر ناکات.. مەستم ناکات.. کۆسپە گەورەکانم لە بەردەمدا تەخت ناکات.. خەندەو پێکەنینی ڕاستەقینەم پێ نابەخشێ.. نامگرییێنێ.. جار جار گرەکان لە ناخەوە دەمسووتێنن بەڵام لە بری ئەوەی هەست بەکڵپەو بڵێسە بکەم بۆن سۆ ئازارم ئەدا.. خەڵات بڕوا بکە قینم لە خۆمە چونکە ناتوانم وەک جاران بیرت لێ بکەمەوە.. خەم هەموو شتێکی جوانی لە ژیانی مندا ژاکاندووە. دەزانم هەقی خۆتە وا هەست بکەیت مەیلم لەلای یەکێکی ترەو لە ئاست تۆدا گۆڕاوم.. هەڵوێستی وا لە من چاوەڕوان مەکە. کە جاری ڕابردوو تۆم بینی لە سەرنجەکانتا گلەیی وگومانم بەدی دەکرد. حەز ناکەم وا بیربکەیتەوە، خۆت باش دەزانی تۆ بەلای منەوە چیت.. دەزانیت کە سەرنج لە چاوەکانت دەدەم هەست دەکەم سیحری جوانی سروشت و نهێنییەکانی گەردوون لە چاوە ڕش و گەشەکانتدان.. ڕامدەکێشن، تیایاندا دەگەڕێم بیردەکەمەوە.. دەمەوێ ڕیشەی مەزنی خۆشەویستی بدۆزمەوە.. سەرەڕای ئەوەی دەگەمە دەرگایەکی داخراو، ناتوانم مانا پیرۆزەکەی بدۆزمەوە، شی بکەمەوە، بزانم ڕیشەکانی چۆن چووزەرەیان کردووە، هەموو ئەمانە لە سەرووی توانای منەوەن. بەڵام شەکەت نابم، دەست لەو گەشتە خۆشە هەڵناگرم، هەر ئەو گەشتە کونجی ژوورە تەسکەکەمی دەکردە گوڵزارێکی ڕەنگاوڕەنگ و فراوان.. زەردەخەنە پڕ لە شادی و جوانەکانت، سەرنجە پڕ لە ورشەکانت، ئەو سەرنجانەی کە جار جار وەک زەردەپەڕی دەوروبەر بە هەوری بۆر گیراو خەماوی بوون بەهار و پاییزی ئەو گوڵزارە بوون.. سەودای خۆشەویستی تۆ گەرمی خۆرەکەی بوو. ئێستاش زۆر لە ڕۆژانی

ڕابردوو زیاتر خۆشمدەوێیت، بەڵام ئێستا خەمە تاڵەکانی دەروونم بەسەر چێژی شیرینی خۆشەویستی تۆدا زاڵە..

کە لە سووچی شەقامەکە سووڕایەوە باخچەی خانووەکەی سیروانی لێ دەرکەوت ".ئۆخەی وا گەیشتم ئێستا هەموو شتێکم بۆ دەردەکەوێ."

لە دەرگای دا، دەرگایان لێ کردەوە و چوە ژوورێ. لە ژووری دانیشتن لەسەر قەنەفە بەرگ قەدیفەکە دانیشت، بە سەرسامییەوە تەماشای کەرەسە گران بەها و ماڵە ڕازاوەکەی دەکرد، وەک ماڵی ناو فلیمە بیانییەکان دەهاتە بەرچاوی. پاش کەمێک چاوەڕوانی سیروان هات و بەخێرهاتنی لێ کرد.

سیروان بە سەرنجێکی پڕ لە شانازی و فیزێکی نیمچە شاراوەوە تەماشای کرد. لە بەرانبەری دانیشت. هەر وەک هیچ لە گۆڕێ نەبێ باسی بابەتی ئەوتۆی دەکرد زۆر لە بابەتە سەرەکییەکە دووربوو.

ئارام لە چەنەبازییەکی بێزاربوو، ویستی بەهەر شێوەیەک بێت باسی ئەو بابەتە بکات کە لەپێناویدا هاتبوو گوتی:

– پاش ئەوەی ماڵمانت جێ هێشت بەدرێژایی شەو بیرم لە دانانی کتێبخانەکە کردەوە لە ئەنجامدا بەتەواوی بڕیاری ڕازیبوونم دا.

– دڵنیا بووم دێیت و ڕازی دەبیت.

ئارام باش دەرکی بەوە کرد تاسەو گەرم و گوڕیەکەی شەوی ڕابردوو بەڕووە باریک و گەنم ڕەنگ و خاڵاوییەکەیەوە نەماوە.

سیروان هەستی بە سەرکەوتنێکی گەورە دەکرد. ئەمە یەکەم جار بوو لە ئاست ئارامدا وا هەست بکات. بەخەندەیەکی پڕ لە ماناوە گوتی:



– پاش ئەوەی تۆم جێ هێشت و گەڕامەوە بۆ ماڵ، پارێزەر و ڕاوێژکاری سامان و ئیش و کارەکانم چاوەڕوانی دەکردم. منیش ئەو پرۆژەیەم بۆ باس کرد، زۆر سەری سوڕما تەنانەت گاڵتەشی پێ هات.. گوایە نەک هەر قازانجی نابێ بەڵکو ئەو پارەیەی لێشی خەرج دەکەین نایەتەوە جێی. ئەم قسانەم لەبەر تۆ زۆر پێ ناخۆش بوو. چونکە من سامانەکەم پێوەی دیار نییە زەرەریش بکەم. بەڵام بۆ تۆ زۆرە، من چاک شارەزای تۆم و دەزانم یارمەتی کەس وەرناگریت.

پارێزەرەکەم پێشنیاری ئەوەی کردم بیکەمە چێشتخانەیەکی گەورەو باش، ئەمەش قازانجی زۆر دەبێ.

بە وردی تەماشای ڕووی ئارامی دەکرد.. سەرسوڕمان و پەشیمانی بە سەرنجەکانییەوە دیاربوون، دەمە گەورەکەی بەش بووەوە. دەستێکی بەسەر نێوچەوانە لووسەکەیدا هێنا. ئەو دیمەنە شادییەکەی دەروونی گەورەتر دەکرد. هەستی دەکرد ئەو پیلانەی ڕێی بۆ کێشا سەری گرت. بەڵام هەر بەوەندە وازی لێ ناهێنێ. "پڕ بەدڵ حەز دەکەم لەو ناوچەیە دوور بکەویتەوە. ئێستا هاتووی داوای ئەوە دەکەیت زیاتر لەوێدا سەقامگیر بی، دە هەر لەگوپت بدە، خۆ ئێستا سیروانەکەی جاران نیم هیچم بەدەست نەبێ."

خۆی نیگەران کرد و سەری داگرت. وا خۆی دەنواند شەرمەزارو غەمبارە.. بەدەنگێکی هێواش و پڕ لە داوای لێبوردنەوە گوتی:

– تکایە ئارام تووڕە مەبە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم من و تۆ هەر هاوڕێین و هەرگیز لە یەک زویر نابین هەر لە یەکەم ڕۆژی دانانی چێشتخانەکەوە دەیدەمە دەست خۆت، پەیمانی پیاوەتی بێ هەقم بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێ. خۆت لەسەری دانیشە و قازانجمان بە نیوەیی.

– منیش تکات لێ دەکەم ئیتر لەسەری مەڕۆ. خەتای تۆ نییە شایەنی ئەم قسانەم.

هەڵسایە پێ. سیروانیش لەپاش ئەو هەڵسا . هەردووکیان بەرانبەر یەک ڕاوەستان. تەماشای یەکتریان دەکرد. باڵا بەرزەکەی لەئاست کورتەباڵایی سیرواندا بەرزتر دیاربوو. ویستی بەرلەوەی بۆ دواجار ماڵەکەی جێ بێڵێ پێی بڵێ بە مەبەستێکی پڕ لەقینەوە گاڵتەی پێ کرد:

– باش گوێبگرە سیروان، من لەوە تووڕە نیم تۆ ڕای خۆت گۆڕیوە، ناشمەوێ ئەوەی خۆم دەمەوێ بەسەر تۆیدا بسەپێنم. تۆ خۆت لەسەر دانانی ئەم پرۆژەیە سووربوویت!

پاش تەواوکردنی ئەو قسانە بەپەلە ماڵەکەی بەجێ هێشت. خۆشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ، بۆ ماڵەوە؟ یان بۆ لای یەکێ لە هاوڕێکانی؟ بەڵام هاوڕێکانی باری دەروونی گرانتر دەکەن بۆیە ماوەیەکە سەریان لێ نادات. هەستی دەکرد زۆر بێزار و دڵ تەنگ و ماندووە و، پێویستی بە حەسانەوەیە. بیرەکانی شیتاڵ شیتاڵ ببوون و هەر یەکە بەجۆرێک هەڵوێستەکەی سیروانیان لێک دەدایەوە، لە بڵاوی بیرەکانی بێزاربوو دەیویست لەسەر یەک بۆچوون قایلیان بکات. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا ." بە مەبەستێکی پڕ لەقینەوە یاری پێ کردم، بێ ئەوەی بزانم هۆی ئەو قینە چییە؟ باکی بە نرخی نەبوو داینابوو، هیچ بڕوای پێ نەبوو، نەیدەهێشت توخنی سامانەکەی بکەوێ ئەویش بەناچاری پشتی لە هەموو شتێک کردبوو، لەو بڕوایە نەبوو باوکی وا زوو بمرێ و، ببێتە خاوەند ئەو موڵکانە. ئێستا بەرلەوەی یەک بڕیارێک بدات هەزار و یەک حیساب بۆ قازانج دەکات، گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە



شتێک لە بەرژەوەندی سامانەکە نەبێ تەنانەت بیەوێ و حەزیشی لێ بێ هەر حەزی سامانەکە زاڵ دەبێ و بڕیاری بۆ ئەدا، سامانەکە بۆتە خاوەنی ئەم.

لە هۆی ڕاستەقینەی قین و پیلانەکەی دەگەڕا بەڵام هەستی کەرامەت بریندارکردن و دڵ تەنگی ڕێگای ئەو بیرکردنەوانەی لێ دەگرت.

مناڵێکی بینی بە قەمیسی شاگردییەوە بەردەم چێشتخانەیەکی دەشوشت، دیاربوو لەو چێشتخانەیە شاگردبوو. ئەو کاتەی هاتەوە یاد مناڵ بوو لە چێشتخانەکەی وەستا جەلال لەسەر سێپا دارینەکە دانیشتبوو پیازی پاک دەکرد، زۆر دڵخۆش و شادمان بوو بە چەشنێک لەقاقای پێکەنینی ئەو کەسانە بێ ئاگابوو کە میوان بوون و وەستا جەلال و هەموو شاگردەکانیان هێنابووە هەلەکە سەما . هەڵسا پیازی تر بێنێ نافەکی شەرواڵەکەی لە بزماری سێپا دارینەکە گیربوو دڕاندی، گوێی نەدایە و دانیشتەوە، ئەندێشەی پڕ لەخۆزگە ڕفاندی.. بیری لەو پارەیە دەکردەوە کە لە ئیشکردنی ئەم هاوینەی لای وەستا دەستی دەکەوێ. " جووتێ پێڵاوی گلاسی و پانتۆڵێ قاوەیی خەتداری لێ دەکڕم، کراسێکی جەرسەی خاڵخاڵیش بۆ دایکم دەکڕم دەزانم زۆر حەزی بەو کراسەیە چەند جار گوێم لێ بووە لەگەڵ ژنانی بەردەرگا باسی جوانی ئەو کراسە دەکا .. سێ کیلۆ ماسیشی لێ دەکڕم. باوکم بەڵێنی پێم داوە ئەم ساڵ هیچم لێ نەسەنێ و هەمووی بۆ خۆم بێ، ئەو پار و پێراریش وای دەگوت کەچی لە کۆتایی هاویندا پارەکانی لێم دەسەند.

ئەم بیرکردنەوانە دەستیان لە پیاز وردکردن خاو کردبووەوە، ئەو

قاپە پیازەی کە حەمەی خەلفەیان داوای لێ کردبوو ئامادەی بکات لەبیری چوو، لەپڕ حەمە هاواری کرد:

– کوڕە ئارام ئەوە قاپە پیازەکەت ئامادە نەکردووە؟! نازانم وەستا جەلال ئەم منداڵ و تواڵە چین بە شاگرد دەیانگرێ!

ڕاچڵەکی.. زۆر بەپەلە ئەو نەختە پیازەی کە ئامادەی کردبوو بۆ حەمەی برد. کە گەڕایەوە دڕانی نافەکی شەرواڵەکەی بەبیر هاتەوە، زۆر شەرمی کرد و پێی ناخۆش بوو. دایکی هەموو جار پێی دەگوت:

– ئارام تۆ قەڵەویش نیت نازانم بۆ نە پانتۆڵ، نە شەرواڵ بەرت ناگرن.

– دایە ئەوەندە شۆراون دەزووەکانیان ڕزیون.

– ئاخر کوڕم جلەکانی تۆ لە هی هەموویان زیاتر دەدڕێن و هەڵدەوەشێن. هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ بەدیار جل دوورینەوەی ئێوەوە چووکڵ چاو بدەم.

" دایکم ڕاست دەکا، با چەکوشەکە بێنم ئەم بزمارە نەگریسە داکوتم ". چەکوشی هێنا و کەوتە داکوتانی بزمارەکە: کوت، کوت.. لە ناکاو وەستا جەلال توومەس لە بەیانییەوە لە دڵیا پەنگاوەتەوە و زۆر لێی بەداخە وەکو گرکانێک بە پرپیشکی تووڕەبوونەوە تاوی دایە سەری:

– هەی سەگبابی خوێڕی بێ ئووسوڵ ئەوە ئەم کوتە کوتەت لەجیاتی ئیش و کارەکەتە؟! لە بەیانییەوە دڵم تەقی لە داخت، یەکێ سای مەرگیش لێی دا وەک تۆ نابێ هەی دایک.... نازانی ئەو پیاوە ماقووڵانە میوانمن هەی...

بەدەستە قەڵەو و مێکوتییەکانی بەربووە سەر و گوێلاکی، ئەویش



خۆی کورژ کردبووەوە و بە باسکی دەستی پەنای لە دەموچاوی دەکرد، دەریایەکی تووڕەبوون لە ناخیەوە هەڵچوو، شەپۆلەکانی گەیشتە ئاست گڕکانەکە و بەشێوەیەک لەناو گێژاوی خۆیدا لوولی دا کە ئیتر لەبیری چوو کوڕێکی تەمەن سێنزەساڵە و لە ئاست پیاوێکی چوار شانەی وەک وەستادا هیچی پێ ناکرێ.. چەکوشەکە لە تەنیشتیەوە لەسەر سێپا دارینەکە بوو، پەلاماری داو کلکەکەی دایە بان دەم و لووتیا. هەر کە کلکی چەکوشەکە بەر دەم و لووتی وەستا کەوت دەستی لە لێدان هەڵگرت و بەدەم و لووت خۆیەوە گرت، دەستی هەڵبڕی و بینی بە خوێن سوور ببوو! ئەم دیمەنە ئەوی تۆقاند، بۆ خۆش بەختی حەمەی خەلفە ئەوەندە پێی ئاسایی بوو وەستا لە شاگردی منداڵ بدا نەهاتە ئەمدیو دەستی بگرێ. سەرسوڕمان چاوە زەقەکانی وەستای زەقتر کردەوە و دەمی بەش دەچووەوە.

زانی ئەم جارە هەڵکوتێتە سەری بە زللەیەک و هەشت و دەش وازی لێ ناهێنێ، چرکەیەک پێش ئەوەی تاو بداتە سەری دەرپەڕییە دەرەوە و، بە هەموو هێز و توانایەوە ڕای کرد.. جار جار ئاوڕی دەدایەوە و دەیبینی وەستاش خێراتر بەدوویدا ڕادەکا، دیمەنی لەرینەوەی سمت و ورگە زلەکەی خەڵکیان هێنابووە پێکەنین..

لە مەترسی وەستا ڕزگاری بوو، خۆی لە شوێنێکی هێمندا دۆزییەوە. شانازی بە خۆیەوە کرد و خۆی بەپیاو دەزانی. تۆزقالێک پەشیمانی لەو کردەوەیەی لەگەڵ وەستادا کردی لە دەروونیەوە بەدی نەدەکرد.

بەڵام ئەی باوکی چی پێ دەکات؟ ئەو پرسیارە دڵی گوشی، حەزی دەکرد ئەو ناوە جێ بێڵێ.. بڕوا، هەر بڕوا، بۆ کوێ؟ هیچ کەس

نەزانێ، خۆشی نەزانێ.. هیچ هێزێک لە گەردووندا ڕێ لە ڕۆیشتنەکەی نەگرێ، نە باوکی، نە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان، نە ئەو وەستایانەی کە بە هاوینان دەبێتە شاگرد لەلایان..لە جیهانێک جودا لەم جیهانە ببێتە ئەو شۆڕە سوارەی کە هیچ کەسێک نایبەزێنێ..

– گەلۆری ئیش نەکەر لەگەڵ کەس ئیدارە ناکەیت، ئێستا کلک مەترەقت لێ نەگری کوێت دێشێ ئیمانەکەم.

ئیتر لە پاش ئەو ڕووداوە باوکی عارەبانەی شەربەت فرۆشی بۆ دانا. دایکی ئێواران مێوژی لە ئاو دەکرد، بەرەبەیان لەپاش نوێژی بەیانی نەدەخەوتەوە، ئەویشی لە گەرمەی خەوێکی قووڵدا بە نەقیزە ڕادەپەڕاند، هەردووک پێکەوە مێوژەکەیان بە مەکینە دەهاڕی ئنجا بە شاڵێک تڵپەکەیان دەپالاوت، شەکر و دەرمان شەربەت و لیمۆندوزییان تێ دەکرد. لەگەڵ چێشتەنگاودا عارەبانەکەی بۆ ناو بازاڕ پاڵ دەنا و پڕ بەدەم هاواری دەکرد: یەڵلا شەربەت، سارد و شیرین شەربەت، شەربەتی مێوژ. لە سەرەتادا زۆر شەرمی دەکرد هاوار بکات. وا هەستی دەکرد بۆ سواڵکردن دەپاڕێتەوە.. بەلام چاری نەبوو لەترسی باوکی زۆری لە خۆی دەکرد لە ناوەوەش خۆی دەخواردەوە..

پشکی باران لەسەر ڕوومەت و دەستی کەوتن و بیرەوەرییەکانی پچڕاند. تەماشایەکی ئاسمانی کرد، پەڵە هەورە بۆرەکان لێکیان دابوو بە تەواوی بەردەم خۆریان گرتبوو. بینی خەڵک وردە وردە ژێر بارانەکە جێ دێڵن." وا دیارە نیوەڕۆیە با بگەڕێمەوە، ئێستا چاوەڕوانم دەکەن بێ من نان ناخۆن، خۆم دایکم باش دەناسم. "



## ٢

کە گەیشتە ماڵەوە دەوروبەری نیوەڕ بوو، سفرەی خوانی نیوەڕۆ ئامادە کرابوو دیاربوو چاوەڕوانی ئەویان دەکرد. دەست ودەموچاوی شۆری و لەگەڵ خوشک وبراکانیدا دانیشت. دەیانزانی بێزارە و تاقەتی قسەکردنی نییە بۆیە واخۆیان دەنواند تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن.

– چییە کوڕم نان ناخۆیت؟ خۆ تۆ بەیانیش نانت نەخواردووە.

ڕووی بەرەو دایکی سووڕاند، کەوچکەکەی بەدەستەوە گرت. زۆر بە هێواشی دەستی بۆ شلە و برنجەکە دەبرد. تەنانەت لە ئاست خواردنەکەشدا هەستی بە بێزاری دەکرد.." تەنها لەم ماوە کورتەی ئەم دواییەدا زانیم خواردن چێژی تایبەتی خۆی هەیە تەنها هەر بۆ ورگ پڕکردن نییە."

هەڵسا بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشت. دەرگای پێوەدا، لەبەردەم ئاوێنە چوارگۆشە بچووکەکە ڕاوەستا. لەڕووی خۆی وردبووەوە.. هەستی دەکرد شێوەی ئێستایی لەگەڵ شێوەی چەند مانگێک لەمەپێشی زۆر جیاوازە.. هەر وەک ئەو چەند مانگە چەند ساڵێک بن ئەوها خۆی بە گەورە دەهاتە پێش چاو..دەموچاوی زۆر لە جاران باریکتر دیاربوو. پڕی سمێڵی گەورەیی دەمی شاردبووەوە. لە ئاست ئەو لۆچانەی نێوچەوانی، ئەو گرژی و شپرزەیی و خەمانەی بەڕوویەوە دیاربوون خۆی بەبێ توانا زانی.. دایە قاقای پێکەنینێکی نزم.. بە نزمییەوە

گۆرانییەکی بەزەوقی دەگوت و جار جار شانی بۆ هەڵدەتەکاند!
دووبارە تەماشای رووی خۆی کرد..هەستی بەبێ سوودی پێکەنین و
گۆرانییەکە کرد. بۆ نەک هەر لەتەنیاییدا بەڵکو لەبەرچاوی خەڵکیشدا
هەست بەبێ سوودی ئەم خۆ بەدڵشاد نواندنە دەکات؟ ئەمەی
بەزەماوەندەکەی مانگی رابردووی خاڵۆزاکەیدا بۆ دەرکەوت. لەو
شاییەدا قاتی مەرەزی لەبەر کرد، چاکترین بۆنی لە خۆی دابوو،
پێڵاوی ئیتاڵی لەپێ کردبوو، خۆی زۆر جوان تاس و لووس دابوو..
لەمێژبوو ئەو چەشنە جل و بەرگەی لەبەر نەکردبوو..لەرەشبەڵەکدا
شایی کرد و کچی جوان چوونە دەستییەوە. سینە و بەرۆک و دەستی
گەرمی ئەو کچانە جار جار تەزوویەکی کارەبایی بە لەشیدا دێنا..
بەدبەختیەکەی لەوەدا بوو بەو بەرگە نوێیانەوە و لە شان ئەو کچە
جوانانەو لەبەردەم ئەو هەموو مۆسیقاو گۆرانییەدا وەکو کاتی هێمنی
و خامۆشی شپرزەیی و خەمەکان ئازاریان دەدا.

شانەی لێوار ئاوێنەکەی هەڵگرت وقژە رەش و پرەکەی شانە کرد..
بەرەو ئەوسەری ژوورەکە رۆیشت، لەسەر کورسی بەردەم مێزەکە
دانیشت. هەستی دەکرد هاوار و سۆزە کپکراوەکان وەکو گوللەی
ئاگردار جەرگی دەسمن.. داوای دەرپەرین دەکەن.. بەرەو ئاسمان
بەرزبنەوە، ئەوەندە بەرزبنەوە لە هەموو جیهانەوە ببینرێن..

دەستی بۆ ئەو رۆمانە درێژ کرد کە لەسەر مێزەکە دانابوو،
لاپەرەیەکی لێ خوێندەوە.. بەڵام بیرکردنەوە لە ژیانە ئاڵۆزەکەی..
شپرزەیی بێزاری و باری ناهەمواری دەروونی لە جیهانی رۆمانەکە
بەهێزتر بوون. رۆمانەکەی داخست، چاوێکی بەدەوروبەری ژوورە
تەسکەکەدا گێرا، دیواری رووت و بۆر و ماڵەماڵەو شێدارەکان، ئەو



کتێبخانە بچووکەی کە لەو سەری ژوورە کەوە بەرانبەر قەرەوێڵە
کۆنەکە دانرابوو، ئاوێنە بچووکەکەی نزیک دەرگاکە دڵیان تەنگترکرد.
تەنها ئەو تابلۆیەی بەرانبەر پەنجەرەکە کەمێک سەرنجی راکێشا..
وەک زۆر جاری تر کەمێک لەو تابلۆیە ورد بووەوە. بیری لەو خۆرە
دەکردەوە لە سەرەوەی تابلۆکەوە بەرەو ئاوابوون شۆڕببووەوە و تیشکە
لاوازە ئەرخەوانییەکانی تێکەڵ بە شینی تۆخی ئاسمانەکە ببوو..
رووناکییەکی لێڵیان دروست کردبوو. کورێک و کچێک تەمەنیان
دەوری هەژدە ساڵ دەبوو لەناو رووناکییە لێڵەکەدا دەبینران، دەستیان
لەناو دەستی یەک بوو لە لێوار شارێکی وێران راوەستابوون.. لە
تەنیشتیانەوە دارستان و لووتکەی چیا بەفرینەکان دیاربوون.. بالای
هەردووکیان زۆر لە بالای دار چنارەکانی ناو دارستانەکەو لووتکەی
چیا بەفرینەکان بەرزتر بوو.. جل و بەرگەکانیان تۆزاوی بوو ماندوویی
بە رووییانەوە دیار بوو.. بە تێرامانێکی قووڵەوە هەستیان لە ناخی
خۆیان راگرتبوو..سەرنجەکانیان تروسکەدار و تیژبوو..

"نازانم بۆچی لە کاتی بێ ئارامیدا وردبوونەوە لەو تابلۆیە بێزارم
ناکات؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ یادگاری خۆشەویستترین و بەرێزترین
کەسە لەژیانی مندا.. هەر کە لێی ورد ئەبمەوە خەندەو سەرنج
وشەکانی ئەو کاتەی خاڵەم دێتەوە یاد کە تابلۆکەی پێشکەش کردم..

– ئەم تابلۆیەم زۆر لا خۆشەویستە بۆیە پێشکەشی تۆی دەکەم.

– خاڵە لەو کاتەوەی هاتوومە هەست بە شتێکی سەیر دەکەم. ئەو
تابلۆیەی ژوورەکەتی رازاندۆتەوە، ئەی کتێبەکانت کا؟ هەموو شتێک
لەبەرچاوم گۆڕاوە.

– چاودێری دەکرێم لەوانەشە ماڵەکەم بپشکنن. بەنیازم دەرچم.

" کە ئەو وای گوت من هەستم بە بێ توانایی کرد، هەستم بەپشت شکان دەکرد.. داوای لێ کردم چیتر هاتوچۆی ئەوێ نەکەم.

ئاخ خاڵە گیان.. ئەگەر ئێستا لەم ساتە نائومێدییانەدا بمبینیت چیم پێ دەڵێیت؟ یان ئەگەر بمایتایە وەک منت بەسەر دەهات؟ باوەڕ ناکەم. تۆ بەتوانایەکی بێ وێنەوە ئاراستەت دەکرم، منت بە هاوڕێ و کوڕ و خوشکەزا دادەنا.. هەر تۆ وات لێ کردم زۆرداری و دڵ ڕەقی باوکم قبووڵ بکەم و لێی هەڵنەگەڕێمەوە..

دەبێ وەک خاڵۆژنم و خزمان دەڵێن مابێ؟ خۆ کەسیان لە نەمانی دڵنیا نەبوونە.. باوەڕ بەو ئاگادارییە ناکەن کە ساڵێک پاش گرتنی لە دایەرەی ئاسایشەوە بۆ ئامۆژنم نێردرا و تیایدا ڕاگەیەندرابوو: نێژراوە و نابێ پرسەشی بۆدابنێن."

هەڵسا و لەسەر قەرەوێڵەکەی درێژ بوو. ئەو شەوەی هاتە پێش چاو کە خاڵۆژنی لە دەرگای حەوشەوە هاتە ژوورێ و وەک شێت سەری ڕادەوەشاند و بەخۆیدا دەکێشا. داوای لێ دەکردن پێی بڵێن شتی وا نەکراوە و نابێ..

کە ئاگادارییەکەی پێ نیشان دا دەستبەجێ زانی خاڵەی نەماوە.. لە پێش خاڵۆژن و دایکی نەگریا.. کەچوە ناو ژوورەکەشی دەریای گریان مانی گرت و بووبوو بەڕقێکی ڕەق..

بیرەوەری ئەو ڕۆژە ئەوەندەی تر هەستەکانی دەبزواند.. ڕاکشا و ڕوومەتی کردە سەر سەرینەکە. جیهان لە پێش چاوی تاریک و تەنگ بوو، جێی ئەوی تێدا نەمابوو.. کوا لەم جیهانە جێگای دەبێتەوە؟ فرمێسکەکان هێرشیان هێنا، بەجۆش هاتنە خوار.. فرمێسکەکانی وەک ئاوونگی سەر گەڵای بێ ناز دەچۆڕانەوە. دەستی کردە سەر دڵی



هەروەک بیەوێ زامەکان ڕاگوشێ و خوێنیان تێدا نەهێڵێ، وشک و برێنیان بکات، کەچی ئازارەکان زیاتر بوون، ئەو ڕاگوشینە وەک هەستانێک نووکی ئازارەکانی تیژتر کرد و زۆرتر لە ناخی دەچەقین، زامەکان دەیان بریسکاند، ناڵەیەکی کەمێک بەرزی لێ بڵند بوو.. پاش تاوێک فرمێسکەکانی سڕییەوە، هەڵسا و لەبەردەم پەنجەرەکە ڕاوەستا، هەندێ ژنی بینی لە پێش دەرگا دانیشتبوون، کۆمەڵێ منداڵیش گولێن و هەلووکێنیان دەکرد. سەرنجەکانی لە دەرگا خۆڵەمێشییەکەی بەرانبەر پەنجەرەکە چەقاند. بیری لە خۆیی و خەڵکی گەڕەکەکەیان دەکردەوە." جاران خۆم بە بەشێکی نەپچڕاو لەم گەڕەک و خەڵکە دەزانی بەبیرکردنەوە لە ڕێبازی ژیانیان و چۆنێتی تێڕوانینیان لەئاست ئەم ژیانەدا شادمان بووم.. گەرچی لەگەڵیاندا لە کێشەدا بووم، هەر وەک چۆن مرۆڤ بەشێکە لە گەردوون بەڵام هەر بەوەندە ڕازی نییە و لەگەڵیا ناکۆکە، دەیەوێ نهێنییەکانی بدۆزێتەوە.."

ئەو دەرگا خۆڵەمێشییەی کە سەرنجەکانی لێی بڕیبوو کرایەوە، کوڕیکی باڵا بەرزی لاواز لە دەرگاکەوە هاتە دەرێ، تێبینی ئەوەی کرد چاوە بچووک و ڕەشەکانی و دەم وچاوە گەنم ڕەنگ و باریکەکەی گرژی و تووڕەییان پێوە دیاربوو.." تۆ بڵێی هەم دیسان بەزمەکەی جاران بێ؟ "

خێرا لە ماڵ دەرچووە دەرێ. کە گەیشتە شان کوڕە گەنجەکە پرسی:

– خێرە سەربەست، بۆچی وا بە پەلە و تووڕەیی لە ماڵ دەرچوویت؟

– هیچ نییە تۆ سەری خۆت بەم شتانەوە مەیێشێنە.

– پێم بڵێ بۆ کوێ دەچی؟

– بۆ نادی. لە ئێستاوە پێت دەڵێم هەوڵدانت بۆ گلدانەوەم بێ سوودە.

زانی دڵی پڕە هەر شتێکی پێ بڵێ بێ سوودە. لە خۆی پرسی: " بۆ ئەوها بەتووڕەیی لەگەڵما دەدوێ؟ لەوانەیە لەسەر ئەوەبێ ماوەیەکە ناچمە ماڵیان کە بۆ ماڵیشمان دێ پێی دەڵێن لە ماڵ نییە. "

– منیش لەگەڵتا دێم. پێش بینینی تۆ نیازی ئەوێم هەبوو.

کە سەربەست گوێی لەمە بوو کەمێک سەری سوڕما، ویستی لێی پرسێ چۆن دێ؟ ئەو هەوڵی بێ وچانی دەدا ئەم لە خواردنەوە دوور بخاتەوە کەچی ئێستا خۆی لەگەڵیا بۆ نادی دێ! بەڵام لەو کاتەدا گەیشتبوونە سەر شەقامە گشتییەکە و تەکسییەکی بەتاڵ بەرانبەریان دەهات، هەردووکیان سوار تەکسییەکە بوون. ئارام تەماشایەکی سەربەستی کرد، سەرسامییەکەی کەمێک لەوە پێشی بەڕوویەوە بینی، دەیەها پرسیار و گلەیی و سکالا لە سەرنجەکانیەوە خۆیان دەنواند. سەری داگرت." دەزانم ئێستا دەڵێ ئارام سەیرە. لەلایەکەوە هەوڵی دەدا خواردنەوەم پێ کەم بکاتەوە لەلایەکی تریشەوە خۆی لەگەڵما دێ بخواتەوە. منیش درۆت لەگەڵ دەکەم و دەڵێم لەبەر تۆ هاتم، نەدەبوو لەکاتێکی ئەوهادا بەتەنها جێت بێڵم.

خۆی هەر وایە، ئەگەر ئەو نەبووایە لە ژوورەکەم دەرنەدەچووم. کورە کەی وایە؟! ئێستا من لەو زیاتر حەزم بەخواردنەوەیە. خۆ من هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانم دا خواردوومەتەوە، بەڵام ئەوسا نەمدەهێشت بگەمە ئەو ئاستەی لە ژیان بێ ئاگابم.. ئێستا دەمەوێ وەک سەربەست ئەوەندە بخۆمەوە تا بەتەواوی لە ژیان بێ ئاگا دەبم..



بەڵام خۆ سەربەست گرفتەکانی ڕوو لە نەمان دەچوون، خواردنەوەی کەم کردبووەوە، وازی لە قومار هێنابوو، بەگوێرەی مانگانەکەی پارەی خەرج دەکرد و قەرزی نەدەکرد. زۆر ماندوو بووم تا توانیم لەم شتانە دوور بکەوێتەوە. هەر لەڕق باوکی وای دەکرد. ئەمانە هەموو ژیانی ئەویان بەرەو هێمنی دەبرد، دیسان چی بووە؟

تەکسییەکە لەبەردەم مەیخانەیەک ڕایگرت، هەردووکیان بەرانبەر یەکتر لە مەیخانەکە دانیشتن، سەربەست دوو جگەرەی دەرکرد و پاش هەڵکردنی جگەرەکان گوتی:

– ئەرێ بۆ لەناو تەکسییەکە قسەیەکت نەکرد؟ خەریک بوو دڵم بتەقێ. ئەهاتم قسەت لەگەڵ بکەم کەچی تۆ هەر وەک لەم جیهانە نەبیت وابووی.

– کۆمەڵێ هۆ.. تکایە داوای ڕوونکردنەوە و باسکردنی هۆیەکان مەکە.

– کەس نییە بەدەست کۆڵێکی گرانەوە نەناڵێنێ.

ئەرەق و بیرەیان هێنا و لەبەردەمیان دایاننا، دەستیان بەخواردنەوە کرد. سەربەست دەستی بە سەریەوە گرت. دەموچاوی ڕەش داگیرسابوو، چاوەکانی ماندوویی و تووڕەییان پێوە دیاربوو.. دەیزانی ئارام هەموو شتێک دەزانێ.. دەزانێ باوکی بە خۆشی بێ یان ترشی چی خۆی بیەوێ هەر ئەوەیە. بەڵام هەستی دەکرد بە وتنەوەیان کەمێک باری دەروونی سووک دەبێ.. چێژی لە گلەیی و سکالاکردنەکان وەردەگرت.. "ئەگەر بەچاوی براکەم سەیری منیشی بکردایە، ئەگەر یەک تۆز خۆشی بویستمایە، یان ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستم بکردایە باوکمە بۆ وام بەسەر دەهات؟ من حەزم بەئیش کردن

نییە خۆ بەزۆر نییە.؟ "

نەیدەزانی بیر لە چی بکاتەوە.. چی بکات؟ بۆ باوک و برا پشتیان لێ کرد؟ چۆن دەست پێ بکات و ئەو داهاتووەی کە خەونی پێوە دەبینێ بیهێنێتە دی، بۆ کوێ بچێ؟ ئەی دایکی و خەلات ی خوشکی؟ ئەو پرسیارانە تەوژمیان دەکردە سەر بیرکردنەوەی لەپڕ بە ئارامی گوت:

– پێویستە کە گەڕایتەوە بەدایکم بلێی دڵی پێمەوە نەبێ. ئیتر خۆت ئەزانیت لەم جۆرە هەڵوێستانەدا چی دەڵێیت، من چیتر بۆ ماڵەوە ناگەڕێمەوە. لە ماڵی یەکێ لە هاورێکانم دەبم.

– نازانم چی بلێم؟! هەمووی خەتای خۆتە. بە نەگەڕانەوەت بۆ ماڵەوە سەرگەردان دەبیت، دایکت و خوشکەکەشت هیچ پاڵپشتێکیان نامێنێ.

سەربەست لەسەر یەک گلاسی لە ئەرەقەکە پڕ دەکرد و دەیخواردەوە و، سکالای لە دەست باوکی دەکرد. بەلام ئارام لەپاش گلاسەکەی سەرەتا تەنها دوو گلاسی تر بیرەی خواردەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆژبوو نەیدەویست کە گەڕایەوە هەست بکەن خواردوویەتیەوە.

زیاتر درێژەی بە قسەکانی دا و مەست بوو. ئارام پێی گوت:

– هەڵسە با بڕۆین.

بە تێکەڵی و بێزارییەوە گوتی:

– تکایە لێم گەڕێ. با بە تەنها.. ئێرە زۆر خۆشە.. لێرە خۆشتر کوێیە ها؟ وەنییە؟

زۆری هەوڵ لەگەڵ دا سوودی نەبوو. هەڵسا و خواحافیزی لێ کرد،



لە بەردەم مەیخانەکە تەکسییەکی ڕاگرت، سوار بوو. گەیاندییە بەردەم ماڵی خۆیان. ویستی بچێتە ژوورەوە بەلام بە تین هەستی بەوە دەکرد خەلات شپرزەیە، دڵتەنگ و پەشێوە، بە تەنهایە و چاوەڕوانە.. بەرەو ماڵی ئەوان ڕۆیشت، لە بەردەم دەرگا خۆڵەمێشییەکە ڕاوەستا، بیری لەوە دەکردەوە ماوەیەکە قسەی لەگەڵ نەکردووە.. چۆن تاسەی دووری هەفتەیەک و سەرنجە پڕ لە خۆشەویستییەکانی لە ئاستیا بشارێتەوە؟

لە دەرگای دا، دەرگا کرایەوە، ئەو کەسەی چاوەڕوانی دەکرد لە بەردەمی ڕاوەستا، بەبێ ویستی خۆی سەرنجی لە چاوەکانی دا..

ئەویش تەزوویەک بە لەشیدا هات.. لێدانەکانی دڵی خێراتر بوون.. لە خۆی دەپرسی: بۆ کە پێشبینی بینینی نەکەم و لەپڕ بیبینم ئەوها دەشێوێم؟ سەرنجەکانیان لە یەکتر ئالان، وەکو لاولاوە و هێرۆ بەرەو خەونەکان بەرز دەبوونەوە..

ئارام سەری داگرت، خەلاتیش بە هێواشی گوتی:

– فەرموو ژوورەوە.

لە ژووری دانیشتن پرسی:

– ئەی دایکت لە ماڵ نییە؟

– با بەلام سەرەڕای شەکر و هەناسە تەنگییەکەی دوو ڕۆژە بریسکە لە پشتی وەستاوە ناتوانێ هەڵسێ..

– مادام ناتوانێ لەجیاتی من پێی بلێ سەربەست لە ماڵی یەکێ لە هاورێکانیەتی، داوای لێ کردم پێتان بلێم پێویست بە شپرزەیی ناکات، خۆی بەئاسانی دەتوانێ ئیش بکات و خۆی بژێنێ، بەدوویدا مەگەڕێن.

خەڵات وا خۆی دەنواند گوێی لە قسەکانی ڕاگرتوە بەڵام بە سەرنجەکانی ڕۆژگاری تاڵی داهاتووی خۆی بەدەست باوکییەوە دەردەبڕی و ئێرەیی بە ڕزگاربوونی سەربەست دەبرد.. داوای هەنگاو نانی لە ئارام دەکرد.. هاواری ڕزگاربوونی دەکرد.. گەرچی بڕوای بەوە نەبوو شووکردن ڕزگاربوونی یەکجارییە.. بە ناچاری شووکردنی بە تاکە ڕێگای ڕزگاربوون لە ژیانە دۆزەخەکەی هەڵدەبژارد.. ئەوەش زیاتر ئازاری دەدا." خوایە گیان سەرم تەقی و.. بۆ لە بەختە ڕەشەکەی من ئەو هەموو نەخۆشییانە لە وێزەی دایکم ئاڵاون؟ ئەگەر ئەوەندە لە خۆی بە شک نەبێ، نەخۆشییەکی سووک گەورە نەکاتەوە و خۆی نەهێنێتە یاسین خوێندن چۆن کۆڵم نەدا تا باوکم ڕازی کرد خوێندن تەواو بکەم ئەوهاش دەمتوانی هەوڵ بدەم ڕێم بدات ئیش بکەم.. خەریکە لەناو ئەم چوار دیوارەدا دڵم شەق دەبات.. نازانم چی بکەم؟ "

ئارام لەئاست ئەو سەرنجانەو بێدەنگی و خامۆشییەکەیدا دامابوو. لە ڕەنگ زەردی و خەم زیاتر هیچی بەسەر دەم وچاوە خڕ و سپییەکەیەوە نەدەبینی. ژاکاوی قژە درێژو خاوەکەی، هەڵبزرکاوی لێوە تەنک و ئاڵەکەی، نیگای خەماوی چاوە ڕەش و نەرمەکانی.. ئەوەندەی تر غەمباریان دەکرد.

– بۆ وا شێواویت؟ حەز ناکەم وا بتبینم.

– هیچ نییە، هەر لەبەر ناکۆکی باوکم و سەربەستی برامە.

ئەم وەڵامە ئەوەندەی تر سۆزەکانی دەبزواند. دەیزانی ژیانی دۆزەخە، ساتێکی لا بەساڵێکە، هەمیشە باوکی و برا گەورەکەی لە دژی ویست و ئارەزووەکانی دەوەستن.. کەچی ئازارەکانی دەرنابڕێ،



لەبەردەمیدا دەست بەگریان و فرمێسک باراندن ناکات، تاکو خەمە گرانەکانی گرانتر نەبن." با هەر باسی نەکات. هەردووکمان زۆر چاک شارەزای ئازارەکانی یەکترین. هەردووکیشمان دەزانین چارەسەرەکان چین، جاران دەمگوت با بۆیان بگەڕێین، با کە بەیەکەوە دەبین باسی شتە خۆشەکانی ژیانمان بکەین؟ ئەو شتە خۆشانە لەگەڵ شتە ناخۆشەکاندا لەکێشەدان، با بەهیوای سەرکەوتنیان بین.. ئێستا ئەمانە لای من سوودیان نەماوە. دەزانم دوورکەوتنەوەی سەربەست ئەوەندەی تر ژیانی ناخۆشتر دەکەن.. بەڵام من هیچم پێ ناکرێ.

– ئەوە بڕیاری کۆتایی سەربەستە؟

– وای دەگوت.

بینی ئارام خەریکە هەڵسێ، حەزی دەکرد درێژە بە مانەوەی بدات، گوێی لێ بگرێ، تاسەو گەرم و گوڕیەکەی جاران لە ئاست یەکدا هەست پێ بکەن.. بیری لە کزی و ساردو سووڕیەکەی دەکردەوە، دەیزانی هەست بە بەزینێکی گەورە دەکات، تواناو هەوڵدانەکانی سست و ئیفلیج بوونە، نائومێدی دەروونی ئابڵووقە داوە.. زۆر هەوڵی دا یارمەتی بدات، دڵی داتەوە، خۆسەویستییەکەیان بکاتە ئامڕازێک بۆ زیندووکردنەوەی ڕووحە تاساوەکەی.. بە ئەنجامێکی چاک نەگەیشت.

– دەمەوێ کاتێک دەستنیشان بکەین بتبینم، بڕیارێکی گرنگم داوە پێویستە پێت بڵێم. لە کوێ و کەی بتبینم؟

– بڕیار دەربارەی چی؟

– ئێستا لێم مەپرسە.

– سبەینێ سەعات چوار لە شوێنە ئاساییەکەی خۆمان.

هەردووکیان هەڵسانە پێ، بێئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە خواحافیزی لێ کرد..

کە جێی هێشت هەستی بە تەنهاییەکی بێ سنوور دەکرد، بە هەناسە ساردی ڕەق ڕاوەستا، سەرتاپای لەشی پێویستی بە ئارام بوو، حەزی دەکرد جێی نەهێشتایە، دەستی بکردایەتە نێو دەستی و بەتین ڕایگوشیایە، سەری بکردایەتە سەر سینگی و لە دونیا بێ ئاگا بووایە، ڕووحی سیسی ئەو و ڕووحی تەریوی ئەم وەک دوو کۆتری کێوی لەشەقەی باڵیان بدایە و بەرەو هێلانەی سەر داری ناو دارستانێکی یەکجار دوور بفڕینایە.." ئاواتی بە ئارام گەیشتن نەبێ ژیان لەناو ئەم خێزانەدا کەی مانای هەیە، تاکە ڕێگای ڕزگاربوونمە، مەڵبەندی ئامانجەکانمە.. ئاخ ئارام! گڕی ئەم بێ ئارامییە چییە لە جەستەمت بەرداوە.. لەو دیو خەندە تاڵەکانتەوە بارە قورسەکەی دەروونت بەدی دەکەم، تواناکانی من بۆ لادانی ئەو کۆڵە قورسە وەکو خونچەیەکی لە لق پچڕاویان لێ دێ."

لەسەر کورسییەکەی پشتەوە دانیشت، چاوەکانی نانە سەر یەک. دەیزانی دیسان خەمی خۆشەویستییەکەیان فرمێسکی نوێی پێ دەڕێژێ.. خۆشەویستییەک لە ناو بەندیخانەیەوە پێدەچی حوکمی بەندکردنی تاهەتایی بەسەردا بدرێ وەک تارماییەکەی سەربەستی.. ئەو تارماییەی بۆتە مۆتەکەی ژیانی.. دەبێ کەی ئەو تارماییە ببێتە ڕاستی؟ دەبێ کە بوو بە ڕاستی وەکو زۆر کەسی تر چێژی لێ وەرنەگرێ و بەهای نەبێ؟ نا شت کە زۆر بۆی ماندوو بیت باش نرخەکەی دەزانی." سەربەستی بەقەدەر قووڵی و مەزنی خۆت لەنێو دەروونی مندا قووڵ و مەزنیت. باوەڕ ناکەم کەس لەمن زیاتر خۆشی



بوێیت، یان بیرت لێ بکاتەوە، ئەی دەزگیرانی هەمو تەمەنم، بۆ لە ژوانی ئەم دەروونە ناخۆشەی من بێزار نابیت؟! ئەی من بۆ لە تۆ بێزار نابم و لەبیرت بکەم، لەهەموو سات و کاتێکدا بە چرپەوە ڕازەکانی خۆمت پێ دەڵێم. کەچی تۆ هەمیشە بێدەنگی، بەسەرنجە پڕ لە ماناو پەنهانەکانت تەماشام دەکەیت، بەزەییت بە منی ڕووح شەیدای خۆت و جەستە بەستراوەدا دێتەوە.. "

ئەندێشەکانی فڕین و لەنێو دڵیا کۆشکێکی زۆر جوانیان بۆ سەربەستی دروست کرد، دەستی کردە نێو دەستە گەرم و گوڕەکانی سەربەستییە نیوە ڕاستی و نیوە تارماییەکە، بەرەو ناو کۆشکە خۆشەکە ڕۆیشتن، چاوەکانی لە چاوە پڕ لە هێز و تواناکانی بڕی، لێوی لە لێوەکانی سواند.. ئیتر بەهەموو ئەو توانایانەی کە ئەو و ئارام پێیان بەخشیبوو هەناسەکانی هەڵمژی.. بۆنی هەناسەکانی زۆر بەلاوە خۆش بوو، تەزووی بە هەموو لەشیدا هێنا، خۆی پێ ڕانەگیرا تەکانی دا و بەتوندی جەستەی بە جەستەیەوە نووساند.. بەتەواوی تێکەڵ بەیەکتر بوون.. لە خۆشیدا بەجارێ ئاگای لەخۆی نەما.

" بەڵام هەزار جار داخ..! دزە ڕەشپۆشەکانی شەو گەیشتنە سەرمان، تارماییەکە ون بوو، منیشیان ڕفاند.. لێک دابڕاین، چۆن یەکتر بدۆزینەوە؟ کەی یەکتر بدۆزینەوە؟ خۆ لێدان و جەور و ستەمی ڕەشپۆشەکان ناهێڵن تەنانەت لێشی بگەڕێم.. ئەوان هەموو گوناه و تاوانەکانی خۆیان دەدەنە پشت گوێ و من بەو مناڵە تاوانبار و سزابار دەکەن کە تۆی هەردووکمانە و لەناو زگما بەرز بۆتەوە، دەجووڵێتەوە، هەستی پێ دەکەم.. هێشتا نەمبینیوە ئەوەندە خۆشم دەوێ ئەی ئەگەر ببێ و بیبینم و، پەروەردەی بکەم و...

بۆ قەڵەم باز لێدەدەم؟ بۆ وا خەیاڵ پڵاو گێژم دەکا؟ خۆ دزەکان ناوی ئەو منداڵەیان ناوە زۆڵ و لەسەر ئەو زۆڵە سزایەکی زۆر توندم دەدەن، لەبارمی دەبەن، لەژێر ئازاردانداا بە هەموو توانامەوە هاوار دەکەم:

نا، نا.. تخوا نا بۆ هەموو سزا و کۆڵ کێشانێک ئامادەم تەنها لەبارچوون نەبێ، بەس با ببێ ئیتر چیم لێ دەکەن بیکەن ئەی هاوار داد و بێداد.. ئاخ سەرم.. وەی سگم، پشتم شکا.. وەی..

ئەی تاوانبارینە.. ئەوەتا لەبارم چوو! ئەها خوێن بەسەر ڕانەکانمدا هاتە خوارێ.. پشکە خوێنەکان وەک ئاوی بۆڕی دادەچۆڕێنە سەر زەوی، ئەوەش پارچە گۆشتێکە! منداڵەکەیە لە کاتی لێداندا تێکسمراوە وەک پارچە گۆشتی لێ هاتووە! ئەوە چاویەتی، ئەوە لووتیەتی، ئەوە دەمیەتی، خوێنەکە ناتوانێ ئەندامەکانی بشارێتەوە و لەگەڵ چۆڕاوگەی خۆیدا بەرەو ناو زێراب و سیانە پیسەکانی بەرێ. ئەو گیانە پاکە هەڵدەگرم و دەینێژم تاکو ئەو تۆیە نەمامێک لێوەی سەر دەربکا..

سەیرە دەڵێن لەباربردن قەدەغەیە ئەگەر لەژێر چاودێری دوکتۆردا نەبێ چونکە مرۆڤ دووچاری مردن دەکا. ئەی بۆ کەسێک قەدەغەی ئەم لەباربردنە ناکات؟! تۆ بڵێی تارماییەکە جنۆکە بووبێ و هەروەک ئەوان دەڵێن دەستی لێم وەشاندبێ و شێتی کردبم، گێژ و شەیدا و وڕی کردبم، وای لێ کردبم مل بە کێوەکانەوە بنێم و لەناو ئەم بیابانە چۆڵەدا ئەم هات و هاوار و گریان و پێکەنین و گۆرانییە بێ کۆتاییانە بۆ بەرد و شاخەکان بڵێم...؟!

بەڵام کلافەی ئەو ژانە جەرگبڕ و تیژانەی کە وەک دەستە چیلکەی



ئاگر لەناو ڕووحمەوە دەسووتێن گەورەترین بەڵگەی لەناوچوونی منداڵەکەمە. وشکە ژانە تینووەکان وەکو گلۆڵەیەک لەسەر دڵم کۆبوونەوە.. پێچ دەخوا..

ناڵەی دایکی لەناو ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوانە بە ئاگای هێنایەوە، بانگی کرد چوو بۆ لای و بە هێواشی دانیشت.

– ئەوە ئارام بوو دەنگی دەهات؟ نەیگوت سەربەست لە کوێیە؟

– ئا ئەو بوو. گوتی لە ماڵی یەکێ لە هاوڕێکانیەتی، نیازی گەڕانەوەی نییە.

لەگەڵ بیستنی ئەو وەڵامەدا خۆی پێ ڕانەگیرا و دەستی بەگریان کرد، دوعاو نزای لە خۆی دەکرد و لە خودا دەپاڕایەوە گیانی بسەنێ و چیتر ناتەبایی ماڵەکەی و، نەخۆشی و شیڕەو هاواری مێردەکەی ئازاری نەدەن.

– دایە گیان پێویست بەم گریانە ناکات بۆ وادەکەی؟ خۆ سەربەست هیچی بەسەر نەهاتووە.

– کچم هەر بۆ سەربەست ناگریم بۆ بەخت ڕەشی خۆشم دەگریم بەدەست باوکتەوە. خوابکەم تۆ بەختێ باشت هەبێ ئەی ناڵێن بەختی دایک جیازی کچە.

ئەو وشانە خەڵاتیان بەرەو ناوەرۆکی ئەو بڕیارە برد کە سبەینێ پاش نیوەڕۆ لەگەڵ ئارامدا باسی دەکات، لەو کاتەوەی خۆشی ویستووە بڕوای بەوە نەماوە بەختی وەکو دایکی بێ." چەند خۆشە سبەینێ کە لەگەڵیا باسم کرد ڕازی بێ، لەوەش خۆشتر ئەوەیە ئەگەر داوام بکات باوکم ڕێگرمان نەبێ. دڵنیام ئەگەر وابێ باشترین بەختم دەبێ، هەر دەبێ واش بێ خۆ پرچی سپیش بهۆنمەوە لەو زیاتر شوو

بە کەسی تر ناکەم. چوار ساڵە ئەم پەیمانەم بەخۆم و ئەو داوە.

لە بری دۆزەخ ژیانمان چ بەهەشتێکی خۆش دەبێ..

– دەزانی ئەم کراسەت زۆر جوان لێ دێ، بەهەموو کراسێکەوە هەر جوانیت. وەک چرا چاو و ڕووحی من ڕووناک دەکەیتەوە..

ئەو چرایەی تۆ باسی دەکەیت بەبێ تۆ بێ نەوتە، ناسووتێ و ژیان ڕووناک ناکاتەوە، گەردەلوول و تاریکی بەسەریدا زاڵ دەبن و بزری دەکەن. ئای دایە، نازانم چۆن توانیوتە ئەم ژیانە سەختە بژێیت؟! بێ خۆشەویستی و ئامانج و... لەپێناو ئێمەدا هەموو شتێک لە باوکم قبووڵ دەکەیت. نامەوێ ژیانم وابێ، خوایە من بۆ وام! باشە بۆ بێزاری و چاو شکاندن نامکەنە نێچیری شەو و ڕۆژی خۆیان ئیتر بێ ژانە سەر بژێم، ئیتر چەندەها شێوازی قسەکردن بەکار نەهێنم تاکو باوکم ڕازی بێ ئیش بکەم، ئیتر تۆپەڵە تف بەڕوومدا نەکرێ و ئاقڵ و سەلار و سەنگین و گوێڕایەڵ بم...

– کچم پیاو زۆر سپڵەیە، نەکەی پشتیان پێ ببەستیت هەرچێکیان بۆ بکەیت بە خەسار دەچێ.

دایکی کە دڵی ناخۆش بێ وزۆر هەست بە بێزاری بکات، شریتی ژیانی ڕۆژگارە تاڵ و پڕ مەینەتەکانی بیر بێنێتەوە پەنا دەباتە بەر ئەو و باسی سپڵەیی پیاوی بۆ دەکات و مێردەکەی بە سەرچاوە و هۆی هەموو ئازارەکانی دەزانێ.

ئەو قسانە ئەو کاتەی بە بیر خەڵات هێنایەوە کە تەمەنی دە ساڵ بوو، لەو دووکانەی نزیک ماڵیان چوە ژوورێ تاکو تەوقە و قردێلە بکڕێ کراسێکی کچانەی زۆر جوان سەرنجی ڕاکێشا، هەڵیگرت تاکو سەیری بکات کابرای خاوەند موغازە لێی نزیک بووەوە، وا خۆی



دەنواند کراسەکەی پێ دەگرێ بە چاوە زەقەکانی بێ ترووکان تەماشای دەکرد.. دەستی لەسەر سینگییەوە بەرەو خوار خشاند.. دڵە بچکۆلانەکەی بە توندی کەوتە لێدان.. ترس هەموو جەستەی هێنایە لەرزین.. وەک سوێسکە لە بن دەستییەوە دەرپەڕی و شێت ئاسا بەسەر شەقامەکەدا ڕای دەکرد تا گەیشتە ماڵ.

نەیوێرا بۆ دایکی بیگێڕێتەوە. ئەو ڕووداوە و زۆرداری و دەسەڵاتی باوکی، دوعا و نزای دایکی، ئەوانە وایان لێی کرد تا تەمەنی پانزە ساڵان لە پیاوان بترسێ، ڕقی لێیان بێ و بڕوای پێیان نەبێ..

دەنگێکی بەرز بە تووڕەیی لە ژووری دانیشتنەوە بانگی کرد، بەرەو دەنگەکە ڕۆیشت و گوتی:

– بەڵێ باوە چیت دەوێ؟

– برسیمە خواردنم بۆ حازر بکە پێش نوێژ نان دەخۆم. ئەی دایکت هەر لە ژوورەوە خۆی مەڵاس داوە؟ ئەو ماڵۆسە عەلەمی نییە سپ و ساغە مەکر دەکا.

– تووخوا باوە دایکم گوناحە زۆر دڵ تەنگە.

– دڵی تەنگە! بەخوا جوانە. چی لێ بکەم دڵی تەنگ نەبێ حەلوا حەلوای پێ بکەم؟ بۆ لە چیتان کەمە دڵتان تەنگە؟

حەزی دەکرد وەک سەربەست وەڵامی داتەوە بەڵام نەیوێرا و لەدڵ خۆیەوە گوتی:" هیچ، لە هیچمان کەم نییە. دایکم وەک تۆ دەڵێی لەو ژوورەدا پاڵ کەوتووە و هەموو شتێک وەک دابەستە دەکرێتە بەردەستی، منیش جل و بەرگم زۆر.. ئەرکی من تەنها دروست کردنی ئەو نەختە خواردنەیە کە ئامادەی دەکەم لەگەڵ هەندێ وردە ئیشی ماڵەوەدا شەو و ڕۆژ لە حەسانەوە و پاڵدانەوەداین.

به سەرنجێکی شاراوەی پڕ لە ڕوو تووڕەیی و، خەندەیەکی پڕ لە گاڵتە جاڕییەوە وەڵامی دایەوە:

– خۆت باش دەزانیت بۆ دڵمان تەنگە.

باوکی دەیزانی مەبەستی لەو قسانەیدا ئەوەیە ڕێگەی نەدراوە لە ئیش دامەزرێ." ئەگەر سەربەست ئەوەندە پشتگیری لێ نەکردایە ئەوها زمانی درێژ نەدەبوو. گشتی خەتای ئەو ئارامە خوێڕییەیە."

– وەڵا بابە باش! کاکە سەربەستم لێ بوو بە دووان.. گوێ بگرە قسەیەکە کردوومە و گەڕانەوەی نییە هەتا لەم ماڵەی مندا بیت و دایکت ئەوها نەخۆشبێ ئیش کردن نییە، ئەم کرمە لە مێشکی خۆت دەربکە. باشە پێم بڵێ ئارام لێرەبوو؟

دڵنیا بوو لەوەی باوکی لەم پرسیارەیدا مەبەستی شەڕفرۆشتنە، دڵی لێی پیسە و لەوانەشە هەستی بە شتێک کردبێ نەیدەویست درۆی لەگەڵ بکات و بڵێ نەهاتووە. دەبێ کەی لە دەست ئەم ئازارانە ڕزگاری بێ؟ سەری هەڵبڕی و بە سەرنجێکی کورتی غیرەت دانە بەر خۆ و ترسەوە تەماشای نێو چاوەکانی کرد و گوتی:

– نەختێ لەمەوپێش لێرە بوو، سەربەست بۆ لای دایکم ناردبووی.

باوکی هەمیشە بە هاتنی ئارام پەست دەبوو، ئەمەی بە هەلێک زانی و بە هەڕەشە کردنەوە پرسی:

– برا و باوک لە ماڵ نەبن چۆن دەهێڵی هەتیوی وا بێتە ژوورەوە و دانیشێت، ها؟! ئەگەر خزمێک بهاتایە چی دەگوت؟ ئەقڵ کەرێکت نییە بێ مێشک.

خەلات دەیویست هەست بە ترس نەکا.. وەڵامی بداتەوە و بڵێ: خزم وکەس چی دەڵێن با بیڵێن من بە ئاواتی ئەو ساتەوەم ئەو بۆ ماڵمان



بێ، ئەگەر ئەویش نەیەت من دەچم. تۆ خۆت گومان لە هەموو کەس دەکەیت و وا دەزانی خەڵک وەک خۆتن. بەڵام دەیزانی بێ سوودە و ئەگەر وا بڵێ لێی دەداو زیاتر لە ئارام پەست ئەبێ.. خۆ ئەو ڕۆژەی کە هاتە ماڵەوە و بینی هەردووکیان دوو بە دوو دانیشتبوون زۆر خۆی گرژ و پەست کرد. چاک بوو ئارام زوو هەستی بە گرژییەکەی کرد، هەڵسا و ڕۆیشت.

– ئیتر ماڵەکە بکە بە چایخانە!

– ئەی هاوار چایخانەی چی! تۆ بۆ کە ئارام دەبینی ئەوها ڕەفتاری لەگەڵ دەکەیت؟ سەربەست وا لە سەربانە چاوەڕوانی ئەوی دەکرد.

باوکی لێی نزیک بووەوە و بە توندی زللەیەکی لە بنە گوێی دا، بەسەر کورسییەکەدا خستی.. بە بۆڵەبۆڵ و جنێودان چووە دەرێ. بەتەنها لەناو ژوورەکەدا بەجێما.. تا چەند ساتێک ڕقێکی گەورە لە باوکی و براکانی و ئارام و هەموو شتێکی سەر ئەم زەمینە لە دەروونیدا گینگڵی دەخوارد.. هەستی دەکرد بێ تاوانە و هەموو هێزە خێرخوازەکانی دونیا گاڵتەی پێ دەکەن.. چاوە فرمێسکاوییەکانی لێکنان، خۆزگەی ئەوەی دەخواست چیتر لەناو ئەو ماڵە و لەناو ئەم دونیایەدا هەڵیان نەهێنێ.. بێئەوەی بیەوێ دیمەنی خێزانی هاوتەمەنەکانی بە پچڕپچڕی دەهاتنە پێش چاوانی، پەروین، ژیان، سۆران.. هەموو شوویان کردووە و لەژێر سێبەری پیاوەکانیاندا بە ئاسوودەیی دەژین، ئەمیش خەم و خەفەت دڵی دەگوشن، ڕاوی دەنێن، تەنگی پێ هەڵدەچنن..

– نامەوێ جارێکی تر ئەو کوڕە پێ بەم ماڵەدا بکات باشە.

– باشە، بەسەر چاو.

– هەر بڕۆم بۆ نوێژ باشترە کە دێمەوە ئەم کاولەی خۆم دڵم وەک بزماری لێ دێ.

– ئەی نان ناخۆیت؟

– خۆتان زەهر بخۆن، من لە بازاڕ نان دەخۆم.

بە سەرسامییەوە بیری لەو گومان کردنانەی باوکی دەکردەوە. چەند ناخۆشە پاک بیت و گومانت لێ بکرێ. خۆ منیش جار جار گومان لە ئارام دەکەم، گەرچی بڕوا ناکەم ناپاکیم لێ بکات..

خوایە یارمەتیم بدە، تۆ ئاگات لە هەموو شتێکە. یارمەتیت خوایە. نەیدەزانی بۆ کە لە خوا دەپاڕێتەوە نەختێک هەست بە ئاسوودەیی دەکا.. ئەو شەوانەی بەبیر دەهاتەوە کە منداڵ بوو باپیرەی بۆ ماڵیان دەهات و شەوانی زستان باسی جنۆکە و عەلی بەردەشان و دەست وەشانی جنۆکەی دەکرد.. هەر لەو کاتانەوە ڕاهاتبوو شەوان پێش نوستن ناوی خوا بێنێ.



## ٣

هێشتا دە مەتری مابوو بگاتە ژێر ئەو دارەی کە خەڵات لە ژێریا چاوەڕوانی دەکرد، شپرزەیی و غەمباری و تاسەی شتێکی زۆر خۆشی لە سەرنجەکانیەوە بەدی دەکرد.. حەزی دەکرد ئەو توانایەی هەبێ شوێنەواری غەمباری و شپرزەییەکە لەسەر سەرنجەکانی بسڕێتەوە.. بەڵام چۆن؟" ئەو پرسیارە وەک دڕک لە بیرە تێکئالاوەکانی من دەچەقێ.. باوەڕناکەم... هەرگیز باوەڕناکەم بتوانم شادمانت بکەم. ئەو خەونە خۆشەی من و تۆی لەم ژیانە بێ ئاگا کردووە نایەتە دی. کەچی ناشمەوێ لێی بەئاگا بێمەوە." دەیزانی ئەو بڕیارەی کە دوێنێ داوای بینینی کرد تاپێی بڵێ چییە و. ئەم شەوی زۆر بە زەحمەت لێ تەواو بووە. لێی نزیک بووەوە و لەسەر کورسییە دارینە درێژەکە دانیشت. بەبێ دەنگی تەماشای دەکرد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئەو خەم و پەژارەیەی بە لێوە ئاڵەکانیەوە بەدی دەکرد، ئەو دوو فرمێسکەی کە لە چاوەکانییەوە قەتیس مابوون، ئەو خۆشەویستییەی کە وەک بازنەیەک لە نووری ورشەی فریشتەکان دەدرەوشایەوە، وەکو پریشکی گڕکانێکی دەروون هەڵقرچاو لە دڵی دەچەقین..

" من دەزانم توانای ئەوەم نەماوە ئەو خەونەی هەردووکمان بێنمە دی.. دڵنیام لەگەڵ مندا شادمان نابێت. باوکی و براکەی چارەی منیان ناوێ. لەپێشا بە چاوی واقیع شتەکانم نەدەبینی، من شاگردی

سەر دووکانی خەڵکم، مانگانەکەم بەشی خەرجی ماڵەوە ناکات، لە بیستی مانگەوە دەکەوینە قەرزکردن، لێپرسراوی خێزانێکم و تا هەموویان دانەمەزرێنم لێیان جیانابمەوە، تەنانەت پێنج سەت دیناریشم نییە.. ئیتر چۆن بتوانم بۆ داواکردنی بچم؟!خۆ دەزانم خەڵات بە یەک هەڵقە ڕازییە بەڵام جگە لەو کەسیان بەمە ڕازی نابن. "

خەڵات کۆتایی بە بێدەنگییەکە هێناو وتی:

– خۆ دەزانی دەمەوێ چیت پێ بڵێم؟

– ئا، دەزانم.

– هەموو گرفتەکانی خۆم بەلایەک و ئەم گۆڕانەی ئەتوارەکانی تۆش بەلایەکی تر! دەترسم ئەم گۆڕانە شیرازەی خەونەکانمان بشێوێنێ..

بەتەواوی هەڵچووبوو، سەری داگرت، لێوی تەتەڵەی دەکرد.. ئارام زیاتر لێی نزیک بووەوە.. دەستی کردە سەر دەستی، بەتوندی ڕایگوشی.. بە هێواشی گوتی:

– من لە تۆ زیاتر حەزدەکەم بێمە داوات، بەڵام زەحمەتە، ناتوانم.

– ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ ئەی هەر وا بەئاسانی واز لەیەک بێنین؟!

سەری داگرت و هیچ وەڵامی نەدایەوە. هەستی دەکرد ناخی خەڵات پڕ لە هەوڵدانە و، لە گەشانەوەدایە.. ڕەنگە بتوانێ بەو گەشەو گەرم و گوڕییەی ئەمیش بگۆڕێ، لەناو بەندیخانەی تاریک و ترسناکی نائومێدی ڕایبچەنێنێ، خۆی لەناو باخچەی خەونەکاندا ببینێ، ژیان ببێتە بووکێکی ڕازاوە و جوان بیبزوێنێ.. مەلۆتکەی ئامانجەکان لە باوەشی هەردووکیاندا پەروەردە بێ.

شەوانی هاوین لە سەربان ڕادەکشێ، تا خەو چاوە ماندووەکانی دەباتەوە خەون و خواستەکانی بە ئەستێرە گەشەکەی دەڵێ..



– ئەم ئێوارەیە چاوەڕوانی تۆ و دایکت دەکەم.

– باشە خەڵات گیان دێین.

– زۆر درەنگە من دەبێ بڕۆم، پێش ئەوەی بگەینە دەرگای باخچەکە لەیەک جیا دەبینەوە.

لە جێگاکەی خۆی هەڵسایە پێ و شان بە شانی خەڵات کەوتە ڕێ. پێش ئەوەی لێی دوورکەوێتەوە تەماشای نێو چاوەکانی کرد.. هەردووکیان بە سەرنجەکانیان هیوای بەیەکگەیشتنیان بەیەک گوت. چاوی داگرت، ڕووی وەرچەرخاند، بەزۆر هەنگاوی دەنا.. وشکە بایەکی سارد ڕوومەتە لاواز و قووپاوەکانی دەتەزاند، دەنگی ئوتۆمبێلەکان بێزاریان دەکرد، درێژی شەقامەکەی وەکو بیابانێکی دوور و درێژ دەهاتە پێش چاو، کەچی حەزیشی نەدەکرد تەکسی ڕاگرێ. " ئاخ ڕۆژگار! جاران کە لەو باخچەیەوە لە خەڵات جیا دەبوومەوە تا خۆرئاوا بەسەر ئەم شەقامانەدا پیاسەم دەکرد، پیاسەکردن بەلامەوە چێژێکی تایبەتی هەبوو.. لەو ساتانەدا هەستم دەکرد چێژ لە هەموو خۆشییەکانی ژیان وەردەگرم، ماندوو نەدەبووم، بە پێچەوانەوە زیاتر هەستم بەگوڕج و گۆڵی لەشم دەکرد..

ئەی بۆ ئێستا شەکەت و ماندووم و جەستەم بۆتە کۆڵێکی گران بەسەر ڕووحمەوە؟ شەقامەکان کوێستانی خەمەکانن و جەستەمیان هێناوەتە لەرزین.. هەر سەر شۆستە و بەردەم دووکانێک یادگارێکی دڵ تەزێن و خۆشم بەبیر دێنێتەوە.. ئەو کاتانەی کە لەگەڵ خاڵەمدا شان بە شان بەچەشنی دوو هاوڕێی دڵسۆز بەسەر ئەم شەقامانەدا شۆڕ دەبووینەوە..

ئەی سەردەمی قوتابییەتی. کە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەم ناوە

دەگەڕاین، بەوپەڕی شانازی کردن بە لاوێتی خۆمانەوە گفت و گۆمان دەکرد، تریقەی پێکەنین سەرنجە گەشەکانمانمی بەتینتر دەکرد. ئەوان منیان بە کەسێکی نامۆ و جیاواز لەخۆیان لە قەڵەم دەدا منیش خۆم لەوان بە زیرەکتر دەزانی. هەستم بەخێرایی گەشەسەندنی سۆز و بیری خۆم دەکرد، بەتین باوەڕم بەوە بوو کە دەبێ بەسەر گرفتەکانی ژیاندا سەربکەوم، ویست و ئارەزووەکانم نەبنە خۆراکی هەمیشەیی ژیانە سەختەکەم. بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵ و رەنجانە بەفیڕۆ چوون.

نابێ ڕەنجدان بۆ خەڵات بەفیڕۆ بڕوات. ئای خەڵات گیان، گەر پار لە کۆتایی دوا مانگی پایزدا نیازی داواکردنتم هەبووایە هەستەکانم لەگەڵ ئێسادا زۆر جیاواز دەبوون. گەرچی دڵنیا دەبووم لەوەی باوکت ناهێڵێ هەر وا بەئاسانی بۆ یەک بین، بەڵام کوڵی پێ نەدەدام، چاوەڕوانم دەکردی چاوەڕوانت دەکردم..

ئێستاش دڵنیام باوکت گاڵتەی بەداواکەم دێ، بۆ ئەوەی دڵە ناسکەکەی تۆ نەشکێنم داوات دەکەم. بێ دەسەڵاتم و ئەو توانایەم نەماوە هەوڵت بۆ بدەم..چاوەڕوان کردن سوودی نابێ زیاتر لەنێو لیمی خەمدا دەتچەقێنێ.. نازانی غەمگینی و هەناسە ساردەکانی تۆ بەقەدەر خەمەکانی خۆم ئازارم ئەدەن، بەناچاری ناوت دێنم، بانگت دەکەم.. دەزانم زۆر خەم بۆ ئەم ژیانە تاڵەی من هەڵدەکێشی، سەرانسەری ژیانم تاڵییە و شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە هیوای پێوە هەڵواسم.. تەنیا هەر تۆی ترووسکەیەک ڕۆشنایی بە چاوە لێڵەکانم دەبەخشی، جگە لە تۆ ڕقم لە بیرکردنەوەیە لە هەموو شتێکی تر..ئەی چۆن بتوانم لەبیرت بکەم؟

کێ دەڵێ لەبیرت دەکەم، هەرگیز لەبیرت ناکەم.. تەنانەت ئەگەر...



ئاخ، ئەگەر بەتەواوی لە ئەنجامی پەیوندییەکەمان دڵنیابووم و نەیانهێشت بۆ یەکتر بین کارێکی وادەکەم وازم لێ بێنی، تاکو تۆش چارەسەرێکی خۆت بکەیت و خۆت لەو ژیانە دۆزەخە ڕزگار بکەیت.

بەدەم هەنگاوەکانیەوە سەری هەڵبڕی و تەماشای جامخانەی ئەو موغازانەی دەکرد کە جل و بەرگی پیاوان و ژنانیان تێدا هەڵواسرابوو، ڕەنگ و جوانی شتەکان لای ئەو شێوابوون.. ئەو دیوی موغازەکان لەپێش چاوی دەبووە ژێرزەمینێکی بێ بن، یان دەبێ خۆی هەڵداتە ناوی، بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ و چارەنووسی بە چی دەگات، تاریکی لە قوژبنێکدا لە خۆی دەگرێ. یان دەبێ لەئاست تاریکی و ترسناکی ژێرزەمینەکە دۆش دابمێنێ.. هاوارێکی تاساو لە قووڵایی ژێرزەمینەکەوە بانگی دەکرد.. هێزێک کێشی دەکرد.. لە مار و دوو پشکی ناو ژێرزەمینەکە نەترسێ، هاوارەکە پێی دەگوت مار و دووپشکەکان لەترسی ئێمە خۆیان لەوێ شاردۆتەوە، بگەڕێ، هەر بگەڕێ.. لەوانەیە لەلایەکی ئەم ژێرزەمینەوە ڕێگای دەرچوون هەبێ و من لەژێر تیشکی خۆردا بدۆزیتەوە..

بەسە، بەس! نامەوێ گوێم لەو دەنگە خەیاڵی و درۆزنانە بێ، نا. تاکەی تەفرەم ئەدەن و یەخەم بەرنادەن.. ئەوەتا پێم خزا، هەڵدێرام.. ئەی هاوار...

ئەوەندە بەتینەوە ئەو هاوارەی لە ناخییەوە کرد کە وای هەست دەکرد هەموو ڕێبوارەکانی سەر شەقامەکە گوێیان لە هاوارەکەی بووە. هەردوو دەستی هەڵبڕین و ئەم لاو ئەو لای نێوچەوانی پێ ڕاگوشین، تا چەند چرکەیەک چاوەکانی داخست، دەستەکانی داگرت و هەنگاوەکانی ڕێکتر خست. خێراتر لەڕۆیشتن بەردەوام بوو. تا

گەیشتە ماڵ دنیا بەتەواوی تاریک ببوو، داوای لە دایکی کرد لە گەڵیا بێ بۆ ماڵی خەلات و داوای بکات، دایکیشی دەمێک بوو هەستی بە پەیوەندی نێوانیان کردبوو زۆی پێ خۆش بوو. پێکەوە چوون.

سەعاتێک دەبوو لە ماڵی باوکی خەلات دانیشتبوون، پاش کۆمەڵێ باس و بابەت دایکی ئارام گوتی:

– وەڵڵا کاک محەمەد هاتووینە حەزمان بە خزمایەتیتانە، ئێوە بنەماڵەیەکی خانەدانن، پێم خۆشە خەلات بۆ ئارام بێ.

کە دایکی بابەتەکەی کردەوە لێدانەکانی دڵی خێراتر بوون، بێ ئارامییەکەی زیاتر دەبوو لە وەڵامێک دەترسا پێشبینی دەکرد.. بەدزییەوە سەرنجێکی کورتی لە خەلات دا و بینی ئەویش وەک ئەم شپرزەیە..

– چی؟! خەلات بۆ ئارام!! خوشکە من قەولم بە یەکێکی تر داوە. پیاوی وەک من چۆن لە قەولی خۆی پەشیمان دەبێتەوە.

ویستی قسەی تریش بڵێ، چونکە لە دڵ خۆیەوە دەی گوت: وەڵا باوکم جوانە، کەس نا ئارام! بۆ ئەگەر بەئاوی دادەم لەو باشتر نییە؟! ئەی کێ ڕۆژ تا ئێوارە لەگەڵ هەتیمە وردکەدا ئەم سەر و ئەو سەر بکات؟ پیاوی وا چۆن بە نانی خۆی دەگات؟ بۆ نایدەمە یەکێک پیاوانە بێ. " بەڵام لەبەر ئەوەی گاڵتەی بە قسەکانی دایکی ئارام دەهات بەتەواوی هەڵنەچووبوو.

پاش ئەو وەڵامە بێدەنگی باڵی بەسەر دا کێشان. خەلات بە تەواوی پێشبینی ئەو وەڵامەی نەدەکرد، دەیزانی باوکی ئارامی بەدڵ نییە، بەڵام هەستکردن بەوەی کە حەز دەکات لەکۆڵی بکاتەوە بەو بیانووەی کە گوناحە کچ عازەب ڕاگرێ دڵی خۆش دەکرد.. زۆری هەوڵ دا تاکو



خۆی هێمن بنوێنێ، پاشان گوتی:

– باوە ئەم قەولەی تۆ دەبێ لەپاش ڕازیبوونی من بدرێ. منیش نە ئاگام لەهیچە نە شووشی پێ دەکەم.

کە وای گوت باوکی هەر وەک ئەوەی جامێ ئاوی ساردی بەسەردا بکرێ سڕبوو. بەسەر خۆی نەهێناو گوتی:

– ئەی ئەگەر باوک و برا ڕازی نەبن کچ بەبێ پرسی ئەوان شوو دەکا؟

خەلات هەڵسایە پێ، لە توانایدا نەما دانیشێ و لە ئاست ئەو قسانەدا بێدەنگ بێ، تووڕەیی و هەڵچوون و هەست بە ستەمکردن هەموو گیانیان هێنابووە لەرزین.. ترسە کۆنەکەی ناخی ڕێی قسەکردنی لێ دەگرت.. لەوانەشە قسەکردن لەو ساتەدا بابەتەکە ئاڵۆزتر بکات..ڕاستەوخۆ بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت.

باوکی ئەوەندەی تر پەست بوو، تەماشای ئارامی کرد و گوتی:

– ئێستا هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت، کچەکەمت بەدوو سێ قسەی زل لە قسە پڕوپووچەکانت هەڵخەڵەتاندووە و، خۆت لێ کردووم بە پیاو..

پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات ئارام هەڵسایە پێ، دایکیشی لەگەڵیا هەڵسا و سەرنجێکی پڕ لە ڕق و تووڕەبوونی لە باوکی خەلات دا، ویستی بە هەمان شێوەی خۆی وەڵامی بداتەوە بەڵام ئارام نەیهێشت، داوای لێ کرد بەپەلە بچنە دەرێ. لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان بەدایکی گوت:

دایە تۆ بڕۆ ژوورەوە من پیاسەیەک دەکەم حەزدەکەم بەتەنیا بم. دایکی بە پاڕانەوەو گلەییەوە وتی:

– بەم شەوە پیاسەی چی کوڕم؟

– تا ئەو سەرەوە دەڕۆم و دوایی دەگەڕێمەوە. زۆر دڵم تەنگە.

دایکی جێ هێشت و، بەسەر شەقامەکەدا شۆڕبووەوە. بێ ئارامییەکی سەیر پاڵی پێوە دەنا تا بەیانی بەسەر سەقامەکاندا بسووڕێتەوە، بیر بکاتەوە.. خەڵات ئەی خەونە خۆشەکەم.. چوار ساڵە شەوێک نەبووە بەبێ بیرکردنەوە لە تۆ، بەبێ تاسەی بینینی تۆ چاو بنێمە خەو.. لەگشت ساتێکی خۆشی و ناخۆشیدا هەست دەکەم پێویستم پێتە.. بۆیە ڕیشەی خۆشەویستیت هەمیشە لە ڕەگ داکوتاندایە، زیاتر بە ناخی دڵمدا قووڵ دەبیتەوە.. وشە ناسکەکانت خۆشترین گۆرانی سەر ئەم زەمینەن.. خۆشم نازانم بۆ وا خۆشم دەوێی، ئەم خۆشەویستییەی ئێمە بە هیچ یاسایەک شیکار ناکرێ..

بەڵام دەزانم هۆی سەرەکی نزیک بوونەوەی من لە تۆ ئەوەبوو هەستم دەکرد لەگەڵ کچانی تردا جیاوازیت، دەتەوێ لەدەست ترس ڕزگارت بێ.. بەدگمەن کچ هەن لە ئاست باوکێکی وەک باوکی تۆ ستەمکاردا بڵێن نا، تۆ هەر لەگەڵ نادا بەردەوامیت.. ڕازی نەبوونی تۆ هەر لە سنووری شتە سەپێنراوەکانی ناو خێزانەکەتدا نییە بەڵکو چۆتە ناو بازنەیەکی گەورەترەوە، لەناو ئەو بازنە گەورەیەدا تا دێ گەورەتر دەبێ..

– ئارام بۆ هەموو جار پێم دەڵێی لەگەڵ کچانی تردا جیاوازم؟

– بۆ ئەوەمە زۆر باش نرخی ئەو سیفەتەت بزانیت.

– ئەم سیفەتە ڕێگای ژیانی زۆر لێ سەخت کردووم..

ئەزانم ڕێگاکەت سەختە.. بەڵام تۆ ئازایت، لەمنیش ئازاتری. دەبێ ئێستا هەست بە چی بکەیت؟ بێ منیش کۆڵ مەدە، پێویستە پەیوەندی



لەگەڵدا بپچڕێنم..

ئەو وشانە وەکو نووکی خەنجەر لە دڵی دەچەقین، بەچەشنی گوللەی ئاگردار خەون و تاسەکانیان دەپێکا.. بە نەمانی ئەو خەونەش شتێکی ئەوتۆ لە ژیانیدا نامێنێ بیهێنێتە دی.. لە خۆشەویستیدا، لە کارکردندا، لە بیرکردنەوەدا، لەسەرتاپای ژیانیدا دۆڕاوە.. ئەی خوشک و براکانی؟ خۆ ئەوان زۆر پێویستییان پێیەتی..

لە بیرکردنەوە بێزاربوو، لەپڕ ئەم پرسیارەی لەخۆی کرد: " باشە من بۆ نارۆمەوە بخەوم؟ خەریکە مێشکم دەتەقێ، خەوتن باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی لە دەست ئەم بیرکردنەوانە ڕزگارم بێ. "

گەڕایەوە ماڵەوە، ڕاستەوخۆ بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت. هەر کە لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت دایکی دەرگای کردەوە و لەلایەوە دانیشت، بەخەندەیەکی گەشەوە پێی گوت:

– دەی، دەی کوڕم هەر گوێشی مەدەرێ ناپیاوی وا چییە خەڵک کچی لێ بخوازێ. خۆ دایک کەراس ڕەش نەبڕاوە.

– ئاخر دایە...

– کوڕم سەت کەس مەمنوونە کچت پێشکەش بکات. دەمزانی نایدا، تیری ئێمە کەوانی حەمە ناکێشێ، بەس نەمویست دڵی تۆ گران بکەم.

بەبێ دەنگی تەماشای زەویەکەی دەکرد. دایکیشی دڵی لەو تەنگتر بوو بەڵام بەسەر خۆی نەدەهێنا، دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ نەختێ لە پەژارەکانی کوڕەکەی کەم بکاتەوە برینەکەی بەدەرمانێکی تر بۆ چارەسەر بکات، بە خۆشییەوە پێی گوت:

– چۆنە سبەینێ سەردانێکی ماڵی خاڵت بکەین؟ پێنج شەمەکەی تر لەوێ بووم، ماشەڵا مژدە دڵت نایە سەیری بکەیت.

– دایە تکایە بەتەنها جێم بێڵە زۆر پێویستم بە خەوتنە.

دایکی جێی هێشت. ئەویش بێ ئەوەی کراس و پانتۆڵەکەی بگۆڕێ لەسەر پشت درێژ بوو. زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد، بیری لە تەنیاییەکەی دەکردەوە.. دەبێ تاکەی هەر وا بەتەنیا بێ.. لەناو کونجی ژوورە بچووکەکەیدا خۆیشی لە پێش چاو خۆی بۆتە مێرووڵەیەکی سەرما بردەڵە، نە زەخیرەی زستانی داناوە نە شارە مێرووڵەیەکیش شک دەبات خۆی تیادا ون بکات..

هەڵسایە پێ، ئەمسەرو ئەوسەری ژوورەکەی دەکرد. لێو و چەناگە و پەنجەکانی دەستی دەلەرزین. وای دەهاتە پێش چاو هەڵچوونەکەی ئەوەندە گەرمە مێشکی سەری دەکوڵێنێ، لە ئاکامی ئەو کوڵانەوە ڕەنگاوە ڕەشەکە لەگەڵ ڕەنگە سپییەکەی مێشکیدا دەکوڵێن و تێک دەئاڵێن.. بەر بینایی چاوەکانی لێڵ دەکەن..

دەبێ ڕیشەی ئەم تەنهاییە لەکوێوە داکوترابێ؟! لەوانەیە ڕیشەی لەگەڵ مانی مندا تێکەڵ بووبێ.. تەنها لەگەڵ نەمانی خۆمدا بۆ تاهەتا کۆتایی پێ دێ. ئیتر دەست لە بینەقاقام بەر ئەدا و هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەکێشم، لەدەست ئەو دێوەزمەیە ڕزگارم دەبێ. جاران چێژم لە تەنیایی وەردەگرت، بە ڕەفتار و قسەو بیرکردنەوەکانمدا دەچوومەوە، تێڕامانێکی قووڵ دەیبردمەوە.. ئەم تەنیاییە خێوە لەگەڵ ئەو تەنیاییە خۆشەدا زۆر جیاوازە.

وەکو هەڵکشان و داکشانی دەریا بیر و هەست و سۆزەکانی هەڵدەچوون و نائومێدی دایدەمرکاندەوە، بێ ئارامییەکی تیژ لە قووڵایی دەریاکەوە پاڵی پێوە دەنان، لە کەنار دەریاکەشەوە بە هیچ جۆرێ لەنگەر ناگرن و دووبارە دەگەڕێنەوە..



لەسەر کورسی لای مێزەکەوە دانیشت، دەستی دایە پێنووس و ویستی ئەو هەستانەی کە نەکەناری دەریا لە ئامێزیان دەگرێ و، نە بێ ئارامیش دەهێڵێ لەناو قووڵایی دەریاکەدا کپ و مەنگ بن لە نووکی پێنووسەکەیەوە وەک خوێن داچۆڕێن.. بەلایەوە گرنگ نەبوو چی بنووسێ، هۆنراوە، پەخشان، یان گۆرانییەکی غەمناک.. باهەموویان تێکەڵ بەیەک بکات بەڵکو لەدەست ئازاری ئەو هەستانە ڕزگاری بێ.. زۆر هۆنراوەی خوارو خێچی بۆ خەلات نووسیوە، خۆی لەناو وشەکاندا دەتواندەوە.. گەرمییە پەنگاوەکەی ناخی بە زمانێکی لاواز دەردەبڕی.

پاش تێڕامان و بیرکردنەوە و تلانەوە پێنووسەکەش پشتی لێ کرد، ئەویش بەتەنها جێی هێشت.. نەیتوانی کۆڵی گرانی ئەو ئازارانە هەڵگرێ، لەژێریا چەمایەوە و چەقی..

پێنووسە چەقیوەکەی دانا.. کاغەزەکەی لەناو چنگی لوول دا و بەرەو قوژنێک تووڕی هەڵدا.. لەپڕ ساتێکی شادمانی کەمێک هێمنی کردەوە. لەو ساتە خۆشەی ئەو یادگارەدا لەسەر یەک هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەکێشا خۆشی پەی بە هەموو کەلەبەرەکانی دەروونی بردبوو، وشەکانیش وەکو گەواڵەی بارانی بەهار بەسەر بیر و هەستیدا دەبارین.. بەپچڕ پچڕی بۆ خەلات دەری دەبڕین..

– خەلات شتێ خۆشم لەدڵدایە بۆ تۆ بەلام توانای دەربڕینم نییە.

– بەلام توانای لێدوان و قسەکردنت لەگەڵ هاوڕێکاندا زۆرە.

کە ئەوەی بیست تاسەیەکی قووڵ بردییەوە.." هەر ئەو توانایە وای لە هاوڕێکانم کرد من بەلێپرسراوی خۆیان هەڵبژێرن.. پێویستە گەشە بەم توانایە بدەم تاکو ڕۆژێ بێ لەبەردەم خەڵکێکی زۆردا بدوێم و.. "

قسەکانی باوکی خەلات دیسانەوە بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵ بوون. ئازاری بریندارکردنی کەرامەت خەوی لەچاو تاراندبوو. لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا و، پاش ماندووبوون لەبیرکردنەوە هەولی دا هەموو شتەکان لەناو تاریکی مێشکی خۆی دەربکات و خۆی بۆ خەوتن ئامادە بکات. گیانی تەواو خاو بووەوە و خەوی لێ کەوت.



## ٤

سەعاتێک دەبوو ئارام بەڕێوە بوو بۆ لای سەردار، بەدەم ڕێوە پەنای دەبردە بەر هەر بیرکردنەوەیەک مایەی داخ و خەم بوو. حەزی نەدەکرد بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، دڵنیابوو بینینی سەرداری برادەری کەمێک باری خەم و ئازارەکانی سووک دەکات. گەیشتە بەردەگای ماڵی سەردار، لە دەرگای دا خوشکەکەی سەردار دەرگای لێ کردەوە پاش بەخێرهاتن پرسی:

– سەردار لە ماڵە؟

– هێشتا نەهاتۆتەوە، لەوانەیە نیو سەعاتی تر بێتەوە فەرموو چاوەڕێی بکە.

ئارام چووە ژوورێ دەرگای ژوورەکەی سەرداری بۆکرایەوە، ئەم جارەش وەک هەموو جارەکانی تر هەستی دەکرد دەچێتە ناو پێشانگایەکەوە کە پڕ لە تابلۆی سەیری ژیانە.

لەسەر لاکێشەکە دانیشت، هیچ گۆڕانێکی لە ژوورەکەدا بەدی نەکرد، دۆلابەکە هەر لەجێی خۆی بوو، دوو دەس نوێن خەوتنی لەسەر بوو، دیوارە بۆر و ماڵە ماڵەکانی بچووکترین وێنەیان پێوە هەڵنەواسرابوو، کەچی لەبەر چاو ئەو پڕبوو لە تابلۆی هەمەجۆر، هەر تابلۆیەک داستانێک لەناو ڕەنگ و دیمەنەکانیا بوو." کام خێزان وەک ئەم خێزانەی بەسەرهاتووە؟ تۆ بڵێی سەرداریش وەک من لەناخەوە نەڕووخابێ؟ ئەگەر وانەبێ تواناکانی ئەو ئاسایی نین و

سنوورشکێنن.. تا ئێستا نیشانەی نائومێدیم بە سیمایەوە نەبینیوە."
ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کە لەگەڵ سەردار و دوو هاوڕێی تردا بۆ گوندێکی نزیک شێخ بزێنی چوون تاکو تەرمی شوانەی برای ببینێ بەر لەوەی بینێژن. کە هەڵیاندایەوە تابووتەکەی پڕکردبووەوە، هەردوو دەستی لەسەر سینگە پانەکەی بوون، پشکێ خوێن و نەختێ زووخاو لە لووتییەوە هاتبوونە خوارێ و لەسەر سمێڵە ڕەشە قەترانییەکەی وەستابوون، گوللەیەک لە لای چەپی سەرسینگی درابوو، تەوالێتەکەی بەسەریەکدا ژاکابوو لەبەر تۆز بەئاستەم دەتزانی ڕەشە.. سەردار بێ ترووکان تەماشای دەکرد.. بەچۆکدا هات و ئەم لاو ئەولای ماچ کرد.. پاش شوشتن و کفنکردن چاوەڕێیان کرد تا تاریک داهات ئنجا بە خاکیان سپارد. گەڕانەوە ئەو ماڵەی تەرمەکەیان لێوەدەرکرد، خواردنیان بۆ ئامادە کرابوو، هەر یەکە قاپێ نیسک و دوو نانی تیریان لە بەردەم دانان، خۆی لەبەر سەردار بە شەرمەوە دەستی بۆ نیسکەکە بردو تیکەیەکی بچووکی خوارد، پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەو بە هەوڵدانێکی زۆریش دەست بۆ خواردنەکە درێژ نەکات، کەچی بە پێچەوانەوە تا ئەم تیکەیەکی خوارد ئەو هەردوو نانەکەی گوشییە ناو نیسکەکەوە و دەستی بەخواردن کرد..

لەسەر جێگای نوستن گوتی:

– ئارام ناتوانم بنووم، وا هەست دەکەم زیندووە و هیچی لێ نەهاتووە.. نازانم چی بکەم؟ چۆن بەدایکم و باوکم و شلێری خوشکم بڵێم؟

– منیش ناتوانم بنووم سەردار. دەزانم لە هەڵوێستا بینیومە ئازایت، بەڵام پێم چاکە ئێستا هەستەکانت نەپەنگێنیتەوە.

لێوی لەژێر تیشکی کزی فانۆسەکەدا دیاربوو دەلەرزی، دەم و چاوە



باریک و ئەسمەرەکەی خەمێکی قووڵی دەردەبڕی، چاوە بچووکەکانی جار جار لێکدەنان و بە قورسی هەڵی دەبڕین.. پاش ماوەیەک بێدەنگی گوتی:

– هیوامان بە شوانەی برام زۆر بەرز بوو، ئەو من و شلێری وەک منداڵی خۆی پەروەردە کردووە، دایکم و باوکم چاوەڕوانی زۆر شتیان لێ دەکرد، لە خەندەی سەر لێوەکانییەوە پێکەنینێکی نادیار بەد یدەکرا، ژیان لای ئەو هەر ئامانج و هەوڵدان بوو، لە یاخیبوونەکانیدا بەدەست خۆت نەبوو مل کەچیت لەپێش چاو دەکەوت، عەشقی سەربەستی کردبووی بە پەروانە.. زۆر خەمی شلێرمە ئەو و شوانە لە هاوڕێ زیاتر بوون..

– کاک ئارام با بچینە ژوورەکەی ئێمە نان بخۆین، بۆ بەتەنها دانیشتووی؟

– کاکە زۆر سوپاس نانم خواردووە. لەوانەیە سەرداریش پێنج شەش دەقەیەکی تر بێتەوە.

– ئارەزووی خۆتە. بەڵام کفتەیەکی خۆشمان هەیە، سەردار لەو کاتەوەی شلێر مردووە هەر بە تەنها نان دەخوا.

کە زاواکەی سەردار بەبن هەیوانەکەدا بۆ ژوورەکەی خۆیان گەڕایەوە ئەو هێشتا بیری لە وتنی شلێر مردووە دەکردەوە و زۆر بەلایەوە ناخۆش بوو.. " بۆ دەڵێ شلێر مردووە؟! شلێر شەهیدە. تا مابم ئەو ڕۆژەم بیرناچێ کە لە بەندیخانە بەربوو.. " هەر وەک ئەو کاتە ئێستا بێت هەستەکانی هەڵچووبوون و لەگەڵ دیمەن و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەدا کاریان لێک دەکرد.. خۆی و سەردار پێکەوە بەبێ ئۆقرەیی ئەم سەر و ئەو سەری ئەم ژوورەیان دەپێوا و چاوەڕوانیان

دەکرد..سەردار شێت ئاسا لێی پرسی:

– بۆ نەیانهێنایەوە نیو سەعات دواکەوتن.

– مەرج نییە لە هەمان ئەو کاتەی کابرا گفتی پێ داوی بەربێ.

– دڵنیام هیچی نەدرکاندووە بەڵام ئازاردان چی لێ کردووە و بە چی گەیاندووە نازانم.. زۆرم هەوڵ لەگەڵ ئەو کابرایە دا کە ئێستا بەری دەدا لەبارەی تەندروستییەوە شتێکم پێ بڵێ، کەچی لە وشەی باشە بەولاوە هیچی ترم لێ نەبیست. دەترسم وەک شلێرەکەی جاران نەبێ، چوار مانگ لەناو زیندان و ژێر ئازاردا کەم نییە. هەموو دەقیقەیەکی ئەم چوار مانگە سەد جار ئاواتی ئەوەم خواستووە من لە جیاتی ئەو بگیرامایە.. دە وەرە ئێستا نەتوانم تەنانەت لەبەر دەرگای بەندیخانەش چاوەڕوانی بەربوونی بکەم.

– ئەوە ئاواتی من و هەموو برادەرانیشە، بۆ چاوەڕوانکردنیش بۆخۆت دەزانی وا باشترە.

– خۆزگە زووتر ئەو پیاوەمان دەدۆزییەوە، ڕۆژێ زووتر بەربێ زۆرە.

دەنگە نەرم و پڕ لە هەست و نەستەکەی سەردار لە ئاست خوشکەکەیدا زۆر کاریان لێ کرد.. مۆرکی ئەو چوار کارەساتە گەورەیەی کە چوار مانگ و نیو لەوەپێش لە یەک مانگێکدا ڕوویان دا بە سەرنج و ڕەفتارەکانیەوە دیاربوو، بەزەیی پێدا هاتەوە.." بۆ ئەم کارەساتانە هەر لە وێژەی ئینسانی باش دەئاڵێن؟ گەنجێکی تەمەن بیست و یەک ساڵی وەک سەردار لێزمەی ئەم خەمە گەورانە چییە ملی لێ ناوە.."

– ئارام لە ئاست گرتنی شلێردا خۆم بە خەتابار دەزانم، ئەم هەستە زۆر ئازارم دەدات.



– بۆ چی ؟

– ئاگاداری ڕۆژێک پاش گەڕانەوەمان لە ناشتنی شوانەی برام دایکم لە حەمام هیسی غاز لەسەری دابوو بووڕابووەوە و کەوتبووە ناو مەنجەڵی ئاوە کوڵاوەکەوە.. شلێر چووبوو پشتی بشوا بەو شێوەیە بینیبووی گیانی تێدا نەمابوو. ئەمە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەری. ویستم تا پرسەکەی دایکم بەسەر نەچێ شەهیدبوونی شوانەی پێ نەڵێم. تا ئەو کاتە هیچ کەس لە ماڵی خۆمان نەیدەزانی. بەڵام بۆ بەدبەختی لە سێیەم ڕۆژی پرسەکەدا لە چرپەی دەم ژنی خزمەکانەوە بیستبووی.. دەروونی بەیەکجاری گڕی سەند، ئاگری تۆڵە سەندنەوە تا نیوە شەو خەوی لە چاوی دەتاراند.. دەتگوت تاساوە کەم و بە ئاستەم لە گەڵماندا دەدوا.. هەستم دەکرد دەیەوێ کاردانەوەیەک لە ئاست شەهیدبوونیا بکات. زۆر دڵیم دایەوە، پێم گوت مێشکی هیلاکە و نابێ تا ماوەیەکی تر بەهیچ جۆرە کارێک هەڵسێ.. تەفەرەی دام و بە قسەکانم قایل بوو.. پاشان لەگەڵ کوڕێک کە لەگەڵ خۆیدا لە ڕێکخستنە بە جل و بەرگ و ماکیاژی ئافرەتێکی بەد ڕەفتارەوە لەناو سەیارەیەکی بەڕازیلی سپی تا وا بنوێنێ لە گەڵیا بۆ کات بەسەر بردن دەچێ بە نزیک بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشدا تێدەپەڕن، مەبەستیان چاودێریکردنی کەسێک و ئەنجامدانی چالاکییەک دەبێ لەوێدا ئەنجامی بدەن، بێ ئەوەی بزانن نیو سەعات لەوەپێش هەندێک لەولای دەزگاکەوە یەکێک لەناو بەڕازیلییەکی سپی بەدەمانچە تەقەی لە یەکێکیان کردووە و نەیپێکابوو. بۆیە کە ئەوان بەوێدا تێدەپەڕن گومانیان لێ دەکەن و لە پێشیان ڕادەوەستن تاکو ڕایگرن، ئەوانیش هیچ خۆیان تێک نادەن و وا دەزانن بۆ داواکرنی هەویەیە، بە وردی

ئۆتۆمبێلەکەیان دەپشکێن، دەمانچەیەک دەدۆزنەوە.. دەبووایە نەمهێشتایە ئەو ماوەیە توخنی هیچ کارێکی لەو جۆرانە بکەوێ.

لەپڕ لە دەرگای حەوشە درا، هەردووکیان پێکەوە بەرەو دەرگا ڕایان کرد، دەرگایان کردەوە سێ ژنی عەبا لەسەر هاتنە ژوورێ، سەرەتا ئەویان بەئاستەم لەژێر عەبا ڕەشەکەو لەنێوان دوو ژنەکەی ترەوە ناسییەوە.. سەردار لە باوەشی گرت، هەروەک بتێک لە باوەش بگرێ جوولەو جمەی نەبوو. سەرسوڕمانەکەی خۆی لە سەرەنجەکانی سەرداریشەوە بەدی کرد.. ژنەکان بەپەلە بردیانە ژوورەوە، عەباکەیان لەسەری لادا، قژی بەڕاکێشان و ئاوی سارد بەسەرداکردن وەک لبادی لێ هاتبوو، گۆنا خڕەکانی تواوبوونەوە، چاوە گەشەکانی بەقووڵداچووبوون و ڕووناکییان تێدا بەدی نەدەکرا، سەرنجە پڕ لە هێز و ئامانجەکان بەبێ توانا وێڵ بوون.. هەندێ وشەی لە ژێر لێوەوە دە گوت.. کەسیان لە مانای وشەکان تێنەدەگەیشتن، پاش نەختێ لە گوتنی ئەو وشە بێ سەر و بەرانە بێدەنگ بوو، لە پڕ دایە قاقای پێکەنین! ئینجا بە تین قیژاندی:

– نا، نا هیچم نەکردووە، ئاخ سەرم، سەرم تەقی.. وای کارەباکە سەرم دەگرێ! چی؟! ئیعتیراف بکەم؟ باش، هیچ نازانم.. بەخوا تۆڵەی شوانە دەکەمەوە..

سەردار بەچۆکدا هات، سەری بە سینگیەوە گرت، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ، بە دەنگێکی هێمن و پڕ لە سۆزی خۆشەویستی لێی پرسی:

– شلێر گیان من سەردارم بۆ قسە لەگەڵ برای خۆتدا ناکەی؟ نامناسیتەوە؟!



شلێر سەری هەڵبڕی، سەرنجەکانی لە ڕووی سەردار چەقاند، ترس و تۆقین بەڕوویەوە دیاربوو، بە پاڕانەوەوە پرسی:

– تۆ کێیت؟ دەزانم بە گاڵتە قسەی خۆشم لەگەڵ دەکەیت دوایی لێم دەدەی.

خۆی لە بن دەستی ڕاپسکاند، بەرەو سووچی ئەو سەری ژوورەکە ڕای کرد، جەستەی دەلەرزی، چاوەکانی زەق ببوونەوە، بە تووڕەیی هاواری کرد:

– لاچۆ، دوورکەوە.. بەسە هیچم نەکردووە.. نەکەی..

بینینی شلێر بەو شێوەیە بەجارێ ناخ و بیر و هەست و سۆزی پەشۆکاند." بەداخەوە ئەم کچە ئازایە لەناو بێشەیەکی سەختا کەوتە داوی درندە گەورەکانەوە.. ئازایی شلێر لە ژێر ئازاردا بۆیانی سەلماندووە خۆیان و ئامرازەکانیان لە ئاستیا ئیفلیجن.. داخەکەم ئەم کچە خێر لە خۆ نەدیوە تاسەکانی بۆ خۆری تازەی دەم کەلی سەرەتای وەرزی بەهارا چاویان لەناو تاریکیدا بۆ تاهەتا لێکنا.. زیرەکی و بیرە فراوانەکەی لە ناو چوار دیواری بەندیخانەدا بەجێ ما، ئامانجە گەورەکانی بە ترسناکترین ئامرازی ئازاردان کوژران، کەسایەتییە بەهێز و پڕ لە کاریگەرییەکەی لە بری ئەوەی وەکو ئەستێرەی گەشی بەرەبەیان بگەشێتەوە داچۆڕایە نێو دوورگەیەکی بزربووەوە، ئەو هۆشە جوانەی کە یەکیەتییەکی گەورەو بەتینی لەگەڵ ژیاندا پەیدا کردبوو یەکیەتییەکەیان لێک پچڕا و جوانییەکەشیان شێوێندرا، ئەو ئارەزووە گەورە و پڕ لە تینوویەتییەی کە هێشتا تامەزرۆی لە کانی ژیان نەشکابوو دامرکایەوە.. ڕووحە پڕ لە ڕووناکییەکەی لە ناو تاریکی زینداندا هەڵواسرا..

– ئارام ئەمە تۆی لێرە؟ دیارە ڕێگات بزرکردووە!

ئەو یادگار و هەستانە لەسەر پەردەی مێشکی لاچوون. هەڵسایە پێ، بە خەندەوە بەخێرهاتنەوەی لە سەردار کرد:

– نیو سەعات زیاترە چاوەڕوانت دەکەم ماوەیەکە دیارنیت منیش بیرم دەکردی.

– من دیارنیم یان تۆ؟ ئەم شەو بەنیازبووم بۆلات بێم و هەندێ شت هەن پێکەوە باسیان بکەین. جارێ با هەندێ پەتاتە سوور بکەمەوە و تێر کفتە و پەتاتە بخۆین ئنجا قسە دەکەین.

– ئەرێ ئەم خواردنەی تۆ بوو بە چی ورگت هەر وا گەورە دەبێ! دوێنێ دایکم مەرەگەو برنجی لێنابوو تەنها دوو سێ کەوچکم پێ خورا، دەمگوت خۆزگە سەردار لێرە بوایە ئەوەندە بەپەلە قاپەکانی بەتاڵ دەکرد منیشی هان دەدا نان بخۆم و هەست بکەم بەشم نامێنێتەوە.

– ئاخر لەوە بزانە بێ شانسم کە دوێنێ نەهاتم لەوێ دایکوتم تا ئەو مەرەگە خۆشەی دایکت بخۆم. با پەتاتەکە سوور بکەمەوە ئنجا بڵێ برسیم نییە.

سەردار هەندێ پەتاتەی سوور کردەوە و لەگەڵ ئەو کفتەیدا داینا کە خوشکەکەی بۆی هێنابوون. لەبەرچاو ئارام قەڵەوتر و کورتتر دیاربوو.

– شەهاب و هەڤاڵ چۆنن؟ هەرسێکمان باشین، تەنها تۆمان کەمە. بۆشاییەکی گەورەت دروست کردووە، چاوەڕێین بگەڕێیتەوە.

– دیسان بەزمەکەیە؟ جارەکەی تر پێم نەگوتی باسی ئەم بابەتەم لەگەڵدا مەکە؟



– حەز دەکەین بزانین هۆی ڕاستەقینەی نائومێدی و وازهێنانی تۆ چییە؟

– تکایە سەردار هاتووم کەمێ قسەی خۆشم بۆ بکەی. من هەست دەکەم هەوڵدان سوودی نەماوە، توانای هەوڵدانم نەماوە، ئەو شتەی مەڵبەندی ئامانجەکانمی لە خۆ گرتبوو کوژرا. جاران کە دەمبیست نووسەرێک یان کەسێک خۆی کوشتووە زۆر پێم ناخۆش دەبوو، دەمگوت ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، ئێستا خۆم لەوانەیە پەنا بۆ ئەوە بەرم، بەباشترین ڕێگای دەزانم.. بیرکردنەوە و کێشەکانی ناخم و ئەم نائومێدییە گەورەیە تووشی سەرێشەیەکی تیژیان کردووم.. شەوان تا نیوە شەو خەوم نییە.. گرێیەکی گەورە لە دەروونمە و تەنگی بە ڕیخۆڵەم هەڵچنیوە.. نازانم بە چی ئەمانە لەبیرخۆم بەرمەوە و بۆ تەنها ڕۆژێک هەست بکەم دەروونم ئاسوودەیە.. خواردنەوەی زۆر دادی نەدام، لە سەرەتاوە شەوان تا نیوە شەو لە مەیخانەکان دەمامەوە بێ ئەوەی بهێڵم دایکم بزانێ.. ئەگەر لەسەر ئەو ڕێگایە بمایەم خۆم هیچ بەڵام خوشک و براکانیشم ڕێگای خۆیان بەردەدا.. هەستکردن بەوەی لێپرسراوی خێزانێکم لەو ڕێگایە دووری خستمەوە.. کۆستە گەورەکەم لەوەدایە ناتوانم یەک هەنگاو بەرەو دواوە بڕۆم. لەحزەی وا هەیە هەزار جار خۆزگە بەو نانەڕەق فرۆشە دەخوازم کە تا ئێوارە ماندووە و شەوانیش بە مێشکێکی ئاسوودەوە دەخەوێ.. ئیتر هەرگیز ناتوانم وابم.. خۆزگە دەمزانی خوێندنەوە و هەوڵدان بۆ شارەزابوون لە ژیان و دەروون بەم چارەنووسەم دەگەیێنن، ئەو کات ڕێم بەخۆم نەدەدا یەک دێڕ بخوێنمەوە.. لە هەموو شتێک بێزارم، سەلیقەی هیچم نەماوە، شتەکان لە دەمما تاڵ بوونە هەندێ

جار بەزەییم بە جەستەمدا دێتەوە و وا هەست دەکەم دەیچەوسێنمەوە.. دەزانم تۆ نا بەڵام زۆربەی برادەران ئەگەر گوێیان لەم قسانە بێ گاڵتەیان پێ دێ، یان بە ترسنۆکم لە قەڵەم دەدەن..

سەردار بە سۆزەوە گوێی بۆ ڕاگرتبوو، هەستی بە ڕاستگۆیی دەربڕینەکانی دەکرد. لەسەریەک قومی لە جگەرەکەی دەدا و، لە ناو بیرکردنەوەی ژیانە پڕ لە سەرچڵی و هەوڵدان و ماندووەکەی ئارامدا نووقم ببوو، وای دەهاتە بەرچاو لە جەنگێکی درێژ خایەنی پڕ لە ململانێی ناخی لەگەڵ دەرەوەدا دۆڕاوە و بە ناچاری کشاوەتەوە، دەسەڵات و ویستی بەسەر ناخیدا نەماوە، ئامانجەکانی لەو جەنگەدا کوژراون. بەڵام سەردار لەو بڕوایەدابوو ئەو جەنگەی ئارام خۆی تێدا بە دۆڕاو دەزانێ هێشتا کۆتایی نەهاتووە، بۆیە کشاوەتەوە تاکو توانا پەیداکاتەوە، هەروەک ڕەنگ زەردی و خامۆشی ئەم پاییزە خۆی بۆ بەهار ئامادە دەکات..

بەدەنگێکی پڕ لە گەرم و گوڕەوە پێی گوت:

– بە پێچەوانەوە ترسنۆک نیت، حەزیش ناکەم ئەم وشەیە لە تۆوە ببیستم. ئەم نائومێدی و ئازارانەی تۆ مانای ئەوەن بەم ژیانە ڕازی نیت، پێش ئێستا بەشێوەیەکی ئیجابی ڕازی نەبووی، هەوڵت بۆ گۆڕانی دەدا، بەڵام ئێستا ڕازی نەبوونەکەت بۆتە سلبی. تۆ وەک کەسێکی ئاسایی بیرناکەیتەوە، چۆتیە قووڵایی مەسەلەکانەوە، لێرە کەسی ئەوها دەبێ دووچاری ئەم کێشە گەورە دەروونیانە بێت. بەڵام یەکێ لە توانا شاراوەکانی ئینسان ئەوەیە ئەگەر کارەساتێکی گەورەی بەسەرداهات دەتوانێ لەو کارەساتە دڵتەزێنەوە شتێکی مەزن دروست بکات.



ئارام بێدەن گبوو، بۆ ئەوەی دەری خات بڕوای بەو قسەیە نەماوە بە خەندەیەکی گاڵتە جاڕییەوە سەری داگرت. لە هەمان کاتیشدا دەیویست نهێنی بەردەوامبوونی ئەو بزانێ. " ڕۆژگار هەموو زەبر و زەنگ و شەقە گەورەکانی خۆی لەگەڵیا خستۆتە کار کەچی ناکەوێ.. لەو بڕوایەدا بووم پاش ئەوەی سێ مانگ لە نەخۆشخانە کەوت و دەشیزانی قۆڵی سەقەت دەبێ ئیتر سەرنجە گەشەکانی نابینم. بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی پێشبینیم لێ دەکرد لە جاران زیاتر بە ژیانەوە نووسابوو. لە ماوەی چوار مانگدا شوانە مرد، شلێر بە شێتی لە بەندیخانە دەرچوو بەو شێوە دڵتەزێنە ماڵئاوایی لێ کرد، دایکی مرد، خۆی لەبان عاموودی کارەباوە کەوت سێ مانگ لە نەخۆشخانە کەوت و دەستی ڕاستی سەقەت بوو، باوکی مرد، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی دووەم ساڵی زانکۆ لە بەغدا جێ بێڵێ و نەتوانێ بەشی بەڕێوەبردن و ئابووری تەواو بکات.."

– سەردار با واز لە من بێنین تۆ لە گەڵ دایەرەکەتدا چۆنی؟

– زۆر جار ڕۆتینی ڕۆژانەی ئیشەکە بێزارم دەکا، بەڵام کە کتێبێکی خۆش دەخوێنمەوە، یان ئەرکێک ئەنجام بدەم لە دڵمەوە نزیک بێ، یان کە نەسرین دەبینم بێزارییەکەم لە بیر دەچێتەوە.

– ئای سەردار، کەس وەک من عەشقی خوێندنەوە نەبووە، ئێستاش سەرم لە تۆ سوڕ دەمێنێ توانای خوێندنەوەت ماوە، بیرتە ئەو شەوانەی تا نیوە شەو لەسەر دەروون ناسی و کۆمەڵناسی دەمەتەقێمان دەکرد چەند خۆش بوون. بەدڵ هەوڵم دەدا زۆر شت فێربم، زۆر شت بزانم، بزانم بۆ لەدوای هێگڵ فەلسەفە بوو بە پێنج بەشەوە، ئەو پێنج بەشەم بە وردی دەخوێندەوە، بە تایبەتیش

میسالییەکان و مادديیەکان و وجودییەکان. ئەو کاتانە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد هەموو ئەوانە کەف و کوڵی گەنجایەتی بن و کپ ببنەوە، یان ڕۆژێ لێیان بێزاربم و هەست بکەم بێ سوودن..

فرمێسک زانە ناو چاوەکانی سەردارەوە، بە سەرسوڕمان و خەمێکی سەیرەوە تەماشای ئارامی کرد.. هەستی کرد تا دواڕادە ڕووخاوەو لە گێژاوێکی گەورەی ئازاری دەروونیدا پەلەقاژێیەتی، خۆشی لە هیچ شتێکدا بەدی ناکا.." شایەنی ئەوە نیت لەم ساتانەدا، لەناو گڕی ئەم هەستە نامۆیانەدا بتبینم.. "

– چییە بۆ وا سەیرم دەکەی؟ زۆر ڕقم لە سەرنجی بەزەییە، گەرچی ئینسان لەم شارەدا پێویستی بە بەزەییە، ژیانیان لە فەلسەفەی میتافیزیکی دەچێ لەهەموو لایەکەوە دەگەنە دەرگایەکی داخراو، لە هیچ لایەکەوە ڕێگا نییە.

– ئێمەش هەموو وەک تۆ دووچاری گرفتی گەورە بووینەتەوە.. هەر بۆ نموونە من چی بەسەر ئامانجەکانم هاتن؟ چەندە حەزم دەکرد زانکۆ تەواو بکەم، چەندە ئامانجم بوو هەر بەلای کەمەوە دوو مانگ دایک و باوکم لە ماندووبوونە بێ کۆتاییەکەیان بحەسێنمەوە.. ئێستاکەش چەندە ئاواتمە نەسرین بێنم و لەم تەنیاییە ڕزگارم بێ، تۆ نازانی ئەم تەنیاییە بەردەوام وام لێ دەکا بیر لە ڕابردوو بکەمەوە، بیرەوەرییەکان ئازارم دەدەن.. چیت بۆ باس بکەم..

– تۆ پێم بڵێ لەگەڵ نەسریندا بە چی گەیشتن؟ ئەوەندەی من بزانم گرفتێکی ئەوتۆ نییە ڕێگرتان بێ. ئەو شەوە زۆر بیرم لێ کردنەوە، پێم خۆشە ئەگەر ڕازی بیت من و شەهاب دەچین لە کامەرانی برای داوای دەکەین، کامەران هاوڕێی خۆمانە بڕوا ناکەم قسەی ئێمە بشکێنێ،



بە تایبەتیش دەزانێ هەردووکتان دڵتان بەیەکەوەیە، ئەوەندەی منیش هەستم کردبێ پێی خۆشە. لەو ماوەیە بۆماڵمان هاتبوو بەداخەوە لە ماڵ نەبووم.

باسکردنی ئەو بابەتە ڕەنگی سەرداری هەڵبزرکاند، هەر لە سەرەتای قسەکردنەکەیانەوە نەیدەویست باسی ئەو بابەتەی لەگەڵدابکات و مێشکە ماندووەکەی ماندووتر بکات.. بێ ئارامییەکی لەپڕ و تیژ وەک شارە مێرووڵە لە ناخییەوە کەوتە جووڵە جووڵ.. هەڵسایە پێ، دەستی کردە گیرفانی و دوو جار ئەم سەر و ئەو سەری ژوورەکەی کرد، بەدەنگێکی نزم گوتی:

– وادیارە بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ماڵی نەسرین نازانیت. دەترسم ئەو تاکە کەسەی کە زۆر لە دڵمەوە نزیکە، لە کەسە خۆشەویستەکانی ژیانما تەنها هەر ئەو ماوە، ئەو خۆشەویستییەی کە گەورەترین هاندەرمە، یەکێکە لە سەرچاوە بەهێزەکانی تین و بەردەوامبوونم و، مانەوەی خەندەی سەر لێوم خەریکە لەدەستم دەچێ.

ئارام بە سەرسوڕمان و دەنگێکی بەرز پرسی:

– چی؟! بۆ خەریکە لە دەستت دەچێ چی ڕووی داوە؟!

– کامەران لێرە نەماوە بۆ تورکیا چوو، لەوێشەوە بۆ ئەوروپا دەڕوا، ئەو جارەی کە بۆ ماڵتان هاتبوو لەماڵ نەبووی بۆ ماڵئاوایی هاتبوو. پێش ئەوەی ئەو بڕوات سابیری برای لە فیراری گەڕاوەتەوە و بۆتە جاش، ئاگاداری کامەران زۆر باسی کەللە ڕەقی و نەزانی سابیری برای دەکرد. نازانم کێ بەڵام دڵنیام یەکێک لەو ماڵە خزمانەی کە بە تەمای نەسرینن باسی پەیوەندییەکەی ئێمەیان لا کردووە. ئەو ڕۆژە بۆ

ماڵیان چووم زۆر بەگرژییەوە بەخێرهاتنی لێ کردم، لەداخا دانەنیشتم و یەکسەر ڕۆیشتم. نەسرین لە نامەکەی ئەم دواییەیدا زۆر بە بێزارییەوە سکاڵای لەدەست دەکا، دەرەوەی لێ قەدەغە کردووە، هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکا بیرلە من نەکاتەوە، دەیەوێ بەزۆر بەشووی دا.. ئێستا ئەو سەرگەورەی ماڵەوەیانە و هیچ شتێک بەبێ پرسی ئەو نابێ..

ئارام هەڵسایە پێ، شەپۆلێکی خۆشەویستی لە دەریا پەنگاوەکەی ناخی بەرەو سەردار بەرز بووەوە.. لەو ساتەدا بچووکترین بیرکردنەوە لە ئاست گرفتەکانی خۆیدا نەما، بە تەواوی لەناو ئەو گرفتەدا تواوەوە. دەستی کردە سەرشانی، بە هێمنی و تینەوە گوتی:

– پێویستە بەهەموو تواناتەوە هەوڵ دەی لەدەستت نەچێ، هەموو ئامادەین لەگەڵتا هەوڵ دەین. پێشینان دەڵێن پیاو بە پیاو دەگیرێ کەریش بە کەر دەگیرێ، بزانە کێ لە بنەماڵەکەیان لە خۆی گەمژەتر و کەرترە دەچینە لای و داوای لێ دەکەین بچێتە داخوازی. نابێ، نا، ئەم چیرۆکە خۆشەش ببێتە کارەساتێکی دڵتەزێن و بچێتە ڕیزی کارەساتەکانی تری ژیانتەوە، نابێ ببێتە بیرەوەرییەک و وەک هەموو بیرەوەرییەکانی تر ئاخ و ئۆفیان بۆ هەڵکێشیت.

سەردار هەستی بەو خەم و دڵسۆزییە کرد کە ئارامی ورووژاندبوو.. هەستی بە پەشیمانی کرد، بۆ ئەوەی ئەو هێمن بکاتەوە و خۆیشی هێمن بنوێنێ گوتی:

– منیش نیازم وایە. خۆ ئەگەر هەموو هەوڵەکانیشم بێ سوود بوون ئەو کاتە هەر یەک دوو هەفتە زۆر نارەحەت دەبم.. لەپاشان بە ناچاری بە ئەنجامی کۆتایی ڕازی دەبم. شارەزای خۆم بوومە و دەزانم



گەورەترین ڕووداوی ناخۆش هەر چەند هەفتەیەک ئازارم دەدا.

– حەزدەکەم زیاتر لات بمێنمەوە بەڵام خوشکەکەم بەتەما کردووە بۆ دوکتۆر بیبەم.

ئارام خواحافیزی لێ کرد و ڕۆیشت. سەردار لەسەر لاکێشەکە درێژ بوو ویستی کەمێک چاو لێکنێ، وەک زۆربەی جارەکانی تر تارمایی شلێر هاتە پێش چاوی." شلێر گیان بمبەخشە من لە ئاستی تۆ تاوانبارم، خەتابارم.. تاوانبار نیم؟! بۆ تاوانبار نیم؟! ئاخر نەک هەر ئەو ڕۆژە مانگێکیش شەو و ڕۆژ لە دیارت دانیشتمایە لەپاشان هەر وات لەخۆت دەکرد. ئەگەر بمبردیتایە بۆ شێتخانەش سەرەڕای ئەو ڕەفتارە ناشرینانەی کاربەدەستانی ئەوێ کە لە گەڵ شێتەکاندا دەیکەن سەریشت بە قوڕدا دەکرم.. هەر لەو کاتەوەی لە بەندیخانە دەرچوویت و بینیمت سەر زمان و بن زمانت ئەوە بوو تۆڵەی شوانە دەکەینەوە.. جگە لەوەی کە جوان بوویت و لە شێتخانە بوویتایە گرفتەکان زیاتر دەبوون.. دەزانم، دەزانم شلێر گیان ئەگەر لەوێ بوویتایە لەوانە بوو خۆت نەکوژیت و، ڕۆژێ لە ڕۆژان چاک بیتەوە..

ئۆف، ئێ دە بەسە هەرچی ڕۆیی ڕۆیی ناگەڕێتەوە. شلێر گیان زۆر جار کە بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە کە لەسەر عامووده چوار مەترییەکەوە کەوتمە خوارێ وا هەست دەکەم ئەگەر ڕێگای ئەنجامدانی هەموو کارێکم لێت بگرتایە لە ڕێکخستندا ئەوهام بەسەر نەدەهات.. لەو کاتەوەی تۆ کۆچت کردووە ڕۆژێ خۆشیم نەدیوە. زۆر ڕووداوی ناخۆشم بەسەر هات، لە دوای گیرانی تۆ باوە دڵی وەستا و مرد، ناچار لەبەر بێ پارەیی و لەبەر تۆش بۆ بەغدا نەچووم و زانکۆم جێ هێشت، لە دایەرەی کارەبا بە شێوەی کاتی دەستم بە ئیشکردن کرد..

بەڵام دڵنیابە هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەگەر بە تەنها جێت بێڵم ئەوها لەخۆت دەکەیت. من بەدەست و پێی بەستراوەوە دەرگام لەسەر داخستی و جێم هێشتی، چووزانم تۆ بیست و دوو دانە حەب لەناو دۆلابەکە دەردەکەیت و دەیخۆیت.."

بیری لەو ڕووداوە دەکردەوە کە بوو بە هۆی بەستنەوەی دەست و پێی. ئەو شەوەی کە سەعات دوانزە پاش ئەوەی لە خەوتنی ئەو دڵنیابوو خۆیشی چووە سەر جێگاکەی و خەوت.. کە بەرەبەیان بەئاگا هاتەوە بینی لەسەر جێگاکەی نەمابوو.. ئەوە یەکەم جاری بوو لە ماڵ دەرچێت، پێشتر ماڵی خوشکە بە شووەکەی هێنابووەوە حەوشە تاکو بەڕۆژەوە کاتێ خۆی بۆ ئیش دەچێ چاویان لێ بێ بە شەویش خۆی چاوی لێ دەبوو.. " ئەبێ بۆ کوێ چووبێ؟! لە کوێ لە شوێنی بگەڕێم؟ جارێ با بچم مەرکەزەکانی ئەم دەوروبەرە بگەڕێم ئنجا نەخۆشخانەکان. ئا وای لێ دەکەم. خۆزگە هەر لە مەرکەزەکان بێ و پیاو خراپ نەیبردبێتەوە.. نا، نا باوەڕناکەم گیانی هەموی زامدارە و هەر کەسێ بیبینێ بەزەیی پێدا دێتەوە. پێرێ چەندم هەوڵ لەگەڵ ئەو دوکتۆرە نەگریسە دا بیخەوێنێ ڕازی نەبوو، گوایە لە ماڵەوە دەرمانەکان وەرگرێ باشترە. ئەوە دوو هەفتەیە لە بەندیخانە دەرچووە شەوێک بە تەواوی نەخەوتوومە.

خوشکەکەی بە پاڕانەوەوە پێی گوت:

– تخوا سەردار گەر دۆزیتانەوە لێی نەدەی گوناحە، حەیف بۆ شلێر.

– ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ من دەست هەڵگەڕێنمەوە لە شلێر بدەم؟! چۆن دڵم دێ، چەند ساڵی تریش بەم شێوەیە لەگەڵما بژێ باوەڕناکەم



بتوانم لێی بدەم.

لە یەکێ لە مەرکەزەکان دۆزییەوە، پێش ئەوەی بیدەنە دەستی بردیان بۆلای مفەوەزەکە، بەوشەی تێکەڵ و پێکەڵەوە گوتی:

پێیان گوتم شلێری خوشکم لێرەیە، دەمەوێ بیبەمەوە، ئەوە هەویەی هەردووکمانە.

– شلێر خوشکی تۆیە؟

– بەڵێ.

– باشە تۆ چۆن کەرامەتت قبووڵ دەکا کچێکی گەنجی بریندارى وەک ئەو لەسەر شەقامەکاندا بدۆزرێتەوە؟

سەری داگرت، بە هێواشی گوتی:

– ئەمە یەکەم جاریەتی، ئاگام لێ نەبووە لە ماڵەوە ڕای کردووە، دواجاریشی دەبێ.

– لە کەیەوە وای لێ هاتووە؟

– دوو هەفتەیە ئەوها دەیبینم.

– بۆچی بۆ شێتخانەت نەبردووە، کەی دەیبەی؟

دەیزانی ئەگەر بڵێ بۆ شێتخانەی نابەم نایدەنەوە و خۆیان دەینێرن، بۆیە گوتی:

– سبەینێ دەیبەم. ئەمڕۆ دەیشۆین و برینەکانی دەبەستین. بەڵام دەمەوێ بزانم چۆن گەیشتە ئەم مەرکەزە؟

مفەوەزەکە بەتووڕەیی و داخەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەم بەرەبەیانە پۆلیسی نەژدە بینیبوویان بەجل و بەرگی دڕاو و پێی پەتییەوە جار جار هاواری دەکرد و دەگریا، جار جاریش پێدەکەنی. ئەوانیش بۆ ئێرەیان هێنا بەڵکو خاوەندی بە شوێنیدا بێ.

ئەگەر ئیجرائاتی خۆمان دەکرد و بۆ شێتخانە دەماننارد، ئەو کەڵکی دەرەوەی شێتخانەی نییە، ئەم مەرکەزەی بە فیزاح و هاوار پڕکردووە، هەڕەشەمان لێ دەکا، دەڵێ:

– ئێوە بەقسەی خۆش تەفرەم دەدەن تاکو ئیعتیراف کەم..

قسەکانی پێ بڕی و گوتی:

– قوربان شێتە، کە گوتت شێتە دەبڕێتەوە. ئاگای لە دنیا نییە گوێی لە هەر قسەیەک بێ ئەو قسەیە دەڵێتەوە.

شلێریان هێنا دایانە دەستی. سەرقۆڵی کراسەکەی و سەر سینگی بەڕاکێشانی بەئەنقەست دڕابوون، لێوە هەڵبزرکاوەکەی تەڕایی تێدا نەمابوو، قژی وەک دێوانە بەسەریەکدا ژاکابوو نیوەی دەم و چاوی داپۆشیبوو، دڕانی کراسەکەی لە هەندێ شوێنەوە قەواڵەی زامەکانی جەستەی نیشان دەدا.. کە ئەوی بینی پەلاماری دەستی دا و ماچی کرد، بەگریانەوە داوای لێکرد:

– دەزانم تۆ لێم نادەی.. توخوا مەهێڵە بۆ ژوورەوەم بەرن، زۆر ناخۆشە، ئەها چییان لێ کردووم؟ ها، ئەی چی تۆڵەی.....

زانی ئەگەر بهێڵێ ئەو وشەیە تەواو بکات هەمان وشەکانی سەرەتای بەبیر دێتەوە، دڵی بەوە خۆش بوو مفەوەزەکە عەرەبەو باش کوردی نازانێ، بەتووڕەییەوە هاواری کرد و قسەکانی پێ بڕی:

– بیبڕەوە بێدەنگبە، یەڵڵا پێشم بکەوە بابڕۆینەوە.

شرە بەتانییەکیان بۆ هێنا دایە سەر شانەکانیدا و بەدووی خۆیدا پەلەکێشی کرد، تەکسییەکی ڕاگرت و هەردووکیان لە پشتەوە سەرکەوتن، دەستی توند گرتبوو، تەماشای سەرشەقامەکانی دەکرد، حەزی دەکرد تادەگەنە ماڵەوە بێدەنگ بن، بیری لە هەزار شت



دەکردەوە، دڵنیابوو پیاو خراپ ڕفاندوویانە و چەندەها ڕەفتاری ناشرینیان لەگەڵیا کردووە.. کە وێنەی ئەو ڕەفتارە ناشرینانەی دێنایە پێش چاو خۆی هێڵنجی دەهاتێ و مێشکی خەریک دەبوو بتەقێ.. زۆر دەترسا زگی پڕکرابێ، لە وەتەی لە بەندیخانە دەرچووە ئەو ترسەی هەیە.. خۆزگەی ئەوەی دەخواست لەژێر ئازاردا بیانکوشتایە و بەم شێوەیە نەیدیتایە.. بیری لە هەموو ئەو چارەسەرانە دەکردەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بیگرێتە بەر." باشترین چارەسەر ئەوەیە هەینی داهاتوو بۆ لادێکەی ماڵی مامم بیبەم، ئەوان زۆر باشن هەفتەیەک لەوێ دەمێنینەوە بەشکو باشتربێ."

بردییەوە ماڵەوە، خوشکەکەی لە شلێر چووە پێش و پێی گوت:

– شلێر تۆ بۆ وا دەکەی؟ بۆ ئەوەندە خەفەت دەدەیتە سەردار؟

هاوارکردن دەنگ شلێری نووساندبوو، بەتانییەکەی لەسەر شان خۆی داماڵاند، بەتووڕەیی هاواری کرد:

– سەگباب، قەحپەی.......چیتان دەوێ؟ بڕۆنە دەرێ هەی........لێم گەڕێن نامەوێ بتانبینم.

دەستی گرت و بە هێمنی بردییە ژوورەکەی خۆیان، داینیشاند و خۆشی لەلایەوە دانیشت، پێی گوت:

– شلێر ئەوە هەموویان چوونە دەرێ، مەترسێ ناهێڵم کەس پەنجەت بۆ درێژ بکات، ئەی من برات نیم؟ نازانی چەندە تۆم خۆشدەوێت، ئێستا برسیتە وەنییە؟ لە ئێوارەوە هیچت نەخواردووە.

بەپێکەنینەوە پرسی:

– بەڕاستتە؟! تخوا کەرتێ نانە ڕەقم دەدەیتێ؟ تەنها کەرتێ، کەرتێ بچووک.

– هەر ئێستا دەڕۆم کەبابت بۆ دەکڕم.

دەست و پێی بەستەوە، دەرچووە دەرێ و دەرگای لە دووی خۆیەوە بە کلیل داخست. دەیزانی دەست و پێی توند نەبەستاوەتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی دەرگای کلیل دابوو دڵی نەدەترسا . لە نزیکترین کەبابخانە لە ماڵیانەوە دوو نەفەر کەبابی کڕی و بەپەلە گەڕایەوە ماڵێ. دەرگای ژوورەکەی کردەوە، دڵی داخورپا .. چاوی زەق بووەوە.. کەبابەکەی لەدەست کەوت، ڕای کردە ژوور سەری، پاکەتێ کەپسوولی ئەمپیسلین و شووشەیەک حەبی زگ ێشە و هەندێ حەبی تر بە بەتاڵی لەنزیک دەستییەوە کەوتبوون.. دەست و پێی کرابووەوە. سەری بەرزکردەوە، تەنها هەناسەکانی نەبێ جووڵەی لە گیانیدا بەدی نەکرد.. نوتقی کرایەوە و بانگی خوشککەی و زاواکەیانی کرد، بەپەلە بۆ نەخۆشخانەیان برد.. تا دوکتۆر هات ئەو دوا هەناسەی بەژیان سپارد.. گیانی زۆر لەوە لاوازتربوو بەرگەی خواردنی ئەو هەموو حەبە بگرێ. کە سەرچەفە سپییەکەیان بەسەر دەم و چاویا دا ئەو وەک بووکێکی فریشتەیی دەهاتە پێش چاوی.. هەستی بەڕق و بەزەیی پیاهاتنەوەیەکی بێ سنوور دەکرد، شۆڕشێکی گڕگرتووی گریان لە ناخیەوە تەقییەوە، فرمێسکەکانی دابارین، دەسەڵاتی بەسەریاندا نەما.." هێزێکی خوایی لە کوێ بێنم ئەم هەستانەم بۆ دەربڕێ.. زمانم توانای گوتنی وشەیەکی نییە، بۆ جێت هێشتم؟ خۆ زامەکانم تیمار نەکردی، بەس پێم بڵێ چۆن بهێڵم خۆڵ بەسەر ئەو چاوانەتا بکەن؟ من تاوانبارم بۆ بەتەنها جێتم هێشت.. چیت بۆ بکەم هەموو دونیا تۆڵەی تۆی پێ ناکرێتەوە. من و تۆ لە خوشک و برا زیاتر بووین، خۆت پار لە ڕۆژێکی وەک ئێستادا بە زۆر بۆ پیاسە بردمت، ئەو کات پڕ لە



جموجۆڵ و، چالاکی بوویت، کاتێ پێمت گوت:

– سەردار لەو کاتەوەی شوانە بۆتە پێشمەرگە غەمبار دەتبینم، دەزانم جیابوونەوەی یەکێکی خۆشەویست لە خێزاندا زەحمەتە، بەڵام دەبێ ڕابێین.

– نازانم بۆ وا بیری دەکەم، دەمەوێ بچم سەردانی بکەم.

کە ئەوان ڕۆیشتن تۆ جێت نەهێشتمایە. باوەڕ ناکەم لە خێزانێکی پێنج نەفەری لەماوەی کەمتر لە پێنج مانگ تەنها خۆم مامەوە! "

سەردار وەک زۆربەی ڕۆژانی تر بەدەم ئەو خەیاڵ و حەسرەت و وڕێنەوە خەوی لێ کەوت.

٥

ئارام زۆر لە ماڵی سەردار دوور نەکەوتبووەوە یەکێک بانگی کرد:

– ئارام ئەوە خۆتی، من وا بەشوێن تۆ و سەردارا هاتووم با بەپەلە سەردار بەرین و بۆ لای هەڤاڵ بڕۆین.

– چییە شەهاب بۆ وا پەشۆکاوی؟!

– هەڤاڵ سەیارەی وەرگەڕاوە، لە پاش ئەنجامدانی چالاکییەک زۆر بەپەلە سەیارەی لێخوڕیبوو لەگەڵ سەیارەیەکی تردا لێک کەوتبوون، سەیارەکەی دوو تەقڵەی لێداوە.

گەیشتنە ماڵی سەردار، کاتێ شەهاب هەواڵەکەی پێ گوت بەلایەوە شتێکی ئاسایی بوو.

– سەیرە! بۆ وا بەلاتەوە ئاساییە؟!

– ئەوەندە هەواڵی ناخۆش دەبیستم بەلامەوە بۆتە شتێکی ئاسایی.

شەهاب بە کەمێک تووڕەیی و جدییەوە گوتی:

– کاکە ئێمە دەزانین ئەو کوڕە هەموو کەس و کاری ئەنفال کراون، کەسی لەم شارەدا نییە، چی لە تواناماندابێ بۆی دەکەین. کەمێک لەمەوپێش برادەرێکی پەیمانگای هات و پێی گوتم.

پاش ئەوەی هەرسێکیان بەڕێ کەوتن سەردار بە پێچەوانەی پێش بیستنی هەواڵەکە دەم و چاوی ڕەش داگیرسا، سێ لۆچی درێژ نێو چەوانیان گرژ کردبوو، سەری داگرت.. لەیەکچوونێکی لە نێوان خۆی



و هەڤاڵدا بەدی دەکرد." خۆ منیش وەک ئەو بێ کەسم، ڕاستە میمکزاو خاڵۆزا ماون، بەڵام کەسی دڵسۆزی من نین.. دەبێ ئێستا هەڤاڵ هەست بە چی بکات ئەگەر بمرێ دەبێ جگە لە برادەرەکانی کێی تر یادی بکاتەوە؟ "

نزیک نەخۆشخانە بوونەوە. سەردار هەستی دەکرد شتێک تا دێ دڵی توند دەکا." ئای لەم ژیانە! چەند مانگ لەم نەخۆشخانەیە بەدەم ئازارەوە تلامەوە.. خزم لێم بێزاربوون، هاوڕێکانم نەبوونایە کەس سەری لێ نەدەدام، بەڕاستی هاوڕێی باشم هەن، بەهاری خوشکم جار جار سەری لێ دەدام بەڵام نەدەکرا ئەو بە شەوان لە دیارم بێ و چاودێریم بکات، نازانم چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئازارەم دەگرت! لەو بڕوایەدام ئەگەر هەستەکانم بە گۆرانی گوتن دەرنەبڕیایە تووشی نەخۆشییەکی گەورەی دەروونی دەهاتم.. ئای کە ڕۆژگارێکی تاڵم پاش دەرچوون لە نەخۆشخانە بەسەربرد، سەرەڕای کورتە باڵایی و ڕەشی و قەڵەوی قۆڵیشم سەقەت بوو، کەمایەتییەکی گەورە لە خۆمدا هەست پێ دەکەم، هەژار، ناشرین، تاق و تەنها، بێ بڕوانامە، ئەوەی ئازارم دەدا ئەوەیە هەست دەکەم هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر ئەو شتانەدا نییە، بە دڵ حەز دەکەم شتێ بکەم، هەنگاوێ بنێم، هەمیشە هەوڵ بدەم تاکو لەم هەستە ڕزگارم بێ.. نازانم من چیم نەسرین بۆ منی خۆشدەوێ! کێ بڕوا دەکا تۆی جوان و، هەست ناسک و ڕەوشت بەرز، تۆی پەری، تۆی فریشتە منت خۆشبوێ؟

– نەسرین زۆر لە داهاتووی خۆشەویستییەکەمان دەترسم.. کێ بڕوا دەکا، کێ قبووڵ دەکا تۆی شۆخ و شەنگ بۆ من بیت؟! بۆ لێم ناگەڕێی لەناو کونجی ژوورەکەمدا لە خەونەکانیشمدا تەنهابم؟ بۆ وام

لێ دەکەی خەون بە شتێکەوە ببینم ئازارم دەدا؟ ڕاستە خۆشترین خەونە بەڵام ئازارەکانی زیاترن..

– چەند جارم پێ وتووی ئەم قسانە لای من مەکە. بڕوات بێ گوێم لێ نییە قۆڵت سەقەتە، ناشرین بیت یان قۆز، کرێکار بیت یان دوکتۆر.. گرنگ ئەوەیە ڕەفتار و هەڵس و کەوتەکانت، بیرکردنەوەت، وشەکانت، کەسایەتیت.. سەردار بەهەموو لایەنەکانییەوە لە ناخی دڵم چەقیوە..

– ئەمە بۆ من زۆرە.

– زۆر نییە، کە لەناو ژوورە بچووکەکەتدا خێزانێکی بەختەوەر دامەزرێنین ئەو کاتە منیش دەڵێم ئەمە زۆرە و سوپاسی خوا دەکەم لەو خۆشییەدا بەردەوام بین.

– نازانم بۆ قسەکانی تۆ وەک ئەفسوونێک هیچ ترسێ لە دڵما ناهێڵێ.

خۆزگە هەر ئەو ترسە بووایە و، ئەم ترسە گەورەیەی ئێستاش هەڕەشەی لە خۆشەویستییەکەمان نەکردایە.. هەموو توانام دەخەمە کار بۆ ئەوەی لە کیسم نەچێ.. خۆزگە ئەم برا نەگریسەی نەدەگەڕایەوە و کامەرانیش جێی نەدەهێشتین. تازە خۆزگە سوودی نییە، کامەران ڕۆیشت. "

لەبەر دەرگای نەخۆشخانە شانی لەشان پیاوێک کەوت، بە گورجی داوای لێبووردنی لێ کرد. پاش هەوڵدانێکی زۆر لەگەڵ دەرگاوانەکەدا هێشتی بڕۆنە ژوورێ. لە هۆڵی پیاوانی مێرجنسی چاویان بە هەڤاڵ کەوت، لە ڕیزی ئەو سەرەوەی نەخۆشەکانەوە لای پەنجەرەکە بوو، هاوڕێکەی پەیمانگای لەدیاری بوو، ڕەنگی وەک لیمۆی زەردی لێ



هاتبوو، بووتڵێ موغەدی لە دەماری قۆڵییەوە بەرەو جەستەی دەچوو، چاوەکانی لێکنابوون.. نەیانزانی نوستووە یان بێ هۆشە. ئارام پرسی:

– ئاگای لە خۆیەتی.

– بە تەواوی نازانم، بەتەواوی نازانم، جار جار چاوی دەکاتەوە و سەیری دەوروبەری خۆی دەکا، کە چاوی زەق دەکاتەوە دەڵێم هاکا تەواو دەبێ و لە کۆشی مەرگدا خەوی لێ دەکەوێ، بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرێ.

سەردار بە کوڕەکەی گوت:

– تۆ ماندوویت بچۆ ماڵەوە ئیسراحەت بکە ئێمە وا لێرەین، من هەر لەلای دەبم.

– باشە من شەو دێمەوە بۆلاتان.

سەردار دەستی کردە سەر شانی و ڕایگوشی، ئەویش هۆڵەکەی بەجێ هێشت.

– ئاو، نەختێ ئاو.

سەردار بە کەمێک ئاو لێوی تەڕکرد، بەدەستەسڕە سپییەکە دەوری لێوی و نێوچەوانی سڕییەوە.. بە هێواشی لێیان پرسی:

– ئازارت زۆرە؟

چاوی هەڵبڕی.. سەری باشەی لەقاند.. زۆری لەخۆی کرد و بە لاوازییەوە گوتی:

– ئێوە کەسی منن، ئەگەر مردم هەندێ وێنەی فۆتۆگرافی لادێکەمان جوانترین یادگاری ژیانمن، ئەوە هەموو سامان و سەرمایەکی منە لای ئێوە بە ئەمانەت و یادگاری بەجێی دەهێڵم..

وشەکان بەزۆر لە گەروویەوە دەهاتنە دەرێ، دەنگی ئەوەندە لاواز و هێواش بوو بە ئاستەم دەبیسترا.. جگە لەوان هەرکەسێ تر لە دیاری بوایە قسەکانی بە ورێنە دادەنا. دیسانەوە چاوەکانی لێکنان.. نالەی نەخۆشەکانی تر و چاو داخستنەوەی ئەو دڵی ئارامیان بەجارێ تەنگ کرد. دڵ توندییەکەی وردە وردە لە نالەو غەڵبە غەڵبی نەخۆشەکان بێ ئاگای دەکرد و، بە چەشنی ئەفسوونێکی لەپڕ بۆ ناو ئاهەنگی پێکەنینە پڕ لە زەوقەکەی ساڵێ لەوەپێشی خۆی و هەڤاڵی برد.. پاش نیوەڕۆیەک بوو هەردووکیان بە پیاسەوە بەرەو نەقلیات دەڕۆیشتن، لێی پرسی:

– ئەوە چییە هەڤاڵ بۆ وا خۆت سپۆرت کردووە چیت لە ژێر سەرە؟ قات کوردی و کەڵاش پەڕۆیین، بۆن و بەرامیش لەولاوە بوەستێ..

– دڵم زۆر خۆشە، سێ هەفتەیە سەرم لە ماڵەوە نەداوە، پاش دوو سەعات تر لەناو لادێکەماندا خۆم دەبینمەوە..

– هەر لەبەر بینینی ماڵەوە و لادێ دڵت خۆشە یان....

– هەموویان. بەڵام ئەو زیاتر دڵی خۆش کردووم، تۆش وا دەزانی کچی پەیمانگا ئەوم لەبیر دەبەنەوە.

تەماشای درێژایی شەقامەکەی دەکرد و بیری لە خۆشییەکەی هەڤاڵ دەکردەوە، لە بزە و چوستی جووڵانەوەکانی، تامەزرۆ و تاسە بێ سنوورەکانی، هەستی جوانی پەرستییەکەی، دڵە فراوان و پڕ لە بەزەییەکەی، لە جوانی لادێکەیان.. زۆر جار وێنەی جوان و قەشەنگی لادێکەیانی پێ نیشان داوە، لە هەندێ وێنەدا ڕێژنەباران دای کردووە و لادێیەکان بە باگردێن سەر خانووەکانیان دەکوتنەوە، چۆلەکەکان لەناو هێلانەی بن گوێسوانەکانەوە سەریان هێناوە دەر و دەنووکیان



کردۆتەوە، دەیانەوێ بەجریوە و جووکە جووک بێچووەکانیان ببەنە ژوورێ، لە هەندێ وێنەی تردا کەندرەکان پڕ لە ئاو بوونە و گۆلە ئاوی گەورە وەک پەڵە هەورەکانی ئاسمان لەناو کۆڵانەکاندا مەکس بوونە، مناڵان بە بازبازۆکێ بەسەر گۆلە ئاوی بچووکدا باز دەدەن و بەرەو قوتابخانە دەڕۆن، یان وەرز بەهارە، چواردەوری لادێ فەرشێکی قەرسیلی تا چاو بڕبکات داخراوە، ژنان بە کراس و کەوا و هەوری و تورمەی ڕەنگاو ڕەنگەوە بەرەو کارێزی لێوار گوند دەڕۆن، بەرخەوان و شوان شمشاڵیان بەدەستەوەیە و بەرخەڵ و مەڕیان بەرەو ناو قەرسیلەکان پێش داوە، شنە با باوەشێنی گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ناو باخچەکان دەکات، قامیشی تەیمانەکان بوونەتە کۆڵەگەی گوڵە هێرۆ و لاولاوە و دارمێوەکان..

بە تەوسەوە پێی گوت:

– ئێستا بۆم دەرکەوت بۆچی ئەو کاتەی بە نوێ لە گوند دوور کەوتبوویەوە ئەوەندە غەمبار بوویت، توومەس مەسەلە لێکدابڕان و جیابووەنەوەیە! کەچی ئاخت هەڵدەکێشا گوایە لەبەر چەند گرفتێکی خێزانی لە زانکۆ وەرنەگیراوی و هەقی خۆتە خەم بخۆیت!

هەڤاڵ بەپێکەنینەوە گوتی:

– خۆی گرفتە خێزانییەکان هەبوون، بەڵام لەچاو گرفتەکانی ترەوە بچووک بوون، خۆم گەورەم دەکردنەوە، سەیرە بۆ وام دەکرد؟ هەر لە منداڵیمەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابیانی لادێکەماندا ململانێمان دەکرد، هەر یەکەمان هەوڵی دەدا لەوانی تر باشتربێ، کە ئەوان لە زانکۆ وەرگیران و پلەی منیش لە ئاست زانکۆدا نەبوو زۆر نیگەران بووم، ڕاستە لە کاتی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵدا ئاژاوەیەکی

گەورە لەسەر پارچە بەراوێک کەوتە نێوان باوکم و خاڵوانمەوە، گەیشتە ئەو ڕادەیەی باوکم و خاڵم تەڵاق بەتەڵاق بکەن، زۆر دڵم بەدایکم دەسووتا، بەبڕێ مناڵەوە بێئەوەی هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ مێردەکەیدا هەبێ دەبوو تەڵاق بدرێ.

ئەوان ماڵاتیان بەردەدایە ناو دەغڵ باوکمەوە، باوکم مەکینەی ئەوانی سەقەت دەکرد.. جگە لەوانەش هۆیەکی دیکەش بۆ پلە نزمی من هەبوو، ئەویش ئەوەبوو بەدرێژایی ساڵ مێشک و دڵم بەدڵدارییەوە خەریک بوو، کەم ئاگام لە خوێندن بوو، دەبوایە زیاتر هەوڵم دایە.. نەمدەویست دان بەم هۆیەدا بنێم و تەنها هۆیە خێزانییەکانم کردبووە بیانوو.. هەقی وایە بەهەقی خۆمی بزانیت ئەگەر خولیاو سەودای بینینی بەم شێوەیە دڵم خۆش بکات، تەنها جوانی ئەو و لادێکەمان وای لێ کردووم وێنەگرتن و هەموو شتە جوانەکانی ئەم دونیایەم خۆش بوێ، پێیاندا قووڵ بمەوە، سۆز و کسپەی خۆشەویستی ئەو لەو بەفرەدا بەدی دەکەم کە زستانان کرێوە دەکات و تارایەکی سپی بەسەر لادێکەماندا دەدات، لەو نسارەدا بەدی دەکەم کە هەمیشە مایەی خۆشییەو پشتی لە هەموو ناخۆشییەک کردووە، لە جریوەی ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی خۆمدا بەدی دەکەم، لە لێوی ئاڵی خونچەی ناسکی ناو گوڵزارێکی جواندا بەدی دەکەم.. ئەوە چییە خۆ گەیشتووینەتە نەقڵیات.

– بۆ ئێستا دەزانیت؟! وادیارە تۆ بەزۆر شت نازانیت!

– وەکو چی؟!

– وەکو ئەوەی شاعیرێکی هەست ناسکی و، تا ئێستاش پارچە شیعرێکت نەنووسیوە بۆمی بخوێنیتەوە.



– وانییە شیعرم نووسیوە. بەڵام وام دەزانی تۆ لەگەڵ ئەم شتانەدا مەیلت نییە و بە هی هەرزەکاریان دەزانی، کە گەڕامەوە هەندێ لەو شیعرانەت بۆ دەخوێنمەوە، ئەگەر هەر لەسەر ئەم زەوقەی ئێستابیت و گوێم لێ بگری. خوا حافیز.

– کەمێک ئەو سەرچەفە لادە با بزانم چۆنە.

ئارام هەر وەک لەوێ نەبێ لە جێگای خۆی نەجوولا.

– تۆ کاکە، لە کوێیت؟

کەمێک ڕاچەنی، بەپەلە گوتی:

– ببوورە دوکتۆر.

سەرچەفەکەی لادا و دوکتۆر تەماشای زامەکانی کرد، پاش ئەوەی لە فەحسکردن بووەوە گوتی:

– ئەمانە هەموو ئەنجامی خراپی سەردەمی خێراین.

دوکتۆرەکە بەرەو نەخۆشەکەی بەرانبەریان ڕۆیشت. هەڤاڵ بیری لە قسەکانی دەکردەوە، هەستی کرد بەڕاستی لە سەردەمی خێراییدا دەژێ.." ژیانی شار منی فێرە خێرایی کرد.. ئاخ تەنیایی.. هەموو شەوێ بێزاری و تەنیایی بێ توانام دەکەن، نە تەلەفزیۆن، نەڕادیۆ.. هیچ شتێک ئەو هێزەی نییە لەدەست ئەو تەنیاییە ڕزگارم بکات.. من گوندەکەم و دڵدارەکەم و تێکڕای خێزانەکەم ئەنفالن.. چی دڵی من لەناو مشتێ خۆڵەمێش هەڵگرێتەوە، چی مێشکی من لەدەست ناڵەو هاواری کەسە خۆشەویستەکانم ڕزگار بکات.. ئینسان کاتی نەخۆشی و لێقەومان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە کەسەکانیەتی.. ئەوەتا من سەر هەڵدەبڕم و چاو دەگێڕم کەسە خۆشەویستەکانم کەسیان نابینم.. ئەم شەوە دوور و درێژانەی پاییز بەتەنها بەسەردەبەم، هەموو

ڕۆژانی بەیەکەوەبوونمان بوونەتە یادگاری پڕحەسرەت.. باوەڕناکەم! بۆ لە پڕێکا وامان بەسەرهات؟! ئای ئارەزوو چەندە خۆش بوو ئێستا بەو دەستە نەرم و ناسکانەی خۆت دەستت بە نێوچەوانمدا بێنایە، کێ سۆز و کاریگەرییە پڕ لە ئەفسوونەکەی تۆی هەیە.. ڕۆژگاری تاڵ لێکی کردین.. دەستی چەپەڵی ناپاکەکان بێ بەزەییانە بزریان کردی.. دوای ڕۆیشتنت ماوەیەکی دوور و درێژ دڵم وەکو بێچوویەکی لە دایک و باوک دابڕاو لەناو هێلانەی یادەکاندا شیوەن و گریانی دەگێڕا.. ئەو هێلانەیەی من و تۆ لە ناویا باڵمان گرتبوو، تازە فێری فڕین ببووین، کەچی تفەنگی ڕاوچییە گەورەکان لە گەرمەی فڕین و تاسەی چوونە ناو گوڵزارێکەوە سێرەی لێ گرتین و پشتی بەزەویدا خستین..

هەردوو دەستی بە گوێیەکانیەوە گرت، تەماشای برادەرەکانی کرد، ئینجا تەماشای دوکتۆرەکەی کرد بینی لەگەڵ سستەرەکاندا نەخۆشەکەی ئەوسەریانەوە بەجێ هێشت، لەدەرگای هۆڵە گەورەکەوە چوونە دەرێ.. خەڵکی هەمەجۆر دەر و ژووریان دەکرد، لەپڕ دوو پیاوی چوار شانە و گەنج کوڕێکی گەنج بە باوەشیانەوە بوو هاتنە ژوورەوە، لەسەر قەرەوێڵەیەکی ڕیزەکەی بەرانبەریانەوە درێژیان کرد، کوڕەکە لە نزیکی تەمەنی خۆی بوو، خوێنی سەری بەبالآیدا هاتبووە خوارێ، بەژانی تیژی برینەکانیەوە هەڵدەپلیکا، دۆکتۆرەکان دەوریان لێی دا، یەکێک لەو دوو پیاوەی کە بەباوەش هێنایانە ژوورێ بەڕاکردن دەرچووە دەرەوە، ئەوەی تریش هاواری بۆ دەکرد و دووبارەی دەکردەوە:

– بە قوربان چاوەکانت بم تەلەفۆن بۆ هەموویان بکە، بڵێ خێرا



بگەنە سەری خوێنی زۆر پێویستە، بڵێ ئەگەر زوو خوێنی پێ بگەێنن ڕزگاری دەبێ.

سەرنجەکانی لەسەر ئەوان لادا، ئەویش لە ناخی خۆیەوە وەک ئەو پیاوە هاواری دەکرد: " خۆزگە بە خوێن بەخشین ژیانی کەسەکانی منیش ڕزگار دەکران، نەخێرایی و نە تەلەفۆن و نە خوێن بۆ ئەوان هیچ سوودێکی نییە. دەڵێن دونیا ئەوەندە پێشکەوتووە وەک لادێیەک بچووک بۆتەوە.. ئەی بۆ کەس بەدەنگ کەسانی ئەم لادێ بچووکەی منەوە نەهات..؟

٦

که ئارام نزیکی ماڵی خۆیان بووەوە خوشکە بچووکەکەی بە بەرگی قوتابخانەوە بەرانبەی ڕۆیشت، غەمباری و شێواوی ڕووە خڕو ناسکەکەی گرژ کردبوو، دەستی کردە ناو دەستی و گوتی:

– کاکە گیان دایە زۆر نەخۆشە، زوو بگە پێی.

– چی، دایە نەخۆشە؟! کە من چوومە دەرەوە هیچ بەڵای نەبوو!

بە خێرایی چووە ژوورەوە، بەرەو ئەو ژوورە بچووک و شێدارە چوو کە دایکی لێی درێژ ببوو. بینی دایکی لەسەر دۆشەکە ئیسفنجە بەرگ دڕاوەکە درێژ ببوو، چاوەکانی لێکنابوون، لۆچەکانی دەوری چاوی لەجاران زیاتر دیاربوون، فۆتە جوورجیاتە ڕەشەکەی بەسەر ڕوومەتە لاواز و قوپاوەکانیدا هاتبووە خوارێ، سەرینە کوردییە بەرگ ئەنگۆرە بەرزەکە چەنەگە باریکەکەی بە سینگییەوە نووساندبوو.. براو خوشکەکانی بەدیاریەوە کز دامابوون. لەلایەوە دانیشت، دەستی کردە سەر ڕوومەتی بەدەنگێکی پڕ لە سۆز و هێواشەوە بانگی کرد:

– دایە گیان چیتە کوێت دێشێ؟ هەر ئێستا بۆ نەخۆشخانەت دەبەم.

دایکی چاوە بە قووڵدا چووەکانی بە گرانی هەڵبڕی، بەزەحمەت دەستی بۆ سەر دەست ئارام بەرزکردەوە، بینینی ئەو ئازارەکانی کەم دەکردەوە، وەک بڵێی بەناچاری بدوێ گوتی:

– هەموو گیانم دێشێ. نەختێ پاش ئەوەی کە تۆ چوویتە



دەرەوە.......

کەمێک وەستا پاشان دەستی پێ کردەوە:

– لەپڕ هەموو گیانم تێکچوو، سەرم سووڕی دەخوارد، کەسیشتان لە ماڵ نەبوون بمگەێننە نەخۆشخانە بەسەرە لەقێ خۆم گەیاندە ماڵی باجی نەزیرەی دراوسێمان، ئەو خوا ماڵی سەد جار ئاوا بکات گەیاندمیە نەخۆشانەی تەواری، گوتیان تەوژمی خوێنم بەرزبۆتەوە. ئێستا کەمێک لەو کاتە باشترم.

– نەختێ تر بۆ دوکتۆری تایبەتی دەتبەم. دایە گیان هۆی سەرەکی تەوژمی خوێن خەفەتە، خەفەتت لە چی خوارد؟

دایکی بە گاڵتە پێهاتنەوە گوتی:

– دوکتۆریش وای پێ گوتم. باشە خەفەت ناخۆم! من لە چاو هەندێ کەسەوە پاشام خەفەت لە چی بخۆم؟!

– دایە گاڵتەت پێ نەیە لە هیچمان کەم نییە. تۆ خۆت هەر لەو کاتەوەی منال بووین دەتویست فێری ئەوەمان بکەیت بە کەم ڕازی بین. قەناعەتمان هەبێ.

– کوڕم ئەگەر لێمان گەڕێن عەیبمان نییە. پێنج فەرزە لەسەر بەرماڵ دەپاڕێمەوەو دەڵێم: یاڕەبی خودایە لە گوناحمان خۆش بیت، ئیمانمان بە نسیب بکەیت، لە شەڕی شەیتان، لە بەڵای ناگەهان، لە فیتنەی ئاخر زەمان، لە دەربەدەری و دەرکردن بمانپارێزیت، بۆ خاتری گەورەیی خۆت.

وای زانی دایکی مەبەستی دەرکردنی ئەو ماڵانەیە کە چەندین ساڵە لە شاری کەرکووک نیشتەجێن و جێی باوک و باپیرەیانە کەچی هەر جارەو یەخەی ماڵێک دەگرن و دەریان دەکەن. بەڵام نەیویست باسی

ئەو بابەتەی لە گەڵدا بکات چونکە دەیزانی زۆر دڵی بەم شوێنەی ئێستایان خۆشە و چەندین ساڵە لەو گەڕەکە نیشتەجێ بوونە. کە بە تەنهابێ بیر لەو ڕۆژانە دەکاتەوە کە خۆی و مێردەکەی لەو خانووەدا بەسەریان بردوون. بە لایەوە سەیر بوو بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو لێدان و جوێنەی کە دایکی بەدەست باوکیەوە دووچاری دەبوو هەر کە باسی باوکی و یادگارەکانی بکرایە دایکی تەنانەت ئەگەر لە گەرمەی پێکەنیندا بوایە خەیاڵ دەیبردەوە و زۆر جاریش قوڕگی پڕ دەبوو لە گریان کە لێی بپرسیایە:

– دایە تۆ هەموو جار کە زۆر پەست دەبیت دەڵێیت:

– ئای خوایە چۆن خێر و خۆشیم لە خۆم نەدی، ڕۆژێکم لەگەڵ باوکتاندا نەبینیوە، بەخوا لە پاڵ ئێوەش ناحەسێمەوە.

– کەچی کە باسیشی دەکەین ئەوها دەکەیت!

– ئاخر کوڕم ڕاستە باوکت زۆر تووڕە و توند و لەسەر بوو، بەڵام دڵیشی زۆر باش بوو، دەڵێی چی خۆ درەو لە پشت دەست ناکرێ. کە لێی دەدام نیو سەعات پاش لێدانەکە یەکسەر هەوڵی دەدا ئاشتم بکاتەوە، لەو کاتانەدا زۆر قسەی خۆش بوو. منیش کە ئەو قسە خۆشانەم لێ دەبیست هەموو شتێکم بیر دەچووەوە.

کە ئەو قسانەی لە دایکی دەبیست وای هەست دەکرد هەموو ئامۆژگاری و فەلسەفەکانی دونیا بەقەدەر ئەوە کاریگەرییان لەسەر ئافرەت نییە کە بە شێوازێکی سۆزدار و نەرم هەستەکانتی بۆ دەربڕی، ئەو ڕێگایە جوانترین ڕێگایە بۆ چوونە ناوەوەی ئافرەت.

– ئارام بەجێهێشتنی ئەم گەڕەکەم زۆر بەلاوە ناخۆشە.

ئەم جارەش لە مەبەستەکەی تێ نەگەیی و وای زانی مەبەستی



دەرکردنیانە لە شار. دەیزانی بابەتی سەرەکی ژنانی گەڕەک هەر ئەم بابەتەیە و، بیر لە ئازاری ئەو خەڵکانە دەکەنەوە کە لە ئۆردووگا زۆرە ملێیەکاندا پێوەی دەتلێنەوە. جێهێشتنی خانوو زەوی، بێکاری.. ئەوەی بەبیردا هات کە قسەکانی میم فاتمی خزمیان کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر دایکی بۆیە بەم شێوەیە باسی دەرکردن دەکات " ناهەقی نییە، ئەو پیرێژنە کڵۆلە کە باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات پیاو مووی لەشی گرژ دەبێ، بە تایبەتیش کارەساتی ئەم دواییەی مێردەکەی. دوا جار کە بینیم دەیگوت:

– ئای ڕۆڵە، لێم دەپرسی بۆ دیارنیت بۆ نازانی چیمان بەسەر هاتووە؟

– نەوەڵڵا، دەمێکە نەتانمبینیوە ئیتر چی بزانم.

– خۆزگە لە جیاتی ئەو من بوومایە، لە هەڵپە و هەرا دەحەسامەوە

– چی؟ مامە حەمە مرد؟!

میم فاتم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە غەمناکییەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێمە ئەو کاتەی لەسەر ڕەز و باخی خۆمان بووین پاشا بووین. سەعیدی کوڕم دایکەکەت کوێربێ، وای لەو ناسکە کوڕە بەخوا حەیف خوایە لای تۆ حەیف نەبێ! خۆزگە ڕۆڵە من و باوکت لەدەورت بگەڕاینایە، بەس تۆ ئەنفال نەکرایتایە.

لە قسەکردن ڕاوەستا، سەری بادا و بەسەر ڕانی خۆیدا کێشا، چاوە ماندووەکانی پڕ لە فرمێسک بوون، ناوهێنانی سەعید بەجارێ قەپاغی زامەکانی دەروونی هەڵتەکاند، گڕی ژانی ئاگرینی ئەو زامانە لە گەرووییەوە قوڵپیان دەسەند. لەو ساتەدا حەزی لێ بوو لەگەڵ میم

فاتمدا دەست بە گریان بکات، یان گوێی لە لاواندنەوە خۆشەکەی بێ، چونکە لە پرسەکەی باوکیدا گوێی لێ بوو زۆر خۆش دەیلاواندەوە. دیاربوو فرمێسکەکان نەیانتوانی کەمێک ناخی دامرکێنن، بە دەنگە زولاڵ و خۆشەکەی دەستی بەلاواندنەوە کرد: وەی ڕۆڵەی خێر و خۆشی لە خۆ نەدیتەکانم ڕۆڵە، وەی ڕۆڵەی بێ سەر و شوێن کراوم ڕۆڵە، بە خوا نەمامێکی گەلێ نیوە چڵی ڕۆڵە، لە توول جوانی شکایتەوە هۆ کوڕە شیرنەکەم..

ڕاوەستا و بە فەقیانەی کراسە تەنکە ڕەشەکەی چاوەکانی سڕییەوە و بسکە سپی و لوولەکانی پاڵنایە ژێر فۆتەکەیەوە.

– میم فاتم ئیشەڵڵا سەعید بەم زووانە بەردەبێ.

– بەربوونی چی، حاڵی چی! بەخوا دەڵێن وەک بەرزانییەکانیان لێ هات. ئەنفال چۆن بەردەبن!!

هەستی کرد هەر بێدەنگبوونی باشترە. بەڵام میم فاتم دەستی پێ کردەوە:

– حاجی بۆ نەمرێ! لە تاقە کوڕێک نائومێد بوو، لە ماڵ و سامان بەجلەکانی بەرمانەوە دەرچووینە دەرەوە، ڕەز و باخ و کێڵگە خانوو هەمووی سووتان.. لە ناو ئۆردووگایەکی پڕ لە خۆڵ و تۆزدا فڕێدراوین، حاجی بەسەزمان برێ منالّی بێ باوکی بەسەرەوە بوو دڵی بەرگەی ئەم هەمووەی نەگرت و بۆ خۆی سەری نایەوە.

ئەو قسانەی میم فاتم دەروونیان تاریکتر دەکرد. کێشەی هەموو ئەو شتانەی کە لەبارەی مەزنی و، پیرۆزی ئینسانەوە لە کتێبەکانیدا خوێندبوونیەوە و بڕوای پێ بوون، لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەشدا بە هاوکاری هاوڕێکانی هەولّی بۆ دەدان لە دژی ئەو واقیعە تاڵەی کە بێ



نرخی و هیچ و پووچی مرۆڤی دەسەلماند یەکلا ببووەوە.. لە کێشە گەورەکەیدا دۆڕا، واقیع بردیەوە و زاڵە، خواستەکانی هەرگیز نایەنە دی.. جیهان دەریایەکە یەکجار لێڵ بووە، ئەمێکی باڵشکاو توانای مەلەکردنی یەک مەتری لەناو ئەم دەریایەدا نەماوە، مەگەر هەر لەسەر ئەم دوورگەیەی کە لێی وەستاوە تەنها هەر تەماشاکەر بێ. ڕۆژانە چەندان بەسەرهاتی لەوەیش دڵتەزێنتری گوێ لێ دەبوو، لەکاتی بیستنی هەر یەکێک لەو بەسەرهاتانە هەستی زۆر ناخۆش دەیورووژاند، خۆی زۆر بەبێ توانا دەهاتە پێش چاو، دەیزانی کەف و کوڵ و گوڕ و بڕوا بە تینەکەی جارانی نەماوە یارمەتی کلۆڵێکی وەک میم فاتم بدات. ڕقێکی سووک بەرانبەر بەو هەڵوێستە سلبییەی خۆی لە ئاست هێزی خراپەدا لە ڕووحییەوە هەڵسا، ڕقەکە تا دەهات قورستر دەبوو، تا وای لێ هات دڵی لە ژێریدا کەوتە فڕکە فڕک.. هەستێکی تریش وای لێ دەکرد پاکانە بۆ خۆی بکات و خۆی بە کەسێکی توانا سستکراو بزانێ، کەسێک هەموو تواناو هەوڵ و کۆشش و شەونخوونییەکی تاقی کردەوە، لە ئەنجامدا گەیشتە دەرگایەکی داخراو. ئەم هەستە دڵی تەنگ دەکرد، دڵی ئەوەندە گران دەکرد لەناو قەفەسەی سینگیدا هەڵنەگیرێ، ئازاری هەڵتەکاندن و فڕێدانی لەو تەنگ پێهەڵچنینە لا خۆشتر بوو. شەپۆلەکانی بیرکردنەوە لە ناو مێشکیەوە بەتین شالاویان هەڵدەستا، بە ناچاری لە ناویاندا نوقم بوو، بیری لە داهاتوو دەکردەوە.. "دۆخی ئێستای کوردستان لەو پەڕی دڵ تەزێنی دایە، چ تاوانێکە هەزاران منداڵی تازە پشکووتوو، هەزاران ئافرەت و پیری پەککەوتە چاوی گەشی ڕوو لە ئاسۆیان پڕ لە تۆزی کیمیا کرا! ئەو مردنەی کە فەیلەسووف و کۆمەڵناسەکان بە

شتێکی تاکی دەزانن لەلای کورد بووە بە دیاردەیەکی سەیر و مردنی بە کۆمەڵیان بۆ هێناوەتە ئاراوە.." دەیان پرسیار لە مێشکیدا بوون "دەبێ داهاتوو چۆن بێ ؟ تۆ بڵێی هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکان ڕۆژێ بێ بەلای بەرژەوەندی کوردا بگۆڕێ و هەل و مەرجێکی نێو دەوڵەتی وا بێتە کایەوە بە قازانجی کورد بێ و کورد سوودی لێ وەربگرێ؟ ئەگەر وانەبێ هیچ شتێک سوودی نییە.. هیچ خەباتێک.."

میم فاتم خەریک بوو بڕوا، پێی گوت:

– نەختێ بحەسێوە تا فێنک دادێ ئنجا بڕۆ.

– تازە حەسانەوەی من بەسەرچوو، بەزگ سووتاو و باداریی‌ەوە دەبێ هەوڵ بدەم منداڵەکان سەعید برسی نەبن، گیانێکمان لەم جلە کۆنانەیە لە مەزاتخانەی ئێرە دەیکڕم و بۆ ئۆردووگای دەبەمەوە، ماڵ بە ماڵ گڕی دەدەم تا دەیفرۆشم. خوا ماڵ ئێوە و خزمان ئاوەدان بکات جار جار کە شەو دەمێنمەوە ئێوە نەبن بچمە کوێ.

کە ئەو چووە دەرەوە دووبارە هەستێکی قووڵ بە مێشکیدا ڕووچوو، سەری لە توانا مەزنەکانی ئینسان لە جەنگی دژە تاریکیدا سووڕما، هەستی دەکرد ئینسان لە گەردووندا شتێکی تاک و تەنهایە و جێی سەرسوڕمانیشە، بە تایبەتیش توانا مەزنەکەی لە ئاست گەڕان و دۆزینەوەی ڕووناکی لە پێناو پێویستی و خواستەکانی خۆیدا..

هەموو ئەو کێشانە بەناو بیر و دەروونیدا لە ململانێدابوون، بێ ئارامییەکی سەیر تەنگی پێ هەڵدەچنی.. بە ناچاری ماڵەوەی جێ هێشت و لەسەر شەقامێکی نزیک ماڵ خۆیان خۆی دۆزییەوە. تیشکە بە تینەکانی خۆری هاوینە گەرمەکە گیانی شەلاڵی ئارەقە کردبوو زۆر جار کە دڵی تەنگ بێ بەو شەقامەدا بەرەو گۆڕستانەکە شۆڕدەبێتەوە



و، لەو ناوەدا هەست بەو پەڕی تەنیایی دەکات. لە گۆڕستانە پان و بەرینەکە دەڕوانێ، خۆی بە خوێندنەوەی ناو و مێژووی لەدایکبوون و مردنی سەر کێلی گۆڕەکانەوە خەریک دەکرد. دەستی کرد بە خوێندنەوەی سەر کێلی گۆڕەکان، ئەو نووسینانە فڕێیاندایە نێو بیرکردنەوە لە ژیان و مانای ژیان.. ئارەق بەنێوچەوانیدا هاتە خوارەوە و بەر چاوەکانی لێڵ کرد، کێلی مردووەکان لەبەرچاوی دەبوونە کێوی گەورەو ڕەش، مردوەکان لە ژێر سێبەری ئەو کێوە گەورە و ڕەشانەدا پاڵیان دابووەوە، هەموویان بەو پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکرد و هاواریان بە سەریدا دەکرد:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟ کۆتایی هەموو ڕێگاکانت ئێرەیە. لە چی دەگەڕێی، لێرە خۆشتر هیچ شوێنێکی دیکە نادۆزیتەوە؟ ماندووبی یان ماندوو نەبی هەر وەک یەکە. دوودڵی بەسە، نابینی ئێمە چەند لە ئارامیدا دەژێین؟

لە ناخەوە پڕ بە دڵ هاواری دەکرد: " دەمەوێ بۆلاتان بێم، ئێوە دوا مەجلیسی کۆڕی منن، لە ناو ئەم کێوانەدا ونم بکەن، منێکی شێت بەکەڵکی هیچ شوێنێکی تر نایەم.. "

هەستی کرد ئەو هاوارەی ناخی ئازارەکانی کەم دەکاتەوە، لە پاڵ کێلی مردووەکاندا و لە نزیک مەجلیسەکەیانەوە هەستی بە ئارامی دەکرد.. بەڵام هێمنییەکە ئەو توانایەی نەبوو بە هەموو جەستەیدا بڵاو بێتەوە، سەرتاپای ڕووحی تەی بکات، شل دازێ و بەتەواوی لەم دونیایە دابڕێ، وەک باڵندەیەکی تەریو و تاساو ئەو دوا هەناسەیەی کە لە نێوان هەردوو لادایە هەڵکێشێ و لە شەقەی باڵ بدا بۆ لایان..

– ئارام، دەزانم تۆش وەک من بەجێهێشتنی ئەم گەڕەکەت بەلاوە ناخۆشە.

دەنگی دایکی لەناو ئەو یادەی کە بەلایەوە زۆر خۆش بوو دەری کرد.

دایکە ئێمە پانزە ساڵە لەم گەڕەکەداین، ژیانی ڕۆژانەی ئێرە لەگەڵ خوێنماندا تێکەڵ بووە.

– ئای کرێچییەتی، بەخوا کوڕم مادام خانووی خۆمان نییە هەر دەبێ جێی بێڵین.

– جا دایە ئێمە لەچاو ئەو کاتەی پێش هاتنمان بۆ ئێرە کرێچی نین، ئەو کاتە ناخۆش بوو وەک خۆتیش باسی دەکەیت کە شەش ماڵ لەیەک خانوودا بووین.

دایکی ئەو بیرەوەرییانەی کەوتەوە یاد کە لە ناو کرێچییەتیدا بەسەری بردبوون، سەعات چواری پاش نیوەڕۆ کە وەختی دەست هەڵگرتنی کرێکار بهاتایە نەعیمەی ژن خاوەند خانووەکە دەچوو لە خۆشۆرینەکە ئاوی گەرم دەکرد و ئاگرەکەشی کز دەکرد تا دوای نانی ئێوارە ئنجا بە ئەنقەست دەچوو ئاوێکی بە منداڵەکانیدا دەکرد! ئەو هەمووەش تەنها لەبەر ئەوەی سەربانی پاک نەکردبووەوە و جۆگا و بەردەرگای بە دڵی ئەو نەماڵیبوو. ئەو ڕۆژەی وەکو فلیمێکی سینەمایی لەپێش چاو بوو کە کەریمی مێردی لە کار گەڕایەوە، جل و بەرگەکەی هەمووو خۆڵ و گەچ بوون، ئارەقە دەم وچاوی ڕەش داگیرساندبوو، پێڵاوە لاستیقە ڕەشەکەی لەبەر گەچ بەئاستەم دەتزانی ڕەشە. توورەگە سپییە گونیەکەی لە شان فڕێ داو بە بێزارییەوە لێی پرسی:

– فەخە، ئاوت بۆم حازر کردووە؟

سەرنجە تووڕەکانی ترساندی. بە ڕووخۆشی و هێمنییەوە وەڵامی دایەوە:



– پیاوەکە یەک تۆزێ تر بحەسێوە، ئینجا خۆشۆرینەکە چۆڵ دەبێ و ئاوت بۆ گەرم دەکەم.

هەڵسایە سەرپێ، ئەوەندەی تر تووڕەبوو.. وای زانی بۆ لێدانی ئەم هەڵساوە، کەچی ئەو بەپەلە لە ژوورەکە دەرچووە دەرێ و، لە ناوەڕاستی حەوشەکە ڕاوەستا، بە هاواری بەرز نەعیمە و مێردەکەی بانگ کردە دەرەوە:

– هەی بێ غیرەتی ناپیاو، ئەگەر پیاو بیت ژن ئەوها ناکات. ئێمەش ئەگەر ترسنۆک نەبین هەموو ڕۆژێ بەم حاڵە ڕازی نابین. شەرمان پێ دەفرۆشن هەر دەنگ ناکەین، لە مناڵمان دەدەن هەر دەنگ ناکەین، میوانێکی لادێییمان دێ ژنەکەت لچمان لێ هەڵدێنێ و پێمان دەڵێ دەشتەکی کلاش خوار ئێ باشە بۆ خۆ بە بەلاش دانەنیشتووین، کرێ دەدەین.

– ئەوە ئەو شاتە شاتەت لە چییە هەی بێ شەرەف، ئەوەندە ناپیاویت هەتا هەردوو چاوت دەردەچێ، ڕازی نیت وەلبە باربکە، کەس دەستتی گرتووە؟!

– من وەلبم هەی......

تاویان دایە گیان یەکتر و دەستەو یەخە بوونەوە. خەڵکی حەوشە هاتنە ناوبژی و لێکیان کردنەوە.. کەریمیان بردە ژوورێ و خاوەند خانووەکەش بەپەلە بۆ دەرەوە چوو، تا لە دەرگای حەوشە چووە دەرێ هەر هەڕەشەی ئەوەی دەکرد شکات دەکات و ناهێڵێ لەو حەوشەیە بمێنێ.

کە خەڵکەکە کەریمیان جێهێشت بەو پەڕی ترس و تۆقینەوە لێی نزیک بووەوە، بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوەوە پێی گوت:

– بۆ وات کرد؟ دەڵێت گەڕایە تاکو شوێنێکمان دەدۆزییەوە.

– جا تۆ بۆ وا دەترسیت؟! دەمت داخە و گوێ مەدەرێ ئەوە پیاوە تاکو خەڵک لێی بترسێ. سەری داگرت، ترسەکەی ناخی زیاتر دەبوو، لە ناخەوە پڕ بە دڵ لە خوا دەپاڕایەوە مێردەکەی بە هیچ شتێک نەزانێ، لەگەڵ هاتنە پێش چاوی ئەو ڕووداوەی کە لێی دەترسا گیانی دەکەوتە لەرزین.. ڕق و شەرمێکی سەیر تێکەڵ بە ترسەکە ببوو، هەستی تووڕەبوونیش وەک مار چزووی لە شەرم و ترسەکە دەچەقاند.. خۆشی نەیدەزانی ئەم هەستە هێزە یان بێ تواناییە. خۆ ئەو کاتەی لە هەڵوێستەکەدابوو تەنها هەستی بە ترس و هێز دەکرد. ئەو کاتە نیوەڕوانێکی نەختێ گەرمی بەهار بوو. هاتە حەوشە تاکو قاپ بشوا، لەو کاتەدا ئەم خاوەند خانووەی ئێستا بە کراس و بیجامەیەکەوە لە پەیژەکانی نهۆمی دووەمی خانووەکەوە هاتە خوارێ وگوتی:

– فەخری خان ئەوە من هاتم تا دەرەوە بڕۆم نەعیمە گوتی مادام هەر دەچیتە خوارەوە بە فەخری بڵێ ئیشێ بەپەلەم پێیەتی تا سەرەوە بێ..

– ئیش! باشە، باشە ئێستا دەڕۆم.

" خوای گەورە دەبێ ئیشی چی پێم بێ؟ خۆ نە جۆگا، نە بەردەرگای حەوشەو نە خۆشۆرینیش پیس نین ئیتر چی لێم دەوێ؟! "

چووە ژوورەوە، کەوا کوودەرییە مۆرەکەی لەبەر گەرما دانابوو هەڵی کێشایە بەری و فەقیانەکانی بەیەکەوە گرێدا و هەڵیدایە سەر شانی، هەوریە ڕەش و سپییەکەی توندتر لە بن ملی گرێدا، لە پەیژەکان سەرکەوت و لە بەردەم یەکەمین ژوور ڕاوەستا. تەماشایەکی ئەو



هەیوانەی کرد کە بەبەردەم سێ ژوورەکەوە بوو، ڕەنگی ژوورەکان ساف و سپی بوون، وێنەی ئافرەتی زۆر جوان لە بەرامبەر جامخانەی هەیوانەکە هەڵواسرابوون، ئەمە سێیەمین جاری بوو ئەو هەیوانە ببینێ ئەم جارەش وەک جارەکانی تر خۆزگەی ئەوەی خواست لە بری ئەو ژوورە بچووک و ڕەش و قووڵەی کە بە سێ پەیژە بۆی دەچیتە خوارێ، بنمیچەکەشی هەمووی دووکەڵی تەباغە ڕەشە هیساوییەکە و هەڵم و هەڵاوی قرچەی ڕۆن و پیاز ڕەش و چەور و بێ لەزەتیان کردووە ژوور و هەیوانی ئەوها خۆشیان بەدەستەوە بوایە. ئەوسا هەموو مانگێک پاک بە ئیسفنج و تایتاو دەیسڕێتەوە. بەڵام سڕینەوە و تایتاو لەگەڵ ژوورەکەی ئێستایاندا سوودی نییە، چونکە چەوری و پیسی و ڕەشی بەسەر دیوار و بن میچەکەوە قەپاغی گرتبوو..

" ئەمە خۆی ئەوها پاک و خاوێنە لە ماڵەوە بۆیە یەکەم جار کە هاتینە ناو ئەم خانووە بانگی کردمە ماڵی خۆیان و داوا ی لێ کردم بەر بۆڕی و حەوشە بەپاک و خاوێنی ڕاگرم. باشە دەبێ ئێستا چی لێم بوێ؟ لەو کاتەوە درێغیم نەکردووە! ژنانی حەوشە هیچیان وەک من خۆیان ماندوو ناکەن. بەڵام جاری دووەم قسەکانی زۆر تووڕەو توند بوو، هەر دەت گوت کوتەکە و بەناو قوڕاویدا دەکێشی..

– گوێ بگرە فەخری من وام زانی ماڵێکی چاکن کەچی لە هەموو کەس خراپترتان کرد!

– بۆچی نەعیمە خان چیمان کردووە؟! بەخوا هیچ بە خۆمان شک نابەم!

– حەوشەکەت کردووە بە دووکانی عەتاری و بازاڕ هێشتا هیچ بە خۆتان شک نابەی؟!

– ناکا مەبەستت ئەو پاکەتە بێ کە ئارامی کوڕم لە پاکەت فرۆشتن هاتەوە دوو سێ پاکەتی مابوو، زبێدەی دراوسێشمان بینی، شەو جگەرەی لێ بڕابوو هات لە ماڵی ئێمە کڕی.

نەعیمە هاوار و قسەی ناشرینی بەسەرداکرد و داوای لێ کرد جارێتر دووبارە نەبێتەوە.. ئەو قسە ناخۆشانە کاریان لێ کرد و بەتەواوی شپرزەبوو، بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە و تاسەی ژیانی لادێ بەتایبەتیش سەردەمی کچێنی نووک لووتی دەتۆزاندەوە، هەستی دەکرد جێگای لەناو ئەو ئافرەتە شارییانەدا زۆر تەسکە و چەند جار دەیزانی گاڵتەی پێ دەکەن، چونکە وەک ئەوان کراسی قۆڵ کورت لەبەر ناکات و ڕەفتارەکانیشی وەک ئەوان نییە، ئەگەر خۆشی حەز بکات کەریم ناهێڵێ بەرگی لادێ فڕێداو بەرگی شاری لەبەر بکات. کات خۆی باوکی نەیدەهێشت تەنانەت نەیدەهێشت هەوریەکەی لەپشت سەری ببەستێ و گەردنی دیاربێ، جارێکیان باوکی گەڕایەوە بینی هەوریە پەمبە تۆخەکەی لە بن کەزیە کاڵەکانیەوە گرێدابوو، گەردنە سپییە بێگەردەکەی و، کەزیە کاڵەکانی و هەوریە تۆخەکە وەکو باخێکی ڕەنگاو ڕەنگ دەهاتنە پێش چاو.. کە باوکی بینی ترسا، ئەو فۆتە ڕەشەی کە بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوو ئاڵاندیە ملی. بەڵام باوکی لێی نزیک بووەوە و یەکێک لە کەزیەکانی گرت و بە تووڕەیی پێی گوت:

– حەی، حەی بەخوا جوانە! ئەم سینگ و مل ڕووت کردنە لە کێوە فێربوویت؟! دایکی لەو لاوە هات و لەبن دەستی دەری کرد، بە دەنگێکی پڕ لە گلەیی و پاڕانەوەوە گوتی:

– توخوا ئەگەر لێی نەگەڕێی، بەستەزمانە ناوێرێ لە ترس تۆ و کاکی بجوولێتەوە.



چووە ژووی زەخیرەکان، نێوچەوانی بەدیوارێکەوە نووساند و تێر بۆ ژیانە پڕ ستەمەکەی خۆی گریا. خەفەتی بۆ ئەو ساتە خۆشەی نەختێ لەوە پێش دەخوارد، ئەو هەموو خۆ هیلاک کردنە، لە پێش بەرەبەیانەوە نوێژی کرد و نەخەوتەوە تا ئیشەکانی زوو تەواو بکات، خۆی شوشت و ئەو هەوریە پەمبەیەی کە بە نوێ کڕیبووی لە سەری کرد، دەیویست بۆ سەر ئاو بچێ و کە بە بەردەم ماڵی کەریمیشدا تێپەڕێ دەیبینێ یان لەبەردەرگا یان لە سەربان چاوەڕێی دەکات، بەنازەوە هەنگاوەکانی ورد ورد دەهاوێ، لەبن برژانگە درێژ و دانە دانەکانیەوە چاوە خڕ و قاوەییەکانی بۆ هەڵدەبڕێ و دزە سەرنجێکی کورتی پڕ لە شەرم و خۆشەویستی لێ دەدا، ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ، وای لێ دەکات وەک جارەکەی تر شوێنی بکەوێ، ئاوڕی لێ ناداتەوە و وا خۆی دەنوێنێ ئاگای لێ نییە، ئەویش کە فرسەتی دەست بکەوێ و بزانێ کەس ئاگای لێ نییە لێی نزیک دەبێتەوە. جارەکەی تر ویستی قسەی لەگەڵدا بکات بەڵام یەکێک لە دوور دەرکەوت، بەپەلە لێی دوورکەوتەوە.. دەبێ ئەم جارە چی پێ بڵێ؟ ئای کە قسەکانی خۆش دەبن. لە ناخەوە دەترسێ و هەموو گیانی دەلەرزێ. سەرەڕای ئەو هەموو ترسەش حەزدەکات دەستی بێنێ و دەستە لە خەنە گیراوەکانی ڕاگوشێ.. بەچرپەوە ڕازەکانی بۆ دەربڕێ.. کەچی لەگەڵ بینین و لێدانەکەی باوکیدا هەموو تاسە و ئارەزوو و خەون و هەڵچوون و سۆزەکان وەکو ئاردی ناو دڕکیان لێ هات. بۆیە بە کوڵ بۆیان دەگریا و هەنسکی دەدا..

هێشتا لە بەردەم نەعیمە بێدەنگ ڕاوەستابوو. ویستی بە توندی هاواری بەسەردا بکات تاکو جارێکی تر قسە بە کوڕەکەی نەڵێ، بەڵام

دەیزانی لە هەق دەمی نایەت و تا ئەم قسەیەک دەکات ئەو دە قسە و هەمو وگەڕەک لێیان کۆ دەبێتەوە. چونکە بینیبووی بە چ شێوەیەک لەگەڵ خەڵکدا شەڕدەکا و چ ماڵێکە." دەک لە خوا بەزیاد بێ پیاوەکەت بۆت خراپە، خوا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا، هەتا ئێستا کە لێتی دەدا و هاوارت دەکرد دڵم پێت دەسووتا." نەعلەکانی نەعیمە لەبەر دەرگای ژووری یەکەم بوو، دەرگای هەر سێ ژوورەکە پێوەدرابوون." لەوانەیە خۆی بگۆڕێ یان درێژ بووبێ، با لە دەرگا بدەم و بڕۆمە ژوورەوە."

لە دەرگای ژووری یەکەمینی دا، کردییەوە، کەسی لێ نەبوو، کەمێک سەرسام بوو، دەنگی هەنگاوی پێ لە ژوورەکە نزیک دەبووەوە، سەرسامییەکەی ڕەوییەوە و وای زانی نەعیمەیە لە ژوورەکەی ئەو سەرەوە دێ، ڕووی وەرچەرخاند، بینی مێردەکەی نەعیمە بەرانبەری دەهات! بەپەلە لێی نزیک بووەوە، بە توندی ڕایکێشاو، بە باوەشییەوە نووساند، دەستی بەسەر سینگ و شان و ملیدا هێنا و دەمی بۆ سەر گۆنا ئاڵەکانی برد.. ئەویش بەهەموو توانایەوە پاڵی پێوە دەنا.. بەڵام خۆی پێ دەرباز نەدەکرا، سەرسوڕمان و ترس و تۆقین گەمارۆی هێزەکانیان دابوو.. ویستی بەوپەڕی بەرزی دەنگیەوە هاوار بکات: " ئەی هاوار لەدەست ئەم بێ شەرەفە ڕزگارم بکەن " بەڵام دەیزانی خەڵکی لە بری ئەوەی تف لە چاوی ئەو تاوانبارە بکەن تف لە خۆی دەکەن و قوڕی بەسەردا دەکرێ!! ماڵی لێ تێکدەچێ و مێردەکەی تەڵاقی دەدا، مناڵەکانی دەکەونە ژێردەست باوەژن، لە گەڕەکدا ڕیسوا دەبێ و خوا خۆی دەزانێ چی لێ دەکەن.. ئەویش بسکەی سمێڵی دێ! نەیوێرا هاوار بکات. هاوارەکان وەک نارنجۆکێک لە ژێر ئۆقیانووسدا دەتەقینەوە.. هەستی دەکرد ئەگەر تا چەند چرکەیەکی تر لێوی لەسەر دەم و ڕوومەتی بێ و دەستی بەسەر سینگییەوە بێ تۆقین و ترس کار لە دڵی دەکەن و بەلادا دێ.. هێزێکی نەزانراوی سەیر لە ناخییەوە سەری هەڵدا..

– دەتۆ ڕاوەستە، بڕوایت بێ چی بڵێیت بۆت دەکەم، نەعیمە چییە؟! بەس تۆ ڕێگام بدە..........

هێزەکە بەناو هەموو جەستەیدا بڵاووبوەوە.. بازووەکانی پەستی و ڕق و خۆ بەکەم زانین توانایەکی بێ سنووریان پێ دەبەخشی، بەهەموو توانایەوە پاڵی پێوەنا، نەیزانی لەگەڵ ئەو پاڵپێوەنانەدا بە پشتا خستی، یان دوو مەتر لە خۆی دووری خستەوە.. لە دەستی ڕزگاری بوو، یەک ڕاست دەرپەڕییە دەرەوە و وەک تۆپ بە پەیژەکاندا غل بووە خوارێ.. تیشکە بە تینەکانی خۆر چیمەنتۆ لووسەکەی حەوشەیان داخ کردبوو، گەرمییەکە لە حەپەسانەکەی بە ئاگای هێنایەوە. تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، وادیاربوو ماڵەکانی تر خەوتبوون، بە ڕۆیشتنێکی ئاسایی بۆ ژوورەکەی خۆیان چوو، هەر کە لە دەرگای ژوورەکە ئاودیو بوو یەکسەر دەرگاکەی پێوەدا، ڕای کردە سەر دۆشەکەکە و دەمەو ڕوو درێژ بوو، ڕووی خۆی بە سەرینەکەوە نووساند، بەڵام هەستی دەکرد نەسەرینەکە و نە هەموو پەردەو دەرگاو دیوارەکانی دونیا ماچەکانی سەر ڕوومەتی ناسڕنەوە و نایشارنەوە.. کێ دەڵێ ئەو کاتەی کە سەرکەوتە بان یەکێک لە ژنەکانی حەوشە نەیدیوە و کە نەعیمە ببینێ لێی پرسێ ئێشی چی بە فەخری بووە. ئەی ئەو؟ ئای لەو بەرازی مل پانێ....... لەوانەیە گوێی لێ نەبێ و جارێکی تر هەوڵدانە سووک و چرووکەکەی دووبارە بکاتەوە، ئەو کات

کەریمیش پێ دەزانێ و تووش دەبێ.. ئەگەر هەروا بێدەنگ بێ هەوڵ دەداتەوە، بۆ هەوڵ نەدا؟ چی نەکراوە؟ دەیان جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوە بە ناو مێشکیدا هات و چۆیان دەکرد، هەستی تۆڵەسەندنەوە وەک تووڕک چنگی لە ناخی چەقاند، چاوە پڕ ترس و ماندووەکانی لێکنان.. وای هاتە پێش چاو خاوەند خانووەکەیان لە ناوەڕاست حەوشەوە بەرەو ژوورەوە دێ، لە بری سەری ئینسان سەری گورگێکی بەسەرەوەیە، لێی نزیک بووەوە چاوە زەق و پڕ لە ئارەزووە شێتەکانی هەناویان داخورپاند، ترسا و شپرزە بوو، تەماشای ئەم لاو ئەو لای کرد، کەس دیارنەبوو، ئەوەتا خەریکە دەستی بەرز دەکاتەوە.. هاوارێکی یەکجار بەرزی کرد، هاوارێک حەوشەو گەڕەک و شاری خرۆشاند.. بەدەستێکی پێش دەستی ئەوی گرت و بەدەستەکەی تریشی بە توندی بەبنە گوێیدا کێشا.. تەماشای دەورو بەری کرد، خەڵکێکی زۆر کۆ ببوونەوە سەرنجی هان دان و ئافەرینیان ئاراستەی کرد.. ئەو سەرنجانە زۆر دڵیان خۆش کرد و هەستی بە شانازییەکی سەیر دەکرد کە ترس و خۆبەکەم زانینەکەی وەدەرنابوو، ئەو هەستە وای لێ کرد تەنها هەر بە بەرگریکردن ڕازی نەبێ، نەخێر پاڵی پێوەنا هێرش بەرێ، لەبەردەم هەموو خەڵکدا ئابڕووی برد.. دوای ئەوە ئاسوودەیی دڵە هەڵچووەکەی فێنک کردەوە..

– ئەرە وەڵڵا کاک سابیر پۆلیسی بۆ گیان کاک کەریم هێنا.

منالانی کۆڵان بەرلەوەی پۆلیس بگات ئەم هەواڵەیان پێ ڕاگەیاندن، پۆلیس کەریمیان دایە پێش خۆیان و بردیان، دەیزانی گەر هەوڵ نەدات سابیر ژیانیان لێ دەکات بە دۆزەخ و گرفتی زۆریان بۆ دەنێتەوە." چاکترین شت ئەوەیە هەر ئەم شەو بە یاسینی شووبرام



بڵێم ماڵەکەمان بەرێتە حەوشەی خۆیان تاکوو ژورێک دەدۆزینەوە. "

خەڵکی حەوشە و گەڕەک لێیان کۆبوونەوە ئارام و کچە بچووکەکەی سەریان خستبووە سەر سینگی دەگریان.

– دایە، ئەوە بۆچی واچاوەکانت لێک ناون ئازارت هەیە؟

ئەم پرسیارەی ئارام فەخری لەناو بیرەوەرییە تاڵەکانی ڕابردوو بە ئاگای هێنایەوە. چاوەکانی هەڵهێنا، تەماشای ئارامی کرد..

– دایە بۆ ئەمڕۆ هەر باسی بەجێهێشتنی ئەم گەڕەکە دەکەیت؟

– چونکە....... ئەرێ بەڕاست هێشتا هەر لەگەڵ شەهابدا وەک جاران هاوڕێن؟ هاوڕێی چاکت هەن وەنییە؟!

ئەو پرسیارەی بە سەیر هاتە پێش چاو بۆیە پرسی:

– بۆ ئەم پرسیارەت کرد، تۆزێ لەمەوپێش لەگەڵ شەهابدا بووم؟

– ئەم بەیانییە پاش چوونە دەرەوەت هات، دەوری ئێوارە بۆلات دێتەوە. ئارام نەیدەزانی بۆچی کە لە گەڵیا بوو باسی ئەم هاتنەوەیەی نەکردووەو و بۆچیش بۆلای دێتەوە." خۆ ئەویش چەند مانگ لەمەوپێش هات و هەوڵی دا، بەڵام سوودی نەبوو، بە نائومێدی وازی هێنا، هاوڕێیەتییەکەمان گەورەبوو.. ئەو هەموو دانیشتن و گفت و گۆیانەی تانیوە شەو، لە کاتی ئەو دانیشتنانەدا هەستمان بە بوونی کات نەدەکرد. باشە دەبێ هەم دیسان..؟ منیش زۆر خراپ بوومە.. سەیرە! ئەگەر شەوێک یان دووان بە تەنیا لەماڵەوە بوومایە دڵم شەقی دەبرد، کەچی ئێستا کە لەگەڵیان دادەنیشم هەست بە پەستی و هەناسە تەنگی دەکەم! جاران قسەکانی شەهاب ئەوەندە خۆش بوون پیاو دڵی پێیان دەکرایەوە، چەند جار لە گەرمەی خەم و لێکدانەوەوە دەمیهێنایە قاقای پێکەنین. " تاسەی گوێگرتن و بە بیرهێنانەوەی قسەکانی

شـەهـاب نەخـتـێ خـتـووکـەی دەدا. ئـەو گـفت و گـۆیەی ئەم دواییـیـە کاریگەرییەکی لەسەری هەبوو، خۆشی نەیدەزانی بۆچی وشەکانی بەم شێوەیە لە مێشکیدا دەزرینگێنەوە.

– ئارام ئەمە سـێیەم جارمە بـۆ ماڵتان دێم، هەر لە مـاڵ نیت، ئێ باشـە بـۆ خـۆت لێ کـردووین بە هـەنارە شـیـرنە؟! خـۆ ناشـێ لە مـاڵ بووبێتی و بە ئەنقەست خۆت پێشانمان نەدەیت! کاکی خۆم برادەران ڕاست دەکەن تۆ لەم ماوەیەدا هەموو شتێکت لە دەست دێ!

گەرچی ئەو وشەکانی بەگاڵتەوە گوت، بەڵام ئەم بزەیەک بەسەر ڕووە گرژ و لۆچەکەیدا هات و، لە ئاستیدا هەستی بە پەستی و ناڕەحەتی کرد. چونکە لە ڕاستیدا ئەو جارانەی کە بە دوویدا دەهات لە ماڵەوە بوو بە درۆ دەیگوت پێی بڵـێن لە مـاڵ نییـە. بۆیە حـەزی دەکـرد ئەو وشـانەی بە شـێـوازێکی ڕاست و پڕ لە گلەیی و زویربوونەوە پێ بگوتایە ئەوسا ئەمیش ناچار دەبوو داوای لێبووردنی لێ بکات و دان بەهەڵەکەیدا بنێ. ئەم درۆکردنە لە لای بووە بە شتێکی ئاسایی و، ماوەیەکە لەگەڵ برادەرەکانیدا درۆ دەکات، زۆر شتی لێ دەپرسن بەڕاستی وەڵامیان ناداتەوە.. سەرەڕای ئەوەی زۆر ڕقی لە درۆ کردن دەبووەوە کەچی بە ناچاری درۆی دەکرد! لە مێژدایە درۆ دەکا. لەو کاتەوەی کە لە قوتابخانە دەگەڕایەوە لە دایکی نەدەترسا بەڵام لە ترسی باوکی بۆ پاکەت و کێک فرۆشتن دەچوو.. کە لە بانگکردنی کێک، کێک و، قورسایی سینییەکەی بان سەری بێزار دەبوو سینییەکەی لە دووکانی ناسیارێک دادەنا و، دەچوو لەگەڵ هەندێ لە هاوتەمەنەکانی خۆیدا لەسەر شەقامە پیس و نارێکەکان و لەناو کۆڵانە تەسکەکان یاری تۆپی پێی دەکرد خۆی لەناو یاریکردندا



لەبیردەچوو، جارجاریش دەترسا برادەرێکی بۆ باوکی بیگێڕێتەوە. کە دەگەڕایەوە بەرلەوەی لێی بپرسن بۆ هەمووی نەفرۆشتوە باوەڕی پێ دێنان کە لەو کاتەوەی لە ماڵەوە دەرچووە وا دەیگێڕێ کەچی هەر نەفرۆشراوە.. یان لەو کاتەوەی کە ڕەفتارێکی ناشیرینی بکردایە، یان لە ڕۆژانەکەی خۆی زیاتری خەرج بکردایە باوکی بێ ئەوەی لێی بپرسێ بۆ وات کرد دەستی بە هاوار و هەڕەشە و داڕسان و لێدان دەکرد، ئەویش بەدەم ترس و گریان و خۆ گرمۆڵە کردنەوە دەیان سوێندی دەخوارد شتی وای نەکردووە و ئەو نەبووە.. ئەی ئەو جارەی بەدزی دایک و باوکییەوە چووبوو بۆ ماڵی خاڵی، درەنگ گەڕایەوە، باوکی لەگەڵ خاڵیدا تووڕە ببوو دوو جاریش بۆ ماڵیان هات لەگەڵی ئاشت نەبووەوە، هەڕەشەی لەویش کرد بۆ ماڵیان نەچێ. بۆیە کە گەڕایەوە کۆمەڵێ درۆی ڕێکخست، بەڵام هەر بڕوای پێ نەکرد، بە ناچاری دانی بە ڕاستیدا نا، هەموو ئەو شتانەی کە پێشبینی دەکرد دووچاری بوو.. ئەو شەوە تا نیوە شەو لە ژێر لێفە شڕە دڕاوەکەوە هەنسکی دەدا، هەنسکەکانیش بەلایەوە وەک دووکەڵی جگەرە تووڕەیی و سەرسوڕمانەکەی ناخیان بە با دەدا.. بەدەم ئەم پرسیارەوە خەوی لێ کەوت " باشە ئەو خۆی ڕقی لە خاڵمە بۆچی دەیەوێ منیش ڕقم لێی بێ؟! " بەڵام لە قوتابخانە و لەگەڵ هاوڕێکانیشیدا هەر درۆی دەکرد، کە شەڕی بە هاوڕێکانی بفرۆشتایە لەکاتی سزادان لە بەرانبەر مامۆستادا بەتەواوی نکوڵی دەکرد.. کە گەورەش بوو زۆر جار بەناچاری درۆی دەکرد، درۆکردنێکی جیاواز لە هی منداڵی، کە درەنگ بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە بەهیچ جۆرێ ڕاستی نەدەدرکاند، بە کۆمەڵێ شتی سەیر باوەڕی بە ماڵەوە دێنا کە خۆی لە هیچ شتێک

هەڵناقورتێنێ و تەنها بۆ خوێندن لەگەڵ برادەرەکانیدا دەمێنێتەوە، یان لە ئاست ئەو کەسانەی کە دەترسا گومانی لێ بکەن و تووشی بکەن لە بەردەمیان پشتگیری لە هەندێ شت دەکرد کە خۆی بە پێچەوانەوە دژی بوو بۆ ئەوەی هەست بکەن گێلە. شێوازی ئەم درۆکردنەی ئازاری نەدەدا چونکە هەستی دەکرد لە پێناوی ویستەکانی ناخی خۆیەتی و چوار دەورەکەی ئەم مافەی پێ ڕەوا نابینێ.. بەڵام لە گەڵ ئەو هاوڕییانەی کە بڕوای تەواوی پێ بوون ئەوپەڕی ڕاستگۆیی پەیڕەو دەکرد. کەچی ئێستا لە گەڵ هاوڕێکانی و خەڵاتیشدا ئەو ڕاستگۆییییەی لەدەست داوە.. دژوارییەکەی ناخی لەوەدایە زۆر لە مێژدایە ڕقی لە درۆکردنە.. لە گەرمەی تەمەنی هەرزەکارییەوە ڕقێک لەلای دروست بووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هەوڵ دەدا ئەو تووڕکە زیان بەخشەی ناخی ئاو نەدا تا ڕۆژێک بێ وشک بێ ئەوسا ڕیشە لاواز و برسییەکانی هەڵدەکێشێ و فڕێی دەداتە دەرەوە. پێش ئەوەی دڕکەکانی ئەو تووڕکە ناخی بریندار بکەن هەستی بە ئازار و زیانەکانی نەدەکرد، کە لە گەڵ برادەرەکانی تەمەنی هەرزەکاریدا بۆ پیاسە و گەڕان دەردەچوون یان کە لە ناو گۆڕەپانی قوتابخانە ئەم سەر و ئەو سەریان دەکرد زیاتر باسی چۆنێتی نامە نووسین و ئیشارەت و قسە فڕێدان و چاوبڕکێ و چاوەڕوان کردن لە سەر ڕێگای قوتابخانە ناوەندییەکانی کچانیان دەکرد، هیچ بابەتێک وەک ئەو بابەتە گەرم و گوڕی و هەڵچوونی پێوە دیارنەبوو. تەنها ئەو لە ئاست زۆربەی باسەکاندا کەم دوو بوو، هەستێک بە دزیەوە ختووکەی دەدا ئەویش ئەو ڕەفتارانەی ئەوان بکات، بۆ نەیکات؟ وا سمێڵی گۆگرە بووە و بە سیماش لەوان قۆزترە، جگە لەوەی ئەوان لە



نووسینی وشەی ناسک و دەربڕینی هەستی قووڵدا وەک ئەو زیرەک نین و داوای یارمەتی لێ دەکەن. دەیزانی ئەوان هەر جارەی لەگەڵ کچێکدا ئەو ڕەفتارانە دەکەن و هەموو سوێند و هەستە نووسراوەکانی ناو نامەکانیش کاتی و درۆ و تەفرەدانن. ئارەزوویەکی شاراوە داوای گوێگرتنی ئەو باسانەی لێ دەکرد، ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد گوایە لە ئاست کچاندا شەرمن و ترسنۆکە، یان زۆری لەبن سەردایە و ئاوی مەنگە، کورد وتەنی لە ئاوی تیژ و هاژە هاژ مەترسێ لە ئاوی مەنگ بترسێ. دڵنیای دەکردن بیر لەو شتانە ناکاتەوە، بەڵام درۆی دەکرد و، خۆی بەکەم دەزانی چونکە وەک ئەوان خۆی لەم شتانەدا تاقی نەکردۆتەوە، ڕاستە کە کچێکی جوان دەبینێ بەدزیەوە و کەم کەم تەماشای دەکات تا تێدەپەڕێ، ئەگەر بەتەنها بێ لەبن لێوەوە سڵاوێکی لێ دەکات، لەو کاتانەدا هەستی دەکرد وەک هاوڕێکانی بوێر نییە و ناوێرێ نامە بداتە دەست کچ، یان لە ڕێبازەکانی سەرنج ڕاکێشانی کچ شارەزا نییە، ویستی خۆی تاقی بکاتەوە، بۆ هاوڕێکانیشی بسەلمێنێ لەوان بە تواناترە، چۆن ئەمە بکات؟ ڕاهاتووە لە خوێندن و قسەکردن و کردەوەدا لەوان باشتربێ، بەلایەوە شتێکی کەمە ئەگەر باسی سڵاوکردن یان ئیشارەتێک بکات، ئەی چی بکات باشە؟ بۆ لەگەڵ کچە قوتابییەکەی پۆلی چواری ئامادەییدا هەوڵ نەدا خۆ ئەو کچە بۆتە جێی سەرسوڕمانی هەموو هاوڕێکانی و هەوڵەکانیان لەگەڵ ئەودا بێ سوودە و بەدەنگ کەسیانەوە نەچووە، ناهەقیشیان نییە، جوانییەکەی چەشنێکە پیاو لە دنیای پڕ لە جەنجاڵییەوە دەکاتە ناو دنیایەکی پڕ لە سیحر و ئەفسانەوە، کە بەناز و ورد ورد بەرەو قوتابخانە هەنگاو دەنێ دەیان

دڵ لە ژێر وردی هەنگاوەکانیدا ئالای سپی هەڵدەکەن.. بڕیاری دا هەوڵ دا سەرنجی ڕاکێشێ و نامەی بۆ بنووسێ. شەوێکیان تا نیوە شەو نەنوست و هەوڵی دا نامەیەکی بۆ بنووسێ، نووسینی وشەکان و گوزارشت کردنی هەستەکانی بەزەحمەت بۆ دەهات چونکە لە ناخیەوە هەڵنەدەقوڵان. بەیانییەکی ساردی زستان بوو، پاڵتۆیەکی قاوەیی لەبەر بوو لە سەر ڕێگای کچەکە چاوەڕوانی دەکرد، باران نم نم دەباری و هەورە سپییە بەفراوییەکان هێورییەکیان بە دونیا دەبەخشی، دیمەنی دارە بەرز و سەوزەکانی ناو باخچەکەی بەرانبەری کە نمە بارانەکە بە هێواشی تەڕی دەکرد و، شنەبایەکی کزو هێواشیش سەمای پێ دەکرد سەرنجی ڕاکێشا.. کەمێک شپرزە دەینواند، نەیدەزانی هۆی چاوەڕوانکردنە یان پێشبینیکردنی ئەوەی کە ئەمڕۆش وەکو هەشت ڕۆژی ڕابردوو دێ ڕادەبوورێ هەر وەکو نەیبینیبێ یان لەوێ نەبێ تەنانەت تەماشاشی ناکات.. تۆ بڵێی کچە لەو جۆرانە بێ کە یەکەم جار بە گران خۆیان دەگرن و پاشانیش دێنە دەستەوە؟ ئەمڕۆ هەموو شتێک یەکلا دەکاتەوە، ئەو نامەیەی کە نووسیویە دەیداتێ بەڵام چۆن بیداتێ؟ چاوی هەڵبڕی و بینی بەرانبەری دەهات، جانتاکەی لە شانبوو دوو کتێبیشی بە بن دەستەوە بوو. خۆی شپرزە و شێواو کرد، وا خۆی نواند زۆر پەلەیەتی شانی لە شانی دا و بە دەستیشی کتێبەکانی بن دەستی خست.

– ببوورە نەمزانی، زۆر پەلەمە.

پێش ئەوەی کیژەکە داچەمێتەوە خۆی دانەواند و لە کاتی هەڵگرتنەوەی کتێبەکاندا نامەکەی کردە نێوان لاپەڕەکانەوە و، دایەوە دەستی، بۆ ساتێکی کورت بە سەرنجە پڕ لە هێزی مۆگناتیزەکانی



سەرنجی لێ دا، تەزوویەکی کارەبایی بە تین لە ناخەوە وروژاندی، ئەوە یەکەم جاری بوو ئەوها لە نزیکەوە لە ڕوویەکی بەو چەشنە ناسک و دڵ ڕفێن بڕوانێ و، بەرانبەرەکەشی بە سەرنجی کورت و بزەی هاندانەوە تەماشای بکات. ئەو ئارەزووەی کە زیاتر لە ئاست وێنە ئەندێشەییەکاندا بێ ترس و ڕێگر دەبزوا لە واقیعدا چێژێکی خۆشتری هەبوو..

کە کتێبەکانی وەرگرت بە شەرمەوە سەری داگرت و ڕۆیشت. بە تەنیا لەژێر ئەو بارانەدا بە جێ ما کە ئێستا خێراتر دەباری. بەڵام ئەو هەستی بە ساردی بارانەکە نەدەکرد، بۆنی باران لەلای ببوو بە خۆشترین بۆنی سەر ئەم دونیایە، ئەو خۆی تواببووەوە و لەگەڵ بارانەکەدا ببوو بە ئاو، لە خۆشیدا حەزی دەکرد وەک ئاو بە ناو دەریاو هەورەکان و ئاسمان و زەویدا گەشتێکی بێ کۆتایی بکات، لێوی هەورە بۆرە ماتەکان تەڕکاتەوە و نەشئەیان پێ ببەخشێ.. هەستی دەکرد گرنگە و جێی بایەخی هەموو کەسێکە، ئەوەتا توانی سەرنجی جوانترین کچ بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، پڕ بە دڵ سوپاسی خوای کرد سەرەتای هەوڵدانە پڕ لە درۆ و تەفرەدانەکەی بەم کۆتاییە خۆشە گەیشت. " ئێرە سەرەتای پەیوەندییەکی یەکجار خۆشە، پەشیمانم لەوەی کە هەر لە خەیاڵدا دەژیام و لە واقیعێکی لەم چەشنە خۆشە دووربووم. "

ئاگای لە خوێندن بڕا، خۆشی لە هاوڕێکانی دوورە پەرێز دەگرت.. شەوان تا دەنوست بەبیرکردنەوەی ئەوەوە مەست بوو، هەموو وشەکانی ناو کتێبەکانی قوتابخانە ببوونە ناوی ئەو، هەموو بابەتەکانی کتێبەکانیش لە بەرچاوی ببوونە چیرۆکی خۆشەویستییە

مەزنەکەیان، ژیان بەلایەوە ڕەنگ و بۆن و تام و دەنگێ تری هەبوو، جیاواز لەو ژیانەی کە پێشتر دەژیا.. هەموو بەیانیانێک بەنهێنی تێر تەماشای یەکتر دەکەن، نامە بۆیەک دەنووسن، یەکەمین نامەی سازگار لەو نامەیە ڕازاوەتر بوو کە ئەو بەبێ هەست و سۆز نووسیبووی، هەندێ جار بە شوێنی نەختێ چۆڵ و شەقامەتەسکەکاندا دەگەڕایەوە، ئەمیش بە هەلی دەزانی و شان بە شانی دەڕۆیشت. بۆ باخچە گشتییەکان دەڕۆیشتن و دەست یەکتریان دەگرت.. لەوبڕوایەدا بوو هیچ هەستێک لە جیهاندا ناتوانێ ئەم خۆشییەی لێ تێک بدات، تەنانەت ئێرەیی پێبردنی ئەو کوڕانەش کە زۆر بە دەوری سازگارەوە بوون و ڕەنج بە خەسار بوون، بەشانازییەوە فیزی بەسەریاندا لێ دەدا.. کاتێ نەخۆش کەوت و گرانەتای گرت خۆشییەکەی دڵی لە زیادبوون و ڕەگداکوتاندابوو، دەیویست بە زووترین کات چاک بێتەوە و، بۆ جێژوانەکەیان بگەڕێتەوە.. کەمێک لە نەخۆشییەکەی بووژایەوە و بەلەقە لەق بەرەو جێژوانی جارانی کەوتە ڕێ، گەرچی دوو هەفتە بوو نەخۆشی لە سەر جێگا خستبووی، بەڵام ئەوەی ڕووە لاوازو چاوە زەرد هەڵگەڕاوەکانی بدیتایە دەیگوت دوو مانگە نەخۆشە. زۆر چاوەڕوانی کرد کەس دیار نەبوو. چەندان پرسیار لە ناخەوە دڵیان دەگوشی: " تۆ بڵێی ئێستا ئەویش بە تاسەی منەوە بێ، ئەوها خولیای ئەم ئەشقە هەراسانی لێ بڕیبێ؟ ئەی بۆ دیار نییە؟ نا، وانییە ئێستا ئەویش زۆر بە تاسەی بینینی منەوەیە." لە هاتنی نائومێد بوو، جێژوانی جێ هێشت و وێڵانە بەو شەقامانەدا پیاسەی دەکرد کە بە جووتە بەسەریاندا تێدەپەڕین بەو هیوایەی لەو سەری شەقامێکەوە بیبینێ، هیواکەی هاتە دی و لەو سەری



شەقامێکەوە بینی.. بەڵام چۆن بینینێک؟! ئەو بینینەی بوو بە هۆی ڕووخان و قەلاچۆکردنی هەموو هیواو خەون و هەستە خۆشەکانی! لە پەنای ماڵێکەوە ڕاوەستا تاکو نەیبینن و، باش بیانبینێ، هەمان ئەو سەرنج و ڕەفتارانەی لەگەڵ ئەمدا کردنی ئێستا لەگەڵ گەنجێکی ئەسمەری باڵادەستە دووبارەی دەکردنەوە! کە ئەو دیمەنەی بینی درۆ و تەفرەدانی سۆز و هەستی ئینسانی لێ بوو بە ڕەشکەیەکی گوریس ڕەش و ئەستوور و وەک نێچیر کەوتە ناو ئەو ڕەشکەیەوە، گوریسە ڕەش و ئەستوورەکان وەک مار سەرە پان و تۆقێنەرەکانیان بەرەو دڵی دەبرد و بە ددانە ژەهراوییەکانیان دەیانگەزی، لە هەموو ئازای جەستەی ئالابوون، ژەهری مارەکان بوونە ڕقێکی گەورەو بە ناو خوێنیدا بڵاو بووەوە. تەکانی بە خۆی دا بچێ ئەو کچە لەبەردەم دەزگیرانە نوێیەکەیدا ڕسوا بکات.. بەڵام دەنگێکی بە تین لە مێشکیوە تا دەهات بەرزتر دەبووەوە، جەستەی شل دازاند و داوای لێ دەکرد ژەهرەکە لە جەستەیدا بهێڵێتەوە و خۆی پێ شەرمەزار بکات." خۆ منیش بە درۆ و مەبەستێکی دوور لە خۆشەویستی دەستم پێکرد.. "

ئەو بیرەوەری و بیرکردنەوانە زیاتر پەستیان کرد و لە شەهاب بێ ئاگایان کرد. ڕوو بە ڕووی پەنجەرەکە ڕاوەستابوو، دەستەکانی لەبن هەنگڵی گرمۆڵە کردبوو، سەرنجە کز و غەمبارەکانی لە ئاسمانە تەماوی و لێڵەکە بڕیبوو، بەبێ جووڵە وەک پەیکەر ڕاوەستابوو، بۆ ساتێکی کورت خۆی وەک وێنەیەکی فۆتۆگرافی هاتە پێش چاو، بەڵام هەستی کرد وێنەی فۆتۆگرافی بێ گیانە و تەنها دەرەوەی مرۆڤ لە ساتێکدا نیشان دەدا.. ئەی بۆ وەک تابلۆیەک نەبێ؟ ئەو تابلۆیەی لە نیگا و سیمای ئینسانێکدا ڕابردوو ئێستا و داهاتوو وجوودیان نەمابێ..

ـ من هەست بە هەموو ئازارەکانت دەکەم. بەڵام خۆ ناشکرێ ئەوها دەستەوستان ڕاوەستیت.

– شەهاب دەمەوێ بزانم بۆچی هاتووی؟ ئەگەر بۆ مەسەلەی جارەکەی ترە تکایە باسی مەکە.

وشەکانی بە تووڕەیی و شێواوییەوە گوت، وەک بڵێی خۆشی باوەڕی تەواوی بە قسەکانی خۆی نەبێ بە دەنگێکی هێواش و پڕ لە داوای لێبووردنەوە دەستی پێ کردەوە:

– لێم تووڕە مەبە، لێم تێبگە من..... ناتوانم، نا. جارێ لێم گەڕێن. لێی نزیک بووەوە، دەستی کردە سەر شانی، بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە گوتی:

– دەتەوێ بزانی بۆچی هاتوومە وەنییە؟ نەهاتوومە گفتوگۆت لە گەڵدا بکەم، تەنها هاتوومە بەناوی هەرسێکمانەوە پێت بڵێم بەسەر ئەم زوروفە نالەبارەدا زاڵبە و وەک ئارامەکەی جارانت لێ بێتەوە، ئەو ئارامەی فێری کردین ژیان بریتییە لە هەوڵدان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکدا. کەچی ئێستا خۆت ئامانجت ون کردووە. بۆ ئەوەی ئامانجەکەت تاهەتا لەناو تاریکییە بێ بنەکەی دونیادا ون نەبێت هەوڵ دە دەست پێ بکەوەو.....

ئاخ و ناڵەیەکی بەرزی دایکی دەنگدانەوەی وشەکانی شەهابی پێ پچڕاند، بەڵام هێشتا جۆرە خۆشییەکی پەنهانیان پێ دەبەخشی..

– دایە پێم بڵێ بۆ وادەکەیت؟

دایکی چاوەکانی هەڵبڕی، فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارێ، هێزی لە پێش شاڵاوی گریانەکەی ناخی کردبووە بەربەست تەنها بۆ ئەوەی لەبەردەم ئارامدا نەتەقێتەوە..



– بیرتە پێم دەگوتی ئەگەر گیرفانی خۆت نەبێ برادەر لە هانات نایەن، ئەوە قسەکەم هاتە دی، هاوڕێکانت بێ وەفان.

دایکی زۆر جار وای پێ دەگوت بەڵام دەیزانی بە دڵ هەموو هاوڕێکانی خۆش دەوێ. " بۆ وا دەڵێ؟ لەو کاتەوەی گەڕاومەتەوە هەست دەکەم شتێک ڕووی داوە دایکم نایەوێ دەری خات. "

– هەست دەکەم شتێک ڕووی داوە، بۆ پێم ناڵێی؟ دایکی سەری لەسەر سەرینەکە هەڵبڕی، پشتی بە دیوارە شێدارو ڕەنگ داماڵاوەکەدا دایەوە و گوتی:

– ئەمڕۆ پاش ئەوەی تۆ چوویتە دەرەوە لە دەرگا درا، دەرگام کردەوە شەهاب بوو، نەهاتە ژوورەوە ڕۆیشت، پێنج دەقە پاش ئەو دووبارە لە دەرگا درا، ئەم جارەیان سیروان بوو هاتە ژوورەوە.. کەمێک تەماشای دیوارەکانی کرد و بە ڕق و تووڕەیییەوە پرسی:

– ئەی ئارام لە کوێیە؟

– نازانم.ڕۆیشتە دەرەوە.

– ئێ دە باشتریش، کە هاتەوە خۆت لە جیاتی من پێی بڵێ دەمەوێت بە زووترین کات شوێنێک بدۆزنەوە و خانووەکەم چۆڵ بکەن. وا دەبینن کۆن بوە منیش ئەو خانووەی تەنیشتانەوەم کڕیوە و دەمەوێت لەگەڵ ئەم خانووەدا تەختیان بکەم، ژێرەوەی دەکەمە ڕیزە دووکانێک سەرەوەشی دەکەمە شوقە و بە کرێی دەدەم. مۆڵەتی مانگێکتان پێ دەدەم، لە مانگەکە بە دواوە ئەگەر هەر بارنەکەن بەناخۆشی دەبێ بڕۆن.

– ئەم قسانە سەیر نین؟! خۆ ئەو بەناو برادەرتە و جار جاریش

هامووشۆی دەکردین، بۆ وا لە پڕێکا گۆڕا؟ منیش بە تووڕەیی پێمگووت:

– ناتوانیت بە زۆر دەرمان بکەیت، ئەمە هاوڕێکەی کاک ئارام ئەفەندییە!

– ناتوانم دەرتان بکەم؟! بابە ئێوە شتن کێ دەوێرێ دەرتان کات، کێ وەک خاڵەی ئارام بەرز بوو، ئەی لەسەر چی بێ سەر و شوێن کرا؟ لە مانگەکە بەدواوە بارنەکەن خۆم دەزانم چی دەکەم. کە ڕۆیشت بەتوندی دەرگای لە دووی خۆیەوە پێوەدا. من زۆر ترسام.. دەترسم بە گرتت بدات، زۆر خەفەتم خوارد، سەرم گێژی خوارد.....

ئارام پێشبینی ئەمەی لە سیروان نەدەکرد باوەڕی نەدەکرد کین و سەرنەکەوتنی لە ژیاندا هێزێکی تۆڵەسەندنەوەی ئەوتۆ لە دەروونیدا دروست بکات.. هەردەبێ هۆیەک هەبێ، هۆیەکی زۆر گەورەش.

– دایە هیچ پێویست بە ترس ناکات، خۆم دەزانم چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم..

دایکی ئارامی بینی هەڵچووبوو ترسا لەوەی بۆلای بچێت و ببێتە ناخۆشییان. " نابێ بهێڵم بڕوا، نا، ئەگەر ئەمڕۆش نەهێڵم سبەینێ هەر دەڕوات. تیری ئێمە کەوانی ئەو ناکێشێ. ئەو دەست ڕۆیە، خەڵکیش زۆر دەناسێ، لە دەستی دێ قوڕی بەسەردا بکات، باشە ئەگەر بەگرتی بدات کێم هەیە هەوڵی بۆ بدات.. ئەم کوڕ نەگبەتەم خەمێکی هەر بۆ دەبێ، نێو چەوانەکەی سێنزەیە، دەڵێن نۆبەرە سەری بە ڕسقە کەچی لەوەتەی ئەم کوڕەم هەیە خواخوامە بایی ژیانی ڕۆژانەمان هەبێ، کە لەدایک بوو خەریک بوو خۆشم بەسەریەوە بچم، شەوێک تابەیانی بە ژانەوە بووم، نەنە خەجێی مامان گیانی کەوتە



لەرزین و دەیگوت ڕزگاری نابێ، خوا ڕەحمی پێم کرد. دەبوایە هەر ئەو کاتە بمزانیایە ئەم کوڕەم بێ شانسە کە لە دایک بوو بە حاڵ شیرم هەبوو، دە ماڵم پێ دەکرد تاکو دەستە خوشکەکانم شیری بدەنێ، لە برسا لاواز و سیس ببوو، بە قەدەر هەموو مناڵەکانم ئازارم پێوە کێشاوە، تا تەمەنی بوو بە ساڵ و نیوێک هەر ڕەنگ زەرد و نەخۆش بوو، جارێ دەیانگوت سەر و بنە و منیش مەلاشوویم دەتاشی و مێشکی بەرانم لەگەڵ زەنجەفیلدا تێکەڵ دەکرد و تا سێ ڕۆژ لەسەر مەلاشوویم دادەنا کەچی سوودی نەبوو. یان پیرێژن دەیانگوت ئەم کوڕە ترساوە ئەگەر ترسی دەرنەکرێ چاک نابێتەوە، منیش ناچار خوێم دەکردە ناو جۆگاو سێ جار بەبان جۆگاکەدا بازم دەدا دەبوایە مناڵێک لێم بپرسێ چی دەکەیت منیش بڵێم ترسی ئارام دەردەکەم. خۆزگە هەر لە لادێکەی خۆمان بووینایە، هیچ خۆشییەکم لە شار نەدیوە، لەوێ چەندە ماندوو دەبووین بەڵام خەفەتمان نەدەخوارد و بێ خەم دەنوستین." ئەم بیرکردنەوە و بیرەوەرییانە لە ئازارەکانی لەشی بێ ئاگایان دەکرد، تەنها شتێک کە زۆر بەلایەوە گرنگ بوو ئەوەبوو نەهێڵێ کورەکەی بۆ ماڵ سیروان بچێ، کچە بچووکەکەی بۆلای خەلات بنێرێ مەسەلەکەی تێگەیێنێ و تاکو ئەویش دایکی ڕاسپێرێ لەگەڵ سیرواندا قسە بکات بەڵکو وازیان لێ بێنێ، چونکە دەیزانی سیروان زۆر ڕێز لە ماڵی خەلات دەگرێ و چەند جار گوێی لێ ببوو باسی سەربەست بکرایە دەیگوت:

– لە برام زیاترە.

ئارام کەوتە جووڵە جووڵ، ویستی دەرچێتە دەرەوە، بڕیاری نەدابوو بۆ کوێ بڕوات. دایکی بەدەنگێکی پڕ لە ناڵینەوە پێی گوت:

– ئەوە چی دەکەی؟ ناکا بەم نەخۆشییە دایکت جێ بێڵی؟ ئەو کوڕەش تۆزێکی تر بۆلات دێ، کوڕم عەیبە هەر دێ و لە ماڵ نیت.

دانیشتەوە، بەڵام ئەوەندە لە ماڵەوە بێزار بوو هەستی دەکرد دانیشتن پێیەکانی ئیفلیج دەکەن.. دەیزانی دایکی لەبەر ماڵ سیروان حەز ناکات بچێتە دەرێ، بەڵام ئەم ماڵ سیروانی بۆ ڕۆژتر هەڵگرتبوو، دڵ تەنگی پاڵی پێوە دەنا دەرچێتە دەرەوە.. هەستی دەکرد لە ژێر کەندێکی نزم و بۆشدایە، کەندەکە ئەوەندە نزمە هەر بەئاستەم سەری لێ ناکەوێ، هیچ لووتکەیەکی لێوە دیارنییە، چوار دەوری دەریایەکی شەپۆل شێت و بێ ئارام بوو، شەپۆلە شێت و بێ ئارامەکان هەڕەشەی ئەوەیان لێ کرد ئەگەر باڵەکانی بخاتە گەڕ و دڕ بە شەپۆلەکان بدات ئەوا لە ناو گێژاوی پڕ لە پەنهانی خۆیاندا ونی دەکەن، گوێی نەدایەو بڕیاری خۆهەڵدانی دا.. کەچی ئەو هاوارە بەرزەی لە گەرووە پڕلە ئازارەکەیدابوو شەپۆلەکان پەستایانەوە نێو دڵی، جەستە لە پەل و پۆ کەووتوەکەی کرا بە نێچیر و بەدیاری بۆ نەهەنگە گەورەکان بردیان، نەهەنگە قەڵەو و تێرەکان بەپیری نێچیرەکەیانەوە چوون، سەیرە ئەوەندە قەڵەو و تێرن کەچی هەر بە تاسەی نێچیری نوێوەن! گورگ کە لە ڕانە مەڕ دەدات هەر بە زگدڕینی مەڕێکەوە ناوەستێ، نەخێر ئەگەر ماوەی هەبێ تاکو دوا سەریان سگ نەدڕێ کەف و کوڵی دانامرکێ! نەهەنگەکانیش ئەوهان، بە پیریەوە چوون و جەستەیان نەخوارد، لە جەستە خواردن بێزارن، تەنها مێشک و دڵیان دەوێ، ددانە تیژەکانیان وەک چڕنووکی پڵنگ لە مێشک و دڵی چەقاند، تا خوێنیان تێدا ما ددانیان هەڵنەگرت، کە خوێنەکە وشکی کرد ئەوسا کفتی دڵیان دامرکا.. جەستەی هەروەکو



خۆیەتی و هیچی لێ نەهاتووە، تەنها ئەوە نەبێ لە ژێر قورسایی نەهەنگەکاندا گواوە و دەبریسکێنێ، دەمارەکانی وای لێ هات لە بری خوێن ئاوی سارد بڵاو دەکەنەوە و شتێک نییە بیانبزوێنێ، ئارەزووەکانی کپ و پلیشاوەن، دیمەنی ناشرین مەستیان دەکا، زمانی وشەی دێرین و ناسکی پێ ناوترێ و لە فەرهەنگی وشەکانی خۆی نامۆ بووە، تیشکی ڕووناکی ئەو چاوانەی بە شوێن شتێکی پەنهان و نادیاردا دەگەڕا کوژاوەتەوە، ئەو لێوەی لەگەڵ کسپەو هەموو خۆشییەکدا بزەی دەهاتێ و جار جاریش قاقای پێکەنین دەبوونە ئاوازی گۆرانی هەستەکان ئێستا بە بار و وشک هەڵگەڕاوە.. مێشک و ویست و بیرکردنەوەی مردوونە ویستی دەوروبەر دەیجووڵێنێتەوە.. نەهەنگەکان لەزەتێکی خۆشیان لەو نێچیرە قەڵەوە وەرگرت، بە لووت تووڕیان هەڵدایە دەرەوە.. مردووە و دەجووڵێتەوە، ئەوەتا لاقەکانی هەر لە خۆیانەوە بە شل و شاوی هەنگاو دەهاون!

هێنانە پێش چاوی ئەم دیمەنە شپرزەییەکی وای لە دەروونیەوە هەڵساند کە یەکەمجاری بوو شپرزەیی وا هەست پێ بکات.. ترس و بێزبوونەوە لە خۆی ڕەنگیان هەڵبزرکاند و، هەموو دەمارەکانی کەوتنە فڕکە فڕک.. جەستەی گەرم دازابوو، ئاوێکی تاڵ و زەرد لە گەروویەوە دەهاتە نێو دەمی، هێڵنجی هاتێ و دەرپەڕییە دەرەوە، لەبەردەم بۆڕیەکە بەقوڵپ ڕشایەوە، لە کاتی ڕشانەوەکەدا مێشکی توند گرتبوو وایدەزانی دەتەقێ.. پێش چاوی تاریک بوو، سەری سووڕی دەخوارد، بە ئاستەم بینی خوشک و براکانی دەوریان لێ دابوو، بن باڵیان گرت و بردیانە ژوورەکەی خۆی.. لەسەر جێگاکەی درێژبوو، داوای لێ کردن جێی بێڵن و دەرگای ژوورەکەشی پێوەدەن. بەرلەوەی دەرگاکە

پێــوەدرێ گــوێی لـە دەنگە لاوازەکــەی دایکی بوو دووعــاو نزای لە سیروان دەکرد: – دەک خوا لێت هەڵنەگرێ، خۆمان خەفەتمان کەمە تۆش ئەم بەزمەمان پێ دەکەیت.

هەستی دەکرد جەستەی ئەوەندە قورسە هەسارەی زەوی بەرگەی هەڵگرتنی ناگرێ.. بەرچاوی لێڵ بوو، وردە وردە بێ ئاگا دەبوو.. لەناو ئەو بێئاگاییەدا شتێکی یەکجار بچووک و ورد، بە پەنهانی، ئاسوودەیی و ورە و مژدەیەکی لاوازی بە سەرتاپای جەستەی دەبەخشی.. ئەو توانایەی نەبوو لەو شتە بکۆڵێتەوە و بە شوێنیدا بگەڕێ تاکو بزانێ ئامانجێکی بریندارە؟ هێزە؟ بیرە؟ سۆز و خۆشەویستی ژیانە؟ یان هەموویانە؟ چونکە دەیزانی ئەو شتە لەم ساتەدا ململانێی دیمەنە ناشرینەکەی پێ ناکرێ. چاوە ماندووەکانی لێکنان بەو هیوایەی کەمێک بحەسێتەوە و ئەو حەسانەوەیەش وزەیەک بە شتە شاراوەکەی ناخی ببەخشێ..



٧

تا ساتێکی کەم لێدانە خێرا و بەرزەکانی دڵی لە نێو دەنگدانەوەی نزمی پێوەدانەوەی دەرگا شینە پلێتەکەی حەوشەیان ون بوو، دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە ڕۆیشت، دووبارە گوێی بۆ خێرایی لێدانەکانی دڵی ڕاگرتەوە. ڕاوەستا و تەماشایەکی ئەوسەری شەقامەکەی تەنیشتیەوە کرد، تاکو دڵنیابێت لەوەی باوکی دیارنییە، تەنها کۆمەڵێ مناڵی بینی لەسەر شۆستەی شەقامەکە یاری خانە خانەیان دەکرد. هەرچەندە دڵنیا بوو لەوەی کە باوکی تا نوێژی عیشا ناگەڕێتەوە، بەڵام ترس لێدانەکانی دڵی وردە وردە خێراتر دەکرد و پێیەکانی لە زەوی چەقاندبوو. " باشە بۆ وا دەترسێم؟ خۆ من زۆر بۆ شوێنی لەم شوێنەش ترسناکتر و پڕ گرفتتر چوومە و ئەوها بێ هێز نەبوومە.. دەبێ ڕۆژێ بێ ئەم ترسە ناخم جێ بێڵێ؟ " زۆر ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد و وەڵامی دڵخۆشکەری نەدەدۆزییەوە، بۆیە پرسیارەکەی دەخستە لاوە، بەو نیازەی چوونە نێو تاقیکردنەوەی نوێتری ژیانەوە وەڵامی بدەنەوە.. زۆر جار ئارام پێی دەگوت ئازایە. دڵی بەو وشەیە خۆش دەبوو، هێزێکی پێ دەبەخشی.. لەبەردەم خەڵکیدا وا خۆی دەنواند ئازاو نەترسەو هیچ شتێک سەری پێ دانانەوێنێ، لە ناخەوەش ترس پەی بە هەموو دەمارەکانی بردبوو.. کە بەڕێگادا دەڕۆیشت باڵای ڕاست ڕادەگرت و هەنگاوەکانی گورج و توند و تۆڵ دەهاویشت، سەری بەرز دەکرد تا بۆ خەڵکی بسەلمێنێ بڕوای بە خۆی

زۆره و له هیچ ناترسێ..

له ڕۆیشتن بەردەوام بووەوە، پیسی و خۆڵی سەر شەقام و ناو کۆڵانەکان وایان لێ کرد هەست بە بێزاری بکات و کەمێک هەنگاوەکانی خێراتر بهاوێ. حەزی دەکرد هەورەکان نمە بارانێک بەسەر ئەو پیسییانەدا بڕێژێ، کزە بایەکی فێنک هەڵی کات و لە بری بۆنی سیاناو تێر بۆنی خۆڵ باران هەڵمژێ. تا شەو بەسەر شەقامەکاندا پیاسە بکات، بیر لە ژیانە پڕ لە ترس و ناخۆشەکەی بکاتەوە. بیر لە داهاتووی بکاتەوە.. پەیمان بۆ ئەو ئامانجانە نوێ بکاتەوە کە ڕێڕەوی ژیانی ئەویان پێوە بەندە. جاری واش هەیە شێتانە وەک مناڵێکی وڕکن لە نیوە شەودا ڕادەپەڕێ و تا بەرەبەیان بیر لە چۆنیەتی بەدیهاتنیان دەکاتەوە و هەست دەکا بەدیهاتنیان زۆر دوور و درێژ و زەحمەتە، بە کوڵ فرمێسک بەسەر گۆناکانیدا دێنە خوارێ و هەنسکەکان بە هێمنی لەناو سینگە پەنگ خواردووەکەیەوە سەرە تاتکێ دەکەن. " تا تەمەنم نەگەیشتبووە بیست ساڵ وەک ئێستا بیرم لە داهاتوو نەدەکردەوە، شەوان لە پێش هەموو یانەوە دەچوومە سەر جێگای نوستن و بیرم لە ئارام دەکردەوە، بە ڕەفتار و جل و بەرگ و شێوەی دانانی پرچمدا دەچوومەوە، جارێک و دووان و دە جاریش زیاتر ئەو وشانەم لە ناخەوە دەگوتەوە کە ئەو پێمی گووتبوو یان نووسیبوونی، بیرم لە وشەکان دەکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی وەکو ئایەتێکی پیرۆز لە بەرم کردبوون و شەوان بەبێ خوێندنەوەیان خەوم لێ نەدەکەوت، نەمدەزانی بۆچی لێیان بێزار نەدەبووم؟"

کە تاریکی باڵی بەسەر شاردا کێشا هێواش هێواش لە ژێر هەوا ساردەکەی ئەم پاییزە وشکەدا بەرەو ماڵ گەڕیتەوە.



" نازانم چۆنە ترس پەی بەهەندێ لە خەیاڵەکانم نابات؟ ئەو شوێنەی ئێستا بۆی دەڕۆم سەعاتێکی ناوێ کەچی ترس بەم شێوەیە دایگرتووم، ئینجا ئەگەر شەو بگەڕێمەوە مەگەر هەر خوا بزانێ چی ڕوودەدا . ناهەقم نییە، لەوانەیە سیروان بەهۆی ئەم چوونەوەم بۆلای درۆم بەدەمەوە بکات و، ناوم بزڕێنێ! دە گوێ مەدەرێ ئەگەر خۆت پاکیت بێ باکیت. ناتوانم گوێی نەدەمێ، خوا خوامە سەرنجی باوکم کەمێک لە چاودێریکردنم کەم بکەمەوە. ئای ئارام، لەبەر تۆ نەبێ چۆن بۆ شوێنی وا دەچم؟!هەر کە دایکت بۆی باس کردم ئیتر من دەقەیەکم لێ بە ساڵێکە دەمەوێ زووتر سیروان ببینم. دوواجار کە سیروانم بینی هەستم بەنیازە خراپەکانی کرد بەرامبەر بەتۆ." شێوەی سەرنجەکانی سیروانی بەتەواوی لە پێش چاو بوو کاتێ پێی گوت:

– خەڵات خان فەرموو سەرکەوە شتێکی گرنگ هەیە دەمەوێت پێت بڵێم.

کە ئۆتۆمبێلە خۆڵەمێشییە نوێیەکە لە بەردەمی ڕایگرت، لە ژێر تیشکی خۆردا دەبریسکایەوە. کەمێک بەلایەوە سەیربوو، چونکە ئەمە یەکەم جاری بوو ئەم داوایەی لێ بکات. وای زانی ئەو شتە گرنگە لە بارەی سەربەستی برایەوەیە، ویستی زیاتر دڵنیابێت بۆیە پرسی:

– دەتوانی بێی لە ماڵەوە بە دایکم یان باوکمی بڵێی.

– یان ناوێری لە گەڵما لە ناو ئۆتۆمبێل بیت؟ ئەوەندەی من بزانم تۆ زۆر گوێ بە دەوروبەر نادەیت.

هەستی کرد ئەو قسانە بەستیوەتیەوە، دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و لە تەنیشتیەوە سەرکەوت، تەماشای کرد و پرسی:

– بەڵام چۆن ئەمەت لە بارەی منەوە زانی؟

دەستی بە لێخورینی سەیارەکە کرد و وەڵامی دایەوە:

– ئەوەی حەز بکات لە یەکێک نزیک بێتەوە دەبی بزانێ ئەو کەسە چۆنەو چییە.

وەڵامەکەی سەرنجە شاراوەکانی هێنایەوە بیر کە بە دزی و شاراوەیی و کەم کەم ئەویان دەدواند بەڵام ئەم هەروەک ئەو سەرنجانە هەر نەبووبن خۆی لێ گێل دەکردن. هەستی دەکرد ئەم قسانە هەڵقەی دوای هەڵقەی سەرەنجەکانە. " شێوازی قسەکردنەکەی زۆر گۆڕاوە! دەبێ شتێک پاڵی پێوەنێ بەم شێوەیە بدوێ. "

– بۆچی بەلاتەوە سەیرە من شت لە بارەی تۆوە بزانم و، بە شێوازێکی جیاوازیش لە شێوازەکانی پێشوو لە گەڵتا بدوێم، تۆ تەنها لە ئارامەوە پێشبینی ئەم جۆرە شێوازی قسەکردنە دەکەیت، بەدبەختییەکەی من لەوە دایە نەمتوانی وەک ئەو بەم شێوەیە بم تاکو لێت نزیک بمەوە.

– وانییە سیروان من هەر کەسێک ڕێزم بگرێ جێی ڕێزە لەلام، خۆشت بە بەدبەخت مەزانە چونکە من کەسانێکم لا پەسەندە ڕێباز و شێوازی تایبەتی خۆیان هەبێ و بۆ خۆیان و خەڵکی بسەلمێنن لەو ڕێبازەدا سەرکەوتوون.

– من نەمتوانیوە بیسەلمێنم..... شەش ساڵە یەک ئامانجم هەیە و خەونی پێوە دەبینم ئەگەر نەیەتە دی هەرگیز لە ژیاندا سەرکەوتوو نابم. وابزانم ئەو ڕۆژەی پێنج ساڵ لەمەوپێشت لەبیرە کە لە گەڕەک بارمان کرد، کە خوا حافیزی و گەردن ئازاییمان لەگەڵ دراوسێکان کرد هەمووتان لەبەر دەرگا ڕاوەستابوون تا بەڕێمان بکەن، پێش ئەوە ئەوەندە گریابووم چاوم سوور هەڵگەڕابوو، سەربەست و ئارام وایان



دەزانی لەبەر دوورکەوتنەوەی ئەوانە، بۆیە لەسەریەک ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە هەر هاوڕێکەی جاران دەبین. لە ڕاستیدا ئەوەی هەموو دونیای لە پێش چاوانم تاریک کردبوو ئەگەر گریانم پێ عەیب نەبووایە و بە هی ژنم نەزانیایە دەشگریام ئەوەبوو لە تۆ دوور دەکەوتمەوە و ئیتر وەک هەموو ڕۆژانی تر ناتوانم هەر کاتێ ویستم لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمانەوە ڕاوەستم و چاوەڕوانی ئەوەبم تۆ لە ماڵەوە دەرچیت یان بگەڕێیتەوە بتبینم. گەرچی زۆرم حەزدەکرد بۆ ناو ئەو خانووە تازەیە بگوازینەوە بەڵام تائێستاش دڵم لێ ناکرێتەوە دەزانی خۆم بە ئاستەم بڕوا دەکەم ئەمە من بم و بتوانم ئەم قسانەت پێ بڵێم؟! باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێ بێ بتوانم پێت بڵێم خۆشمدەوێیت. نازانم شەرم بوو ڕێی لێم دەگرت یان ئەو هەستەی کە بە توندی ئازاری دەدام و پێی دەگوتم من لە ئاست تۆدا نیم..

قسەکانی ئەوەندە بە سۆزەوە کرد بەزەیی پێداهاتەوە. لە ناخەوە بەو کاریگەرییە گەورەیەی خۆی لەسەری خۆشحاڵ بوو، شانازی بەوەوە دەکرد ئەم پایە بەرزەی لای پیاوان هەیە، ئەم هەستی شانازی بەخۆوە کردنەش هەستی لە خۆباییبوونەکەی دەبزواند.. سەری هەڵبڕی، بێ ئەوەی تەماشای بکات گوتی:

– من داوای لێبووردنت لێ دەکەم، بەڵام نەبیرم لە تۆ کردۆتەوە، نەبیرشت لێ دەکەمەوە، وەکو سەربەست سەیرت دەکەم. هەوڵ دە ئەمە لەبیرخۆت بەرەوە.

غەمباری وەک شەوێکی تاریک ڕووی ڕەش هەڵگەڕاند، دەستەکانی لەبەر بێتوانایی کەوتنە لەرزین.. لەژێر سێبەری دارێکدا سەیارەکەی ڕاگرت، سەرنجەکانی لەڕووی چەقاند، بە هێواشی گوتی:

– ناتوانی بیرم لێ بکەیتەوە؟! یانی چی ؟ لە بیرت کەم؟! هەر وا بەئاسانی شەش ساڵی ڕابردوو، ئێسا و داهاتوو لەبیر دەکرێ؟! دەزانم هەست بەوە ناکەیت هەرگیز ناتوانم لەبیرت بکەم، تکایە خەڵات هەر بەلای کەمەوە ئەم وەڵامە بە وەڵامی کۆتایی دامەنێ و بیر بکەرەوە.. ئەگەر یەکێکی ترت خۆش نەوێ لەوانەیە ڕات بگۆڕێ.

ئەو غەمباری و ئازارانەی بە ڕوویەوە دیاربوون ئازاریان دا، دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ وای لێ بکات هیچی تر بیری لێ نەکاتەوە و لەو ئازارانە ڕزگاری بکات. وا خۆی نواند ئەو قسانە هیچ کاریگەرییان لەسەری نەبووە و بە ئاسایی گوتی:

سیروان ئەمە وەڵامی کۆتاییمە. من یەکێکی ترم خۆشدەوێ ئامادەش نیم جگە لەو بیر لە هیچ کەسێکی تر بکەمەوە.

– کێت خۆشدەوێت؟

– ئەمە پەیوەندی بەتۆوە نییە.

سیروان بەدرۆ پێی گوت:

– دەترسێیت وەنییە؟ با من پێت بڵێم کێیە، ئارامە خۆی بۆی باسکردم.

– ئا بە شانازییەوە دەڵێم خۆشم دەوێ.

– جا توخوا من و ئەو کاممان باشترین؟

– بەسە، سیروان تا ئێرە و بەس.

لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە، ئەویش بەپەلە دابەزی و لەبەردەمی ڕاوەستا، پەستی و تووڕەیی وەک باران دەرژانە سەر ڕووی، لەبەردەمی ڕاوەستا. بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوەوە پێی گوت:



– زۆر داوای لێبووردنت لێ دەکەم، ئارام برادەری خۆمە و هەرچی لە توانامدا بێ بۆ ئێوە دەیکەم، بەڵێن بێ.

ئەو بیرەوەرییە وای لە خەڵات کرد نەختێ ترسەکەی کەم بێتەوە و هەست بکات چوونی بۆ لای سیروان ئەنجامێکی دەبێ. کەچی دوودڵ بوو، بیری لە دڵە ڕاوکێ و دوودڵییەکەی دەکردەوە، نەیدەزانی بۆ لە ئاست زۆربەی شتەکاندا دوودڵە، تەنانەت لەو شتانەی کە لێیان دوودڵ نییە و بە ویست و ئارەزووی تەواوی خۆی حەز دەکات بیکات هەست بە ترس دەکات، یان شەرم دەکات، تەنها لە ئاست ئارامدا لە هەموو ئەو شتانە بە دوورە. لە باوەشی ئەودا ئەوپەڕی هێمنی و ئاسوودەیی هەست پێ دەکات. خۆ جارێکیان لەگەڵ باوکیدا بووە ناخۆشییان خوای بوو باوکی بچێتە دەرەوە و بۆ لای ئارام بچێ. پاش ڕۆیشتنی باوکی یەکسەر بۆلای چوو. دەرگای ژوورەکەی کردەوە، بینی لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵی دابووەوە، دەرگای ژوورەکەی پێوەدا، کە ئەوی بینی هەڵساو لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت. ئەمیش لە تەنیشتییەوە دانیشت. خۆزگەی ئەوەی خواست ئەو ساتە پەردەی بووک و زاوایی هەردووکیان بووایە، بە چاوە پڕ فرمێسکەکانی بێ تروووکان تەماشای کرد، سەری توند بە سینگییەوە نووساند.. لە باوەشیا هەستی بەو پەڕی ئاسوودەیی دەکرد، ئارەزووی دەم خستنە نێو دەمی بەهەموو جەستەیدا بڵاو بووەوە.. لێوی لە لێوی نزیک کردەوە.. ئامادەبوو هەموو شتێکی پێشکەش بکات.. ئەو پەردەیەی هەر لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە بۆتە مۆتەکەی ژیانی لەو چرکە ساتەدا لە لای بوونی نەمابوو.. ئەو مۆتەکە ڕەشە ببووە گوڵێکی سوور و حەزی دەکرد پێشکەش ئارامی بکات، ئەگەر ئەو نەبێ دەبێ بێ بۆن کردن لەئاست

خۆیدا سیس بێتەوە.. بەڵام ئارام هەڵسایە پێ بێ ئەوەی تەماشای بکات بە تەنها لە ناو ژوورەکەدا جێی هێشت.

ئەو یادە تەزووی خۆشی بە هەموو جەستەیدا دێنا. بیری لە پەردەی کچێنی دەکردەوە، دڵنیابوو لەوەی بوونی خۆی و ئەو پەردەیە دوو دیوی لێک دانەبڕاوی یەک شتن و نەمانی پەردە واتە نەمانی خۆی. خەفەتی لەو کچە دەخوارد کە خەڵکی لادێکەی ماڵی باوکی بوو، زۆر جار دەیانگێڕایەوە کچێکی زۆر جوان بووە، گەنجانی لادێکە بە تاسەی خەندەیەکییەوە بوون، بەڵام ئەو حەزی بە کوڕە سەپانێکی ماڵی خۆیانبوو.. برا گەورەکەی بەزۆر دای بە ژن، گریان و نووزانەوە دادی نەدا، یەک ڕۆژ لە پاش گواستنەوەی کچەیان دەرکرد و پیاوەکەی تەڵاقی دا، گوایە کچ نییە و، ژن بووە! کچە هەزار سوێند و پاکانەی بۆ دایک و کەس و کاری کرد کە لە ئاوی کانی شەوێ پاکترە، تەنها لە بری خوێن هەندێ زەرداو هاتۆتە خوارێ، کەس بڕوای پێ نەدەکرد، بە تایبەتیش ئەو برایەی وا بە ژنی دابوو زۆر بێ ویژدان بوو، ماڵ باوکی ژنەکەی کچ خۆیان بردبووەوە، ئەمیش ڕقی دونیای لە خوشکەکەی هەڵسابوو. سێ ڕۆژ لە پاش تەڵاقدانی خوشکەکەی، لەناو جێگای نوستنیدا بە خەنجەر لەسەر دڵی دا!

" تۆ بڵێی پەردەی کچێنی منیش لە بری خوێن ئاوێکی زەرد نەبێ؟ بەڵام ئارام لەبارەی ئەم شتانەوە زۆر دەزانێ، دەزانێ سروشتی بایۆلۆجی هەندێ کچ ئەوهایە و هیچ تاوانێکیان لەو شتەدا نییە. خۆشبەختم یەکێکی وەک ئەوم تووش بووە. داخ بۆ ئەو کچانەی تووشی پیاوی نەزان دەبن.

لە سووچی شەقامەکە نزیک بووەوە، خۆر لەپشت هەورەکانەوە



بەئاستەم دیاربوو، با یاری بە گەڵای دارەکان دەکرد و ڕاپێچی دەکردن، درەختە لە گەڵا داماڵیوەکانی بەم لاو بەو لادا شۆڕ دەکردەوە. خامۆشی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشابوو. ئەم دیمەنەی بەلاوە ناخۆش بوو چونکە حەزی بە وەرزی پاییز نەدەکرد.

زۆری نەمابوو بگاتە ماڵی سیروان. دەبێ وەک دەیەوێ بەو شێوەیە بتوانێت کاری لێ بکات و بە شێوازێکی ئەوتۆش قسە کات نەتوانێ داواکەی ڕەت بکاتەوە، ئەی ئەگەر نەتوانێ چی بکات؟ " نابێ، هەر دەبێ قەناعەتی پێ بێنم لەو خانووە دەریان نەکات. من ئەوان دەرکرێن چی بکەم؟ ئەگەر ئارام بزانێ بۆ ئێرە هاتوومە زۆر لێم تووڕە دەبێ. لەوانەیە سیروان بە فیز و لە خۆبایی بوونەوە گوێم بۆ ڕاگرێ، باوکی گوتەنی فیزاوییە و لە هیچ شتێکدا سەرکەوتوو نییە. نەخوازە شتێکی بەدەست بێ دەبێ چی بکات. "

لە بەردەر گای ماڵیان ڕاوەستا. هەرچەندە یەکەم جاربوو بۆ ماڵیان بێ بەڵام دەمێک بوو ناونیشانەکەی لە سەربەستەوە دەزانی. سەربەست چەندەها جار باسی گەورەیی و خۆشی ئەو خانووەی دەکرد.. لە زەنگی دەرگاکەی دا، پیاوێکی پیر هات و دەرگای لێ کردەوە دیاربوو باخچەوان بوو، فەرمووی لێ کرد و بردیە ژوورەوە، چوو بانگی سیروانی بۆ بکات. دانیشت و سەرنجەکانی بە چواردەوری ژوورەکەدا گێڕا، بۆی دەرکەوت باسکردن و پیاهەڵدانی سەربەستی برای لە ئاست ئەم ماڵەدا نین و ماڵەکە شایەنی پیاهەڵدانی زیاترە. زۆربەی شتەکان خەونەکانی تەمەنی هەرزەکاری خۆیان دەهێنایەوە یاد، ئەو کاتەی دایک و باوکی و سەربەستی برای لەسەر پارەو خەرجی ڕۆژانە دەبوو بە شەڕیان، یان کە حەزی لە

کڕینی زۆر شت دەکرد بۆ ماڵەوە پارەش نەبوو، لەو کاتانەوە لە زۆر کاتی تریشدا ئەوەندە نیگەران نەدەبوو، چونکە وای دانابوو لە داهاتوودا شوو بە کوڕێکی دەوڵەمەند و قۆز دەکا، کوڕێک وەک کوڕە شازادە دڵ ڕفێن، دەستی دەگرێ و بە جلی بووکێنییەوە دەیباتە ناو کۆشکێکی پان و بەرین و قەشەنگ لە چەشنی ئەم کۆشکە، زاواش وەک هەموو خزمەتکار و بەردەستەکانی تر لە قسەی دەرناچێت و چی فەرمان بدات بە گوێی دەکات، قسەی ئەو ڕەتکردنەوەی نییە، خۆی دەبێتە خاوەنی کۆشکەکەو بە خاوەنی کۆشک ناو دەردەکا، ئاهەنگی گەورەی تیا سازدەدا، ماڵی باوکی خەنی دەکا، بە تایبەتیش سەربەست، ئەو کە داوای پارە بکات لە سێ هەزار کەمتری ناداتێ چونکە کە داوای سێ دینار دەکات سێ سەعات قڕە قڕی بەسەردا دەکەن. هەموو ساڵێک گەشت بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکات، هەموو هاوڕێکانی ئێرەیی بە مەزنی ئەودا دەبەن، ناهەقیشیان نییە لەوانەیە بەخەونیش ئەو شانسەی ئەویان نەبینیبێ. جوانی و چاکی ئەو لە شاردا دەنگ دەداتەوە!!

بە خەندەیەکی پڕ لە سەرسوڕمانەوە سەرێکی بۆ ئەو خەونانەی سەرەتای تەمەنی هەرزەکاری خۆی لەقاند.

– خەڵات لە ماڵەکەی منە؟! باوەڕ بە چاوەکانم ناکەم!

بە گەرمی بەخێرهاتنی لێ کرا، نەیویست تەماشای نێو چاوەکانی بکات، زانی سەری سوڕماوە و تەنانەت کاتێ لە بەرانبەری دانیشت هێشتا بە تەواوی بڕوای نەدەکرد.

– پوورت لە کوێیە؟

– لە ماڵی خاڵمە.



– ببوورە من بێ دەستنیشانکردنی کات و ئاگادارکردنەوەت بۆ ئێرە هاتم، بەڵام ئەو شتەی ئێستا هاتوومە لەگەڵ تۆدا باسی بکەم زۆر گرنگە و بواری ئەوەی نەدام دوای بخەم.

سیروان بەتاسەوە گوێی لێ ڕاگرتبوو، لاقی لەسەر لاق دانابوو، دەستەکانیشی لە سەر هەدوولای قەنەفەکە بوو. بێ ترووکان تەماشای دەکرد.. ئاخێکی قووڵی بۆ گۆڕانی هەستەکانی خۆی لە ئاست گوێگرتنی ئەو دەنگەدا هەڵکێشا.. پێش ئەوەی دڵنیابێ لەوەی یەکێکی تری خۆشدەوێ کە گوێی لە دەنگی دەبوو دەشڵەژا، هەستی دەکرد وشەکان پڕ لە تام و چێژەو زاخاوی مێشکی دەدا.. یان ئەو کاتانەی لە گەڵ سەربەستدا دادەنیشتن ئەویش چای بۆ دەهێنان و هاوبەشی گفت و گۆکانیان دەبوو، ڕووی قسەکانی لە سەربەستەوە بۆلای ئەم وەردەگێڕا، بەڵام ئەم توانای لە ڕوو وەستانی ئەو سەرنجانەی نەبوو کە ئەو پەڕی هێز و باوەڕ بە خۆبوون و جیاوازی لە کچانی تری پێوە دیاربوو.. بە ناچاری دوو جار و سێ جار وشەی وایەی دووپات و سێ پات دەکردەوە، سەری دەلەقاند و چاوەکانی دادەگرت. " تازە ئەم گوڵە لە کیس من چوو. ئارام لێ نەگەڕا، مەگەر هەر خۆم بزانم چی لەو ئارامە دەکەم. من ئەو سیروانەی جاران نیم هیچم بەدەست نەبێ. تۆ ئەو چرایەی هەموو دونیای لە پێش چاوم ڕووناک کردبووەوە کوژانتەوە، ئەبێ منیش نەهێڵم ڕووناکی ئەو چرایە بۆ تۆبێ."

– لەوانەیە بزانیت بۆچی هاتوومە وەنییە؟

– بەلامەوە سەیرە تۆ بەپێی خۆت بۆ ماڵەکەی من هاتوویتە. بەدەر لە هەموو شتێک هاتنەکەت خۆی زۆر بەلامەوە گرنگە.

– زۆر سوپاست دەکەم.

ئەو سوپاسە خۆش و پڕ لە ئاوازی ڕێزگرتن و هێواشە سەرلە نوێ هەست و سۆزەکانی سیروانیان هێنایەوە جۆش و خرۆش و وەک گڕکان پڕیشکیان دەهاویشت، دەیویست گوێیان لێ ڕانەگرێ کەچی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نەبوو.. زۆر چاک دەیزانی بۆچی هاتووە و داوای چی دەکات، کەچی هێشتا هەر لە ئاست سۆزەکاندا بێ دەسەڵات بوو.

– سیروان من وەک برادەرێک هاتوومە قسەت لە گەڵ بکەم، من کە بەتەنیا بۆ ئێرە هاتووم نیشانەی ئەوەیە زۆر بڕوام بە تۆ هەیە و دەزانم وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت.

ئەو قسانەی خەڵات ئازاریان دەدا، مۆری ناخۆشی سەرتاپای ژیانیان بە ڕوویەوە دەنا، ئەو ژیانەی تەنیا جارێک سەرکەوتنی تێدا بەدەست نەهێناوە. لە قوتابخانە قوتابییەکی زۆر تەمبەڵ بوو، کە مامۆستاکان بۆ سەر تەختە هەڵیاندەساند هیچی نەدەزانی، لێیان دەدا و قسەی ناشرینیان پێ دەگوت. کە ئارامیشیان هەڵدەساند زیرەکانە وەڵامی دەدایەوە و بە شان و باڵیاندا هەڵدەدا، ئەو پیا هەڵدانە لەو لێدان و جنێوانە ناخۆشتر بوو کە پێی دەدران. لە ماڵەوەش هەستی دەکرد ئارام بۆتە سەرچاوەی ئازارەکانی ژیانی، کە بە گوێی باوکی نەکردایە باوکی باسی هۆشیاری و چالاکی ئەوی بۆدەکرد و تفی لە وجاخەکەی خۆی دەکرد. ئەویش ئەوەندەی تر ڕقی لە ئارام دەبووەوە و هەستی بە بێتوانایی خۆی دەکرد و بڕوای بە خۆی نەدەما..

– خەڵات ئەگەر دەتەوێ درۆت لەگەڵدا دەکەم و دەڵێم وەکو هاوڕێیەکیت. بەڵام لەناخەوە هەرگیز ناتوانم خۆشەویستییەکەت لە دڵم دەربکەم.



– ئەگەر بەڕاستی منت خۆشدەوێ ئەو شتەی کە هاتووم داوای کەم بۆمی جێبەجێ بکە.

– هەرشتێک لە توانامدا بێ دەیکەم.

– دەمەوێ پێت بڵێم ئارام هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە من خۆشەویستی لەگەڵ تۆدا ئاڵو گۆڕ ناکەم. تەنانەت ئەگەر لەو بڕوایەش بیت خەتای ئەو بێ خێزانەکەی هیچ تاوانێکیان نییە. بۆ دەتەوێ پەستی دڵی خۆت بەوان بڕێژی؟! تۆ نازانی دایکی چەندە ئافرەتێکی باشە و ئەم بەیانییە پاش ئەوەی تۆ جێت هێشتن چی بەسەرهات.

– پێم سەیرە تۆ ئەم بابەتە تێکەڵ بە مەسەلەکەی خۆمان دەکەیت و ئەو هاش لە داواکرنی من گەیشتووی بۆ چۆڵکردنی خانووەکەم، دەرکردنی ئەوان هیچ پەیوەندییەکی بەم مەسەلەیەوە نییە. ڕەنگە نەزانیت من و ئەو چەند ڕۆژێکە لەیەک تووڕە بووینە و هەقی خۆشمە ئەگەر دەریان بکەم.

– چی؟! بۆ هەقی خۆتە؟!

– چونکە چەند ڕۆژێ لەمەوپێش هاتە لام و داوای لێ کردم ڕیزە دووکانی سەر شەقامەکەی بدەمێ تاکو بیکاتە کتێبخانە، منیش خۆم پڕۆژەی ترم بۆ ئەو دووکانانە داناوە بۆیە داوای لێبووردنم لێ کرد و پێشم گوت ئەگەر حەز بکا لەو پڕۆژەیەدا دەیکەمە هاوبەش بەبێ هیچ سەرمایەیەک. کەچی ئەو خۆی لێ تووڕە کردم و بە شێوەیەک لەگەڵما دەدوا هەروەک قسە بە منداڵەکەی بڵێ هیچ نرخێکی بۆ هەستم دانەنا، بەوە تاوانباری کردم کە من تەنها بەرژەوەندی تایبەتی خۆم دەوێ و بەشوێنکەوتنی پارە چاوی سوور کردووم. زۆری قسە پێم گوت نامەوێ لێرەدا باسیان بکەم، من بێ دەنگ بووم چونکە لە منداڵیمەوە

ڕاهاتوومە بە کەسێکی بەڕێز و توانای دانێم و لە خۆشم بە باشتری بزانم، جگە لەوەی لە ماڵەکەمدابوو. دەمەوێ تۆڵەی ئەو قسانە بە هەقێکی خۆم بکەمەوە. خەڵک زۆر دەناسێ و دەتوانێ هەر کاتێ ویستی خانوو بەکرێ بگرێ، لەبەرچاوم کەوتووە و نامەوێ چاوم بە چارەی بکەوێ.

خەڵات لەوە دڵنیابوو ئارام ئەم جۆرە ڕەفتارەی لێ پێشبینی ناکرێ، بەڵام سیروان قسەکانی بە شێوازێکی ئەوتۆ گوت کەمێک گومانی لە دەروونییەوە پەیداکرد. چونکە دەیزانی ئارام زۆر مەبەستی بوو کتێبخانە دانێ.

– هەرگیز بڕواناکەم.

– مەبەستت ئەوەیە بڵێیت درۆ دەکەیت!

– نا مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام ئارام ئەو ڕەفتارەی لێ ناوەشێتەوە.

– دەزانم بڕوام پێ ناکەیت، چونکە ناتەوێ بڕوا بکەیت. خۆت دەیبینی و دەشتوانی لێی بپرسی. ئەگەر من مەبەستم پارە بێت چەندەها پیاوی دەوڵەمەند کچ پێشکەشم دەکەن. من تۆ بە هەموو دەوڵەمەندی دونیا ناگۆڕمەوە، ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە و بۆت دەسەلمێنێ هەندێ شت لە ژیانی مندا هەن لە پارە بەنرخترن.

– ئێستا من بۆلای تۆ هاتوومە و پڕ بە دڵ هیوادارم دڵم نەشکێنی و، دەریان نەکەیت. ئەگەر هەر لەسەر دەرکردنیشیان سووریت ئەوە پێم بڵێ.

سیروان تا ئەو ساتەش بە شێوازی تەواوی قسەکردنی خۆی نەدەدوا. لەو کاتەوەی خەڵات خۆشەویستییەکەی ڕەت کردۆتەوە ڕقی لە خۆی و ژیانە تەنیایەکەیەتی، لەو بڕوایەدا بوو ئەگەر ڕەفتار و بیرو



ڕاکانی گونجاو بوونایە خەڵات هەڵی دەبژارد. لە ناخەوە ئێرەیی بە هەموو شتێکی ئارام دەبرد.

خەڵات هەڵسایە پێ، واخۆی نواند دڵ شکاو و غەمبارەو بە دڵێکی ناخۆشەوە ماڵەکەی جێ دێڵێ. هەستی کرد مانەوەی سوودی نییە و هاوکاری لەگەڵدا ناکات لە هەمان کاتیشدا حەزی دەکرد دانیشێتەوە و جارێ نەڕوات و زیاتر هەوڵی لەگەڵ بدات، بە خەندەیەکی خەماوی و دەنگێکی پڕ لە سۆز و کاریگەرییەوە تەماشای کرد و گوتی:

– ئەم بێدەنگییەت مانای ڕەتکردنەوەی داواکەمە. سوپاس.

هەنگاوێکی بەرەو پێش نا، لە پڕ سیروان لە جێگاکەی خۆی هەڵساو لە بەرانبەری ڕاوەستا. بەدەستی ڕاستی پەنجەی هەڕەشەی بەرز کردەوە و گوتی:

– ئارام هەستی بریندار کردووم، تۆڵەی خۆمی هەر لێ دەکەمەوە.

– پێم گوتی باوەڕت پێ ناکەم.

لە دڵ خۆیەوە گوتی: " باوەڕم پێ مەکە. لە داهاتوودا دەردەکەوێ بۆ کێ دەبیت، سامان و گیانم، بیر و مێشکم هەمووی لە پێناو دەست کەوتنی تۆدا دەخەمە کار. باوکت بە سوپاس و دەست ماچ کردنەوە تۆم پێشکەش دەکات. دەبێ تۆ یەکەم ئامانج بیت لە ژیانی مندا بێیتە دی، یەکەم خەونی پڕ لە خۆشیم بیت، سەرتای ئەو پەیژەیە بیت کە پێیدا بەرەو سەرکەوتن و لووتکەی بەرزی ژیان سەربکەوم، قەت ناهێڵم ئارام بۆنی ئەو قژە جوان و گەردنە بلوورییەت بکات، دەبێ لێوی ئاڵ و گۆنات بۆ من بن، لە ناو جوانی چاوەکانتا مەست بم و شێتانە لە ئامێزت بگرم، ئەوسا لە کەوتوویی هەمیشەییم، لە ڕەشبینی و بێزاری، لە بەتاڵی و باڵ شکاوی و زیندەخەونی پڕ لە ئاه و ئۆفی دوور لە تۆ،

لە چۆڵایی و تاریکی ناو ئەم کۆشکە بیابانە، لە خواردنەوە و خۆمەست کردنی تا بەرەبەیانی ناو مەیخانەکان، لە گەڕان و سووڕان و وێڵی بێ کۆتایی ڕزگارم دەبێ. جا بۆ ڕزگارم نەبێ؟! خۆ تۆی فریشتە تەنها وزەی یەک خەندەیەکت بەسە بۆ ئەوەی ببی بە ئامانج و وەکو هیمۆگلۆبین بەناو جەستەما بڵاو بیتەوە. سەیرە منی زمان لە گۆچووی بێ توانا لە دەربڕینی هەرشتێکا ماوەیەکە خۆشەویستی و بینینی ڕووی تۆ فێر قسەکردنیان کردووم! لەوانە بوو ئەگەر تۆش منت خۆشبویستایە و گوێت لە ڕاز و سۆزەکانم ڕاگرتایە ناخم بەم شێوەیە نەدەپەنگایەوە و پڕیشک و خەمی قرچەی هەناوم تابلۆی ئەم هەستانەیان لە ناخمدا نەدەنەخشاند."

بە لێ وردبوونەوەیەکی شاعیرانە سەرنجەکانی لە ڕووی چەقاندبوو. خۆی وەکو شاعیرێک هاتە پێش چاو. جوانییەکەی بەتەواوی مەستی کردبوو، بەژنە باریک و شووشەیییەکەی پەردەی تاڵی و خەمەکانیان دڕاندووە لەبەردەمی ڕاوەستاوە، ئەو ڕووەی کە بە مانگی دەزانی و هەستی دەکرد لێ نزیک بوونەوەی گرانە ئێستا تەنها نیو مەتر لێوەی دوورە، ویستی ئەو نیو مەترەش نەمێنێ. لە گەڵ بەرزکردنەوەی دەستی بۆ سەر شانی ڕووشی لە ڕووی نزیک کردەوە.. کە دەستی لەسەر شانی کەوت پاڵی پێوەنا.. بە هەنگاوی زۆر تیژ لە نێوان دەستەکانیەوە دەرپەڕییە دەرەوە.. تا لە ماڵەکەی دوورتر دەکەوتەوە زیاتر هەستی بە هێمنی دەکرد.

گەیشتە سەر شەقامێکی دوور و درێژ، نیازی بوو ئەو شەقامە بە پێ ببڕێ، ڕێگاکەی دوور هاتە پێش چاو بەڵام زۆر حەزی لە پیاسەکردنی دەمەو ئێواران بوو، سەری هەڵبڕی و تەماشای خۆری



کرد، بینی تیشکە ئەرخەوانییەکانی لە کاڵبوونەوەدا بوون، لە ڕەنگی تیشکەکان ڕاما." ئارام حەز بە ڕەنگی ئەرخەوانی خۆر دەکا، بە تایبەتیش دیمەنی تیشکەکانی کە ماڵئاوایی لە نیوەی دونیا دەکەن. من حەزی پێ ناکەم، خۆ من هێشتا نەک هەر خۆر هەڵات بەڵکو ئاسۆی سپێدەی بەربەیانێکی زیوینیشم نەبینیوە، ئیتر چۆن حەز بە دیمەنی خۆرئاوابوون بکەم؟!

لەگەڵ لێوردبوونەوەی تیشکی خۆردا خەمێکی تاڵ وەک ژانێکی تیژ بەچەشنی باریکی و تیژی تیشکەکان بە دەروونیدا هاتوچۆی دەکرد. دەترسا هەر وەک چۆن خۆر ماڵئاوایی لە شار دەکا ئەوها ئارامیش ماڵئاوایی لێ بکات و، گەڕەکەکەش جێ بێڵن. " ئەگەر بۆ یەکیش نەبین باوەڕناکەم ئەمەی لە دڵ هەردووکماندایە لەناو بچێت تا ئەزەل. دەزانم باوکم لێمان تێک دەدا..

داخ لە دەست ئەو کۆڵە گرانەی سەرشانم.. دەبێ کەی ڕۆژێک بێ ئەو بارە قورسە کەمێک سووک بێ؟ کە هەرزەکار بووم هەمیشە لە دایکم دەپرسی بۆچی دەبێ هەموو شتێ بەدەست باوکم بێ لە وەڵامدا دەیگوت:

– خوا وای کردووە. ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئیشی خوادا نییە.

" بەستەزمان دایە! ناهەقیشت نییە. لە منالیتەوە لە مێشکتدا چەسپیوە.. کە چوومە ناوەندیشەوە کەس نەبوو لێی پرسم بۆ؟ دواتر ئەو وەڵامە وەک پیازی پاککراوی لێ هات. "

تیژی هەندێ لە بەردەکانی سەر شەقامەکە لە ژێر پێڵاوە فلاتەکەی دەچەقین و ئازاریان بە پێی دەگەیاند. بیری لە بەردەکان دەکردەوە."

لەوانەیە ڕۆژێ بێ ئەم بەردانە لە بیناکردنی دامەزراوەی قەشەنگدا دەورێک ببینن."

ڕەنگە ئەرخەوانییەکەی خۆر بە تەواوی بزر ببوو، باڵی ڕەشی تاریکی نەشتەری لە شینە خماوییەکەی ئاسمان دەژەند، هەر پاش تۆزێکی تر باڵی ڕەشی بەسەر شاردا دەکێشێ.. بزربوونی خۆر و دەرکەوتنی نیشانەی تاریکی ترسەکەی سەرەتای هاتنی لە دەروونییەوە دەبزواند.. " باوکم بێ بەزەیییە، هەموو شتێکی لەدەست دێ، خۆی لێم بە بیانووە، ئامانجی هەرە گەورەی ئەوەیە لەبەردەم ئامانجەکانما ببێتە بەربەست، بەربەستێکی پۆلایینی ڕەق، بە هیچ شتێک نەرم نەبێ.. بەڵام ئاگری خۆشەویستی، ئاگری سەربەستی پۆلاش دەتوێننەوە.. "

دەیزانی تاخیر دەبێ، تف، لێدان چاوەڕوانی دەکەن.. بەڵام لە پاش ئەوانە بەگریان و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەر نانێتە سەر سەرین.. زۆر وای کردووە.. ئەم شەو لێدان و، تف وەکو هاندەر و پاڵنەرێک وەردەگرێ، یان ئەگەر ماندوو نەبێ بە وەرزش وەریان دەگرێ!



## ٨

لە دەرگای ژوورەکەی درا، ئاوڕی دایەوە بینی شەهاب بوو هاتە ژوورەوە، بە گەشی بەخێرهاتنی لێ کرد:

– بۆ وا درەنگ هاتی؟

– چی بکەم هەر لای هەڤاڵ بووم.

– ئەی هەڤاڵ چۆنە؟

– باشترە. سەردار ئەم شەو لەلای دەبێ، سبەینێ دەچمەوە بۆلایان. بەڵام پێم بڵێ چ نهێنییەکی خودایی لە پشت ئەم ڕووخۆشییەتەوەیە؟

– شەهاب نهێنییە مەزن و خواییەکان نابێ بوترێن، ئەگەر بوترێن پیرۆزی و مەزنی خۆیان لەدەست دەدەن.

ئەو تۆزە گەشییەی ڕووی ئارام شەهابی هان دا ئەو مەبەستەی بۆی هاتووە لەگەڵیا باسی بکات. لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت. تاسەی گوێگرتنی قسەکانی جارانی ئارامی دەکرد، ئەو قسانەی لە دانیشتنی شەوانی تا بەربەیانی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕیان دەکرد، تەنانەت ئەو شەوە شوومەی هەردووکیان ئا لەم ژوورەدا دوو بە دوو دانیشتبوون، پێشبینی گریانێکی بێ کۆتای لێ دەکرد، چاوەڕوانی ئەوەبوو کە ئەو دەستی بەگریان کرد دڵی داتەوە یان خۆشی لەگەڵیا بگریێ.. بۆ تەرمی ئەوانەی لەناو بێشەی زیندانە هەزار بە هەزارەکانەوە بە چلە خوێناوی و شیتاڵ شیتاڵەکانی بەریانەوە تووڕیان هەڵدانە ناو گۆڕی دەستە جەمعی و تێکەڵ بە خاکیان کردن.. خوێن و زام و جەستە

لەگەڵ خاکدا تێکەڵ دەبن دووبارە زیندوو دەبنەوە.. ئەو چاوە گەشانەی نەیاندەویست لە ژیان بزربن، ئەو دڵانەی پڕیان لە خۆشەویستی ژیان بوو لە سووری گولیلکە نیسانە و هەڵاڵە سوورەکاندا بەرجەستە دەبن، وەک تارای سووری سەر ڕووی بووکێکی ڕازاوەیان لێ دێ، گوزارشت لەوە دەکەن شار بووکێکی خواییە، سەر گۆناکانی لە سووری و شیرینیدا وەک شەکرە سێویان لێ هاتووە، ئەو سێوەی شایەنی دەم و لێوی گەنجێکی بە تامەزرۆیە، نەک ئەوانەی لە بری چوکلێت و نوقڵ ژەهراویان بەسەردا ڕژاند.. بۆ ئەو هاوڕێ گیانی بەگیانییەیان بگرین کە ئەو ئێوارەیە هەواڵی شەهیدبوونی لە ژێر ئازاردا پێ گەیشت، هاوڕێیەک لە دڵی هەردووکیانەوە زۆر نزیک بوو.

– ئارام من کە هەواڵەکەم بیست گەڕامەوە دەرگای ژوورەکەم داخست و تێر گریام، کەچی لەوەتەی هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاندووی فرمێسک بە چاوتەوە نابینم، وەک شەوانی پێشوو گەرم و گوڕ ناتبینم ڕێ بکێشیت! دەزانم دەتەوێ بگری، بۆ ناگری گریان عەیب نییە.

ئارام ویستی بڵێ " گریان عەیب نییە و، مانای بێ دەسەڵاتیش نییە. بۆ ئەوەی بزانین پێکەنین چییە پێویستە گریابین.. من گەر بەبیستنی ئەم هەواڵە نەشگرییێم فرمێسکەکانم لە داخی پەنگانەوە دەبنە پڕیشکی ئاگرو هەموو جەستەم داخ دەکەن، گڕ لە گیانم بەردەدەن، ناخم دەسووتێنن و وەک مۆم لەناو یادەکانیا دەتوێمەوە، ئەو کات وشەکان لەئاست یەکاڵابوونەوەی یادەکاندا بێ توانا و مەلوولن، تەنها بەو وشە مەلوولانە بەناخی خۆمدا ڕوودەچم، یادی هەموو ئەو شتانەی لە ناخما بوونە بە ژیلەمۆ لەگەڵ ئاخی ئەو یادەدا گەش



دەبنەوە." نەیتوانی ئەو قسانە بۆ شەهاب بکات، ئاخێکی هەڵکێشا و سەری داگرت.

"هەشت مانگە بزەیەکی گەشم بەڕووتەوە نەبینیوە گەر ئەوەندە هەست ناسک نەبوویتایە ڕووداوەکان بەم شێوەیە کاریان لێ نەدەکردی."

ئارام سەرنجەکانی لێ بڕیبوو، هەموو هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی لە ئاست ئەو و گشت هاوڕێکانیدا بە هێمنی بەسەر بیرەوەریدا تێدەپەڕین.. بیرەوەرییەکان تاڵاویان لە دەمیا دەدایەوە.. بە تایبەتیش کاتێ کە هەست دەکات نەک هەر بینینی ئەوان بەڵکو بینینی هەموو کەسێک دڵی تەنگ دەکات.. گۆشەی تەنیایی خۆشەویستترین شوێنە لای.. نامۆیی و نزمی خۆی لە بینینی خەڵکدا دەبینێ.. لەگەڵ بەبیرهاتنەوەی سەردەمی بڕوابەخۆبوون و ئومێد بەرزیدا ئەوەندەی تر هەستی بە مەحاڵی گەڕانەوەی ئەو شتانە دەکرد و بە بیرەوەری ژیانی ڕابردووی دەزانین.. بیرەوەرییەکی ئەوەندە تاڵ و قورس و گران کە هێشتا مۆری شوێنەوارەکانیان بەسەر بیر و دەروونیدا دیارن.

–ئەگەر پێت خۆش بێت هەموو ڕۆژ سەرێکت لێ دەدەم، تا لێم بێزار دەبیت. دەزانی بۆچی هاتوومە و بۆچیش دێم؟

دەیزانی شەهاب حەز دەکا ئەم شەو تا بەیانی لە گەڵیا هاوبەشی ڕێکێشانی چالاکییەک بکات.. بەڵام حەزی دەکرد ئەم شەو بە تەنیا بیر بکاتەوە.

– شەهاب من تاقەتی ڕێکێشانی چالاکیم نەماوە..

–بیرکەرەوە گەر ویستت جوابم بدەرەوە.

شەهاب ئەو وشانەی بە غەمباری و خەمێکی قورسەوە گوت.

پێویستی بەوە بوو باسی خەم و گرفتەکەی خۆی بۆ ئارام بکات، گوێی بۆبگرێ.. لە ناخەوە دەیگوت " ئارام منیش شەهابەکەی جاران نیم، دوو مانگە گێژاوی خەم لوولی داوم، ئەگەر سێ بەردەکەی لە دەست دەنێم چارەنووسی ئەو منداڵەی وا بەڕێوەییە ئازارم دەدات، مناڵێ بێ ناز و سۆزی دایک و باوک بێ دەبێ چۆن بێ. ئەگەر بشیهێنمەوە ژیانم لە گەڵیا مەحاڵە. شەوگارە سارد و سوڕەکان دڵم دەگوشن.. خۆ دوا جار کە بوو بە شەڕمان.."

– بۆ ئەوەندە سووریت لەسەر ئەوەی بزانیت شەوان بۆ کوێ دەڕۆم؟ پێم گوتی لە ماڵی هاوڕێکانم زیاتر لە هیچ شوێن نیم.

پەیمان لەسەر سیسەمەکە هەڵسا و لەسەر تەپڵەکی مێز تەوالێتەکە دانیشت، بە گرژی و چاو زەقکردنەوەوە تەماشای کرد، کە نیازی شەڕی هەبووایە بەم پێشەکییە دەستی پێ دەکرد:

– پێم ناڵێی ماڵی ئەم هاوڕێیانەی تۆ بوون بە چی؟! من ئیتر تەحەمولی ئەم ژیانەم نەماوە.. مادام بڕوات پێم نییە بۆ خواستمت؟ بۆ ملت نام بەم گەرداوەوە؟ خەڵکی شوو دەکەن ژیانیان خۆشتر بێ، من ژیانم بەچاڵدا چۆتە خوارێ..

ئەو هاوارانە ئەوەندەی تر پەستیان کرد، هەر وەک ئەوەی لە خەونێکی ناخۆشدا بێ و بیەوێ هاوار بکا و دەنگی دەرنەچێ نەیدەتوانی هیچ بڵێ. دەیان جاری تر کۆمەڵێ شتی بە نموونە بۆ دێنایەوە تاکو بڕوای پێ بێنێ درەنگ گەڕانەوە بۆ ماڵ لە ڕێی خراپەدا نییە و تەنها بۆ یارمەتیدانی هاوڕێکانیەتی. بەڵام ناوهێنانی یارمەتی ئەوەندەی تر شێتی دەکرد.. چونکە لە یەکەم هەفتەی هاتنیەوە هەوڵی دەدا لە برادەرەکانی دووری خاتەوە و هاتووچۆی ئەو خزمانە بکات کە



دەوڵەمەندن و پێشتر ساڵی جارێ سەردانی نەدەکردن.

– لە هەموو شتێک بە قسەت بکەم لەم شتەدا نا. دەزانم دەوڵەمەند نین بۆیە ڕقت لێیانە.. ئاخ لەدەست ئەم بەدبەختییەی خۆم! چەند ساڵ بوو دەمویست کەسێک بێنم ژیانێکی هێمن و ساکار پێکەوە بەسەربەرین کەچی ڕێک پێچەوانەکەی دەژێم.

ـ بۆ پێم ناڵێی چیت لەو هاوڕێیانەت دەوێ؟ بۆ ئەوان بۆ ئێرە نایەن؟

" خۆزگە دەمتوانی پێت بڵێم بۆ کوێ دەچم و چی دەکەم. خۆزگە تۆش لە ئاست زانینی ئەو نهێنییەدا دەبووی. کێ حەز ناکات لە نێوان خۆی و هاوسەرەکەیدا بە تینترین بڕوا هەبێ؟ تۆ ئەو پەیمانە نیت من ناسیم! ئەو ساکار و، ڕووخۆش و هیوا گەش بوو.. کێ بڕوا دەکا ئەوانە هەمووی نواندن بوون،.. نواندن و بەس! نواندنێکی زیرەکانە، بەئاسانی نیشانەکەی پێکا!

– فێری کە من بمەوێ دەمەتەقێت لەگەڵدا بکەم، یان داوای شتێکت لێ بکەم خۆتم لێ بێدەنگ دەکەیت، هەر وەک ئەوەی مناڵێک قسەت لەگەڵدا بکات گوێشم نادەیتێ.

– یانی تۆ ئێستا ئەم هاوار و خۆ تووڕەکردنانە بە دەمەتەقێ و داواکردنی شتێک دەزانی؟ لەگەڵ ئەوەی من دەیەها جار بۆم باس کردووی دەمەتەقێ چۆنە.

– توخوا ئەگەر واز لەم قسە زلانەت نەهێنی. ئاخر ئەم قسانە و بەشوێن کەوتنی ئەو برادەرانەت ئەمانهێننە خوار سفرەوە. تەماشای براکانت بکە، تەماشای خەڵک بکە، ئەمڕۆ دایکت لێرە بوو دەی گوت ئەمینی برات خانوویەکی تریشی کڕیوە بۆ کرێ. تۆش هەر بە تەما بە

به مامۆستایی ماڵ و مناڵ بەڕێوە بەری.

– چەند جارم پێ گوتی ناو برا و خەڵک لای من مەهێنە، خۆم کام ژیان هەڵبژێرم هەر ئەو ژیانە دەژێم. بەڵام بەڕاستی ئەو ژیانە لەگەڵ تۆدا مەحاڵە.

دەنگێکی نزمی لێدانی دەرگای ژوورەکەی ئارام پەتی بیرکردنەوەکانی پچڕاند.

– ئەی دەستت خۆش بێ شەیدا خان ئەم چایەت لە کاتی خۆیدا هێنا.

– شەیدا دایە چۆنە؟

– باشترە وا نوستووە. کە چووە دەرێ شەهاب پرسی:

– چییە ئارام دایکت نەخۆشە؟

– ئا ئەم بەیانییە بەرزبوونەوەی تەوژمی خوێن بووراندبوویەوە.

– هەر لە خەفەت تۆ نەبێ.

– نا لە خەفەت من نییە. تۆ لەوانە گەڕێ بۆ وەک جاران نیت؟ لەبەرچاوم غەمبار دیاریت.

– ڕاستییەکەی ئارام من بڕیارم داوە پەیمان تەڵاق بدەم.

ئارام ئەو هەواڵەی زۆر پێ ناخۆش بوو گوتی:

– ئێوە هەر لە سەرەتاوە ناکۆک بوون. ئەگەر هێشتا خۆشت دەوێ و هەستیش دەکەیت بوار ماوە لەگەڵتا بگونجێ، لەبەر ئەو مناڵەی کە بەڕێوەیە ئەو بڕیارە بنێ لاوە. من ئامادەم هاوکاریت بکەم. شەهاب بەتەواوی لەخۆی دڵنیابوو کە لە پێش چاوی کەوتووە و تۆسقاڵێ خۆشەویستی لە دڵیا نەماوە. ئەو کاتانەی پەیمان بۆ لای چناری خۆشکی دەهات لەو بڕوایە دابوو ئەگەر بۆیەک بن



خۆشەویستییەکەیان هەمیشە لە زیادبوون و گەشە سەندندا دەبێ، لە هەموو شتێکدا هاوکاری دەکەن، بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێ مناڵەکانیان پەروەردە دەکەن، تەنها فێری خۆشەویستییان دەکەن، خێزانێکی بەختەوەر و نموونەیی دروست دەکەن.. دڵنیا بوو لەوەی پەیمان دەتوانێ هەموو ئەو خەونانەی لەگەڵدا بێنێتە دی! لە ڕوانگەی دڵی خۆی و نواندنەکانی ئەوەوە ئەو دڵنیاییەی لا دروست ببوو. هەموو ڕەفتار و حەز و ویستەکانی بەپێی ڕەفتار و حەز و ویستەکانی ئەم بوو.. توومەس لە چنارەوە زانیبووی حەزی لەو جۆرە شتانەیە!

– تازە هاوکاری سوودی نییە..بەهیچ جۆرێ نامەوێ لەگەڵیا بژێم، هەر لە سەرەتاوە بە تەفرەدان و نواندن دەستی پێ کرد.. دڵم لێی ڕەنجاوە. ئێستا خۆی حەز دەکا بێتەوە، وادەزانێ دڵم نایێ تەلاقی بدەم و چی داوا بکات بۆی جێبەجێ دەکەم! دەیەوێ وەک ماڵ براکانم بژێین، کەسیش بەقەدەر تۆ شارەزای من نییە و نازانێ چەند ڕقم لەو جۆرە ژیانانەیە..

–لەم ناکۆکییانەدا هەر ئەو بە بەرپرسیار دەزانیت؟

– هیچ تاوانی منی تێدا نییە ئەو تاوانبار و بەرپرسیارە. چونکە بە ڕێکێشان تەفرەی دام.

– هێشتا هەر وەک خۆتی شەهاب! ئەم تاقیکردنەوەیەش نەیتوانی وات لێ بکات لەبەرانبەر هەڵەکانت خۆت بە بەرپرسیار بزانیت. بەڵام تۆ نەک هەر بەرپرسیاریت بەڵکو هەر لە سەرەتاوە هاوبەشی هەموو هەڵەکردنەکانیشی.

– ئێ با بزانم چۆن؟

– وا بزانم ئەو شەوەت لەبیر نییە کە بەگەرمی باسی ساکاری و

ڕێک و پێکی پەیمانت دەکرد پێم نەگوتی ئەمەی تۆ باسی دەکەیت داهاتووەکەی چاک نابێت، چونکە تۆ دەتەوێ کچێک بێنیت بەتەواوی وەکو خۆت بێت تۆ حەز لە چی بکەیت ئەویش حەز لەوە بکات، تۆ چیت بوێ خەون بە چییەوە ببینیت ئەویش هەمان شت، ئەمە نابێ ئەی ئەو چییە. لەبیرتە چیت پێ گوتم؟

– چاکم لەبیرە. ئەو قسانەی تۆ دڵیان توند کردم، من کە شتێکم کردە مێشکمەوە وا بە ئاسان وازی لێ ناهێنم.

ئارام ویستی سەرنجەکانی بۆ هەڵەکانی ناو کارکردنیش ڕاکێشێ، بەڵام برۆ چڕ و وێکهاتووەکانی، سێ لۆچەکەی سەر نێوچەوانی، گرژی سەر دەم و چاوی وای لێ کرد بێدەنگ بێ " لەوانەیە ئێستا پێی بڵێم لە کارکردنیشدا ئەگەر هەڵەکەت گەورە نەبێت هەست بە پەشیمانبوونەوە ناکەیت، کە هەستیشت کرد خۆت بە بەرپرسیار نازانیت لە گێژاوی ئەو خەمە قورسە دەرت بکەم، لەوانەشە گەر هەموو ئەو شتانەت پێ بڵێم ئەوەندەی تر تاڵاوی خەمەکان خەستتر بن و توانای ئەوەت نەمێنێ هەستکردن بە بەرپرسیاری بدۆزیتەوە."

– کورە خۆ ئەم باسە ئەوەی لەبیر بردمەوە ئیشی ترم هەیە و دەبێ ئەم شەو جێبەجێیان بکەم.

– هیوادارم ئەم گرفتە کار لە ئیش و کارەکانت نەکات.

– دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم گرفتانە لە ئەنجامی بەردەوامبوونمەوە سەری هەڵداوە.. چۆن وازد ێنم؟!

– ئێرەییت پێ دەبەم.

– سبەینێ لە ماڵی خۆمان سەعات هەشت من و سەردار چاوەڕوانت دەکەین، هەڤاڵ بۆ ماوەی دوو سەعات ئەو کوڕەی برادەری



پەیمانگا لەلای دەبێ ئەگەر بەشداریشمان نەکەیت بەس تەنها لە نزیکمان بیت ورەمان زۆر بەرز دەبێتەوە.

– ناڵێم دێم، بیر دەکەمەوە.

شەهاب ڕۆیشت و ئارام بە تەنها بەجێ ما. نەیدەزانی بیر لە چی بکاتەوە. لە سیروان و خانوو، لە خەلات، لە دایکی، لە خۆی.. ئەوانە داوای تێڕامان و وردبوونەوەیان لێ دەکرد.. نەیدەتوانی لەسەر یەکێک لەو شتانە بگیرسێتەوە. کە بیری لە یەکێک لەو شتانە دەکردەوە شتەکانی تر لێ نەدەگەڕان.. هەستی کرد مێشکی زۆر ماندووە و پێویستی بە سەعاتێک حەسانەوەیە، خووی وابوو ئەگەر بیزانیایە مێشکی ماندووە و توانای بیرکردنەوەی کەمە سەعاتێک دەنوست پاشان هەستی بە حەسانەوە دەکرد..

لەسەر جێگاکەی ڕاکشا. خولەکێک چاوەکانی لێک نان.. دەیویست بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە.. جگە لە تاریکی شتێکی دیکە لەپێش چاوی نەبوو. وای دەزانی ئەو شتە وردانەی لەناو تاریکییەکەدا بە چەشنی شارە مێرووله دەجووڵێنەوە خانەکانی ناو مێشکین. بەناچاری شەپۆلی بیرکردنەوە لە مێشک و بیرکردنەوە نوقمی کرد." ئەم مێشکەش سەیرە! میشکێکی وا بچووک دەتوانێ بیر لە هەموو ئەم شتانە بکاتەوە! دەبێ بۆ بەس ئینسان ئەم شتە مەزنەی پێ بەخشرابێ؟ ئەو پرسیارە گەیاندییە کۆتایی بیرکردنەوە لە مێشک، خۆی لەبەردەم دەرگایەکی داخراودا بینی و هیچ وەڵامێکی پێنەدۆزرایەوە.

هەوڵدان بۆ ئەوەی بیر لە هیچ نەکاتەوە و بنوێ بێ سوود بوو. چاوی کردەوە، لە تابلۆکەی بەرانبەری ڕاما. " خەلات ئەم تابلۆیەی پێ

جوانە، ئەگەر دیاری و یادگاری نەبوایە پێشکەشیم دەکرد. دەگەڕێم تابلۆیەکی جوانتری بۆ دەکڕم.. ئۆف منیش لە ناڵ و لە بزمار دەدەم. خۆ من بەنیازم پەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێنم.. لەو ڕۆژەوە هەوڵی بینینیم نەداوە. ئەو زۆر هەوڵ دەدا.. کە بۆ ماڵمان دێت و خۆمی پێ نیشان نادەم خەریکە شێت دەبم.

دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ بنوێ. وای هێنایە پێش چاو باسکە سپییەکەی خەلات لە ژێر سەریەتی.. لە باوشی ئەودا هەموو گرژی ماسوولکەکانی خاو دەبوونەوە.. لەناو نەشئەی ئەو ئەندێشە خۆشانەدا خەوی لێ کەوت..

خەونی بە دارستانێکی مەنگ و خامۆش و سیسەوە بینی، هەموو لق و پۆپ و چرۆی درەختەکان سووتابوون، کز دامابوون، هەندێکیان لەناو قەدەوە شکابوون، هەندێکی تریان تا سەر کۆتەڵە سووتابوون.. ئاسمانێکی تەماوی و لێڵ دارستانەکەی ترسناک کردبوو.. چواردەوری بیابان بوو، نە شاخ و چیا، نە ڕووبار و جۆگا، نە کەند و هەڵدێر، نە ئاسکە کێوی و کەروێشک، نە باڵندە لە ناو دارستانەکە و دەوروبەرەکەیدا بەدی نەدەکران. کانی ئاوەکان بە کەستەک و گابەرد نا بەڵکو بە خۆڵەمێش پڕکرابوونەوە، ڕەشی و وشکی خۆڵەمێشەکە وای دەنواند هەڵقوڵانی ئاوی سازگار، درەوشانەوەی زیخ و چەوی ژێر ئاوەکە جارێکی تر لەو کانی ئاوانەدا بەدی ناکرێن. گەردەلوول لە دوورەوە هەڕەشەی لە خامۆشی دارستانەکە دەکرد.

لە پڕ لەگەڵ برووسکێکدا تیشکی نوورێکی سپی بەفرین هێڵێکی لە باکووری دارستانەکەوە بەرەو باشوور کێشا، تیشکی ڕەنگێکی ئەرخەوانی بەهەمان شێوە لەگەڵ هێڵی تیشکە سپییەکەدا جووت بوو،



ئنجا تیشکی زەرد و سەوز و سوور.. هەموو تیشکەکان وەکو هێڵی ڕاست و پان بە تەواوی دارستانەکەیان داپۆشی.. بەرز بوونەوە، تا دەهات زیاتر بەرز دەبوونەوە و تێکەڵ بەیەک دەبوون، لەناو یەکدا دەتوانەوە.. وەک پەلکە زێڕینەی خۆریان لێ هات.. تیشکی ئاڵتوونینی خۆریان دروست کرد، قژی ئاڵتوونینی خۆر بەسەر دارستانەکەو ئەو ناوەدا بڵاو بووەوە..لەناو ئاوێنەی قژە پەخشانەکەی خۆردا دارستانێکی نوێ دیاربوو. لەو دارستانەدا درەخت و چنارە باڵابەرزەکان کەوتنە شنەشن و چرۆکردن، خوڕەی جۆگەلەو جریوەی باڵندەکان، کشەی درەختەکان، تەپەی هەنگاوی سووکی گیانلەبەرەکان، ئاوازی مۆسیقایەکی ئاسمانییان دروست دەکرد..

لە خەونە خۆشەکەی بە ئاگا هاتەوە، بۆ یەک چرکە سات هەستی کرد مێشکی حەساوە و بێ گەردە. لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت. ئەو خەونە چرکە ساتێکی شادمانی ڕابردووی لا بەرجەستە دەکرد، ژیان لە خەونێکی ڕابردووی نەدەکرد، ڕابردوو لەناو ئەو ساتەدا توابووەوە لە پێناو داهاتوویەکی نزیک و دوور.. ڕابردوو، ئێستا و، داهاتوو لە دەرەوەی زەمەندا گوزەریان دەکرد.. هەوڵی دەدا، لەو بڕوایەدا بوو هەوڵدانەکەی سەرچڵییە، سەرچڵیش کاری کپکراو و پەنگخواردووەکانی دونیایە، خۆی لەناو ئەو سەرچڵییەدا دەدۆزێتەوە.. خەندەکانی دەبن بە هێمای ستەم و ژانەکانی نەتەوەکەی و هەموو مرۆڤایەتی..

هەڵسا لەسەر کورسی لای مێزەکە دانشت، گوێی لە ناڵەی دایکی بوو." دایە گیان ئاخۆ کەی بە ئاهی ناکامی دڵەوە، بە حەسرەتی ئامانجێکی بریندارەوە، بە سەودای خۆشەویستی تۆ و کچێکی زۆر

جوانەوە، بە بزەی پڕ لە سەرسوڕمانی نهێنی ئەم گەردوونەوە.. پێش ئەوەی دوا هەناسە بە مەرگ بسپێرم بێمە باوشت.. تۆش بە پیرمەوە دێی، ئەو دیارییە ناوەختە لە ئامێز دەگری.. دایە گیان، باوشی تۆ ئارامگەو دوا وێستگەی خەون و خواستی ئامانجی ڕێگا نیوەچڵەکانمە.. ئەو ئامانجەی وەک تۆ خۆشم دەویست.. سەیرت دەکەم، تێر تێر لە چاوەکانت دەڕوانم.. تۆش سەرنجەکانت لە من بڕیوە، حەپەسان ناهێڵێ بگری. گشت سۆز و هەستی دایکایەتی دونیا لە لێوە هەڵبزرکاو و ڕووە پەشێواوەکەتدا خۆیان دەنوێنن.. بە بان دەستەکاندا شل دازاوم، دەستێکت لەژێر سەرمەو بە دەستەکەی تریشت جار جار فرمێسک دەسڕیتەوە و جار جاریش بەنێوچەوان و قژ و سەر منیدا دێنی، بەپەنجە باریک و لاوازەکانت فرمێسکی پڕ لە ژان و خۆشەویستی و تاڵاو و خەم و یادەکانم دەسڕیتەوە.. ئەو ڕۆژانەم بەبیر دێتەوە کە حەزم لە شتێک دەبوو داوای کڕینیم دەکرد پارە نەبوو بیکڕن، وڕکم دەگرت، دەگریام، لێم بێزار نەدەبووی، نازت دەکێشام، ئەوها بەو پەنجانەت فرمێسکەکانمت دەسڕیەوە و هەر وەک ئێستا لە باوەشتا ژیرت دەکردمەوە.. خۆت کە باوکم دڵی دەڕەنجاندی ئەشکەکانت لێ دەشاردینەوە، بە دزی ئێمەوە دەگریای.. منیش زۆر فرمێسک و گریانم لێ شاردوویتەوە.. لە کاتێکدا دەمویست بگریم بە پێکەنینەوە وەڵامم دەدایتەوە.. وا ئەو ڕۆژە هات فرمێسکەکانمان تێکەڵ بەیەک بن. وەک جەستەی من کە چۆن نەختێکی تر تێکەڵ بە خاک دەبێ ئەوها لەناو دەروون و ناخی یەکتردا دەتوێینەوە.. دایە گیان ئیتر زمانم لە گۆ دەچێ، چەند خۆشە هەر لە باوەشتا بمێنمەوە، چی بکەم مەرگ مەودا نادا.. جێت دەهێڵم، خۆ تەنانەت ناتوانم یەک وشەیەکی تریش لەگەڵتا بدوێم، وا خەریکە تۆ دەست بە قسە دەکەیت،



داخی گرانم بواری گوێگرتن نەما.. دوا ڕستە کە بە پچڕ پچڕی لە زارمەوە دەردەچێت ڕستەی مەگری دایە تۆم خۆش دەوێ. ڕووناکی لە پێش چاوانما لاواز دەبێ.. ملم لار دەبێتەوە، چاوەکانم لە تۆ دەبڕم، لە تۆ وماڵەکەمان و ژیان ڕادەمێنن..

ئێستا تۆ وا دەزانی من مردووم.. گیانم لە جووڵە کەوتووە، گەرمی و گوڕی خوێن خەریکن جەستەم جێ دێڵن، سارد و سوڕ دەبمەوە.. هێشتا نەمردوومە، هەر وا بەئاسانی نامرم. بە گوێرەی برینەکەی ناخم دەبوو زوو بمرم.. هێشتا چاوم لێیە بەسینگ خۆتا دەکوتیت، بەدەنگە نەرم و خۆشەکەت بە هێواشی دەلاوێنیتەوە.. هەنسک و قوڵپی گریان ئاوازێکی خۆشیان بۆ لاواندنەوەکە سازداوە.. بە قۆزی و چاکی کوڕە جوانەمەرگەکەتدا هەڵدەدەیت، باسی ئەوە دەکەیت چۆن پەروەردەت کردم، چۆن شەو تا بەیان لەناو لانکدا ڕاتژەندم.. منیش ویستم ڕەوڕەوەی مێژوو ڕاژەنم..

جار جاریش لەناو لاواندنەوەکەتدا ناوی خەڵات دێنی، ئەو ناوە ئەوەندەی تر ئاگری ناخی کوڕە بە مەرام نەگەیشتووەکەت بە بڵێسەتر دەکات، خۆزگەی ئەوە دەخوازیت هەر بۆ تەنها شەوێک بمهێنایە، تاکو ئەو گرێ گەورەیەم نەبردایەتەوە گڵەوە، لە بەهەشتی ئەو دونیادا ژیانی گەنجایەتی خۆم لەگەڵ حەوت پەری ئاسماندا لەناو کۆشکێکی ڕازاوە بەسەربردایە، تۆ وا دەزانی ئەو گەنجەی پێش ئەوەی ژن بێنێ بمرێ لەو دونیاش بێ بەش دەبێ، لەسەر چیایەک ڕادەوەستێ و، سەرنج دەدات، لەسەر چیایەکی دوورەوە ڕەشبەڵەک و زەماوەندێکی خۆش بەدی دەکات، بەرەو ئەو شوێنە دەچێ، کە نزیک دەبێتەوە هەموو شتێک لە پێش چاوی ون دەبێ، نائومێدنابێ، دووبارە دەست بە

سەرنجدان و گەڕان دەکاتەوە.. ئای دایە! وا دەزانی کوڕەکەی تۆش ئەو چارەنووسە چاوەڕوانی دەکا!

ئەی تۆ خەڵات؟! چەند خۆش بوو ئێستا لێرە بوویتایە. بەسەرنجێک ماڵئاوایی و جیابوونەوەی بۆ تاهەتام لێ دەکردی.. ئاخۆ لە ئاست ئەو سەرنجانەدا چی بکەیت؟! تەنها سەرنجی ماڵئاوایی کردنەکە پڕە لە یاد و کسپەو خەون و پەشۆکان و وەک هەڵقەیەک لە بری پەنجەت لە گەردنت دەئاڵێ.. نا، نا! بۆ ناتوانم، بۆ؟! تەنها دەمەوێت پێت بڵێم یەکێکی ترت خۆش بوێ! ژیان دووبارە دەبێتەوە!"

سۆز و هەستەکانی بە شێوەیەک هەڵچووبوون ناخ و جەستەی لەگەڵیا گریان گرتبوو..

– ئارام ئەوە چییە لە کوێیت؟ دەرگاشم کردەوە ئاگات لێ نەبوو. دەڵێی وڕێنە دەکەیت، تات لێیە؟

– دایە گیان ئێستا چۆنیت؟ بۆ لەسەر جێگا هەڵساویت؟

– خەوم نەدەهات، بینیم گڵۆپی ژوورەکەت دەسووتا، هاتم بزانم چۆنیت، پێویستە سبەینێ سەر لە دوکتۆر بدەیت ئەم عەسرە زۆر ڕشایتەوە.

بەیەکەوە لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتن. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە گوتی:

– پێویست بە دوکتۆر ناکات دایە باشترم. کەمێک سەرمام ببوو.

– چەند پێت دەڵێم جلی گەرم لەبەر بکە تاکو وشکە سەرمای پاییز کارت لێ نەکات.

دەستی کردە مل دایکی و سەری ماچ کرد. ڕووی بە سینگییەوە نووساند، وا دەیگوشی دەتگوت خواحافیزی یەکجاری لێ دەکا.



٩

کە ئارام لە ماڵی شەهاب نزیک دەبووەوە هەستی دەکرد دوودڵی و شپرزەیی لە هاتنەکەی پەشیمانی دەکەنەوە.. حەزی دەکرد وەکو جاران ئەم دوودڵی و شپرزەییە وەک قەلەڕەشی ناو گوڵزاری بولبولان کاتێ دەنگە ناسازەکەی تێکەڵ بە جریوەی بولبولان دەکا و دەیەوێ بیانتارێنێ و خونچەی ناسک و گوڵە جوانەکانیان لێ بزر بکات، لە دەشتێکی کاکی بە کاکیدا بکەونە داوی ڕاوچییانەوە، بەندیان بکەن و ئازاریان بدەن، ئاواز و سازە خۆشەکانیان ببن بە سکاڵا و گریان، لە جیاتی هەڵفڕینی لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ و لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ تەنها کونجی قەفەزێک ببێ بە جێگای هەمیشەییان، تا مردن تێیدا بناڵێنن بڵێ:" قەلەڕەش خەیاڵت خاوە " سەر بەرەو ئاسمانە شینە بێ گەردەکە هەڵبڕێ، گەزەنگی خۆری تازە هەڵاتوو لەناو ڕووحیا گوزەر بکات، شەقامە هێمنەکە هەوێنی خۆشی بە بەیانییەکە ببەخشێ، لە شەقامەکە بڕوانێ و گۆرانی جادە چۆڵ و سێبەر بوو بڵێ، لەکاتی گوتنی گۆرانییەکەدا سەر هەڵبڕێ و بەژنە جوانەکەی خەڵات ببینێ بەرانبەری بێ، ئەو خۆشییە بێ سنوورەی بۆ دەربڕێ، ئەو لە هەموو کەس زیاتر لە هەستەکانی تێ دەگا، گەر بەسەر هەموو شەقامەکانی شاریشدا بسووڕێنەوە هێشتا هەست دەربڕین و ڕازەکانیان کۆتایی نایە، بێ دەنگ دەبن.. تەنها خۆیان لە زمانی ئەو بێ دەنگییە تێ دەگەن، تەنانەت بێ دەنگییەکەشیان گفتوگۆیەکی نەبیستراوە.. بیر لە

شاره دزراوەکەیان دەکەنەوە، وێنەی دە ساڵی داهاتووی گەڕەکەکان دێننە پێش چاو خۆیان.. بەرەو بەدیهاتنی ئامانجەکان هەنگاو بنێ، بڕوای بەو هەنەبێ ژیان تەنهـــا بریتی بێ لە هەوڵدان لەپێناو بەرزبوونەوەی خودی خۆیدا، حەز بە بەرزبوونەوەی خۆشی بکات بەمەرجێ بەری ڕەنجی خۆی بێ و بناغە و ئەو ئامرازانەی بۆ بەرزبوونەوەکە بەکاریان دێنێ ڕەوابن.

ویستی پەردە لەسەر خەیاڵ و بیرکردنەوە لەو شتانە لە مێشکی خۆیدا دابخات." وا هەست دەکەم ئەو ڕێزە تایبەتییەی جارانم لای هاوڕێکانم نەماوە.. خۆشم نازانم بۆچی بۆ لایان دەڕۆم؟! تاریکی شەو سەر لە ئێوارەدا دیارە، بڕۆم یان نەڕۆم هیچ لە مندا ناگۆڕێ. منیش زۆر سەیرم ها! تۆ سەیری چۆن مێشکی خۆم ماندوو دەکەم. پێم خۆشە وەک جاران ناخم ڕێم پێ بدا سەردانی شەقڵاوە بکەم. ماوەیەکە لەشار دەرنەچوومە، لەگەڵ سروشتە جوانەکەی کوردستاندا قسە بکەم، گەر وەک جاران بوومایە دەمگوت: دار بەڕووە بە تەمەنەکان، درەختە بەپیتەکانی گەرمیان و کوێستان ئەم پاییزە بە کۆتایی تەمەنی خۆتان مەزانن، ئەم هەوا پڕ لە بۆنی کیمیاییە بەدوا ڕەشەبای سەر لووتکەی چیاکان مەزانن.. ئەو گەڵا ڕەنگ زەرد و بێ نازانەی ڕەشەبا تووڕیان هەڵدەدا دوا بەرگی دڕاوی ئێوەی ڕەنگ ڕەش داگیرساو نین.. دەست لەم شین و قژڕنینەی ئەم پاییزە خەماوییە هەڵگرن، با بەس لە بری خوناو زووخاوی ڕەش لە ڕەنگ و بۆتاندا خۆی بنوێنێ.. وەک من ببن بە پەروانە و چاوەڕێی خۆر بکەن.
"

گەیشتبووە بەر دەرگای ماڵی شەهاب، دڵنیابوو کەس چاودێری



ناکات، دەرگای لێ کرایەوە و چووە ژوورێ، بینی هەردووکیان کۆببوونەوە. بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد، دانیشت و بێ دەنگ بوو، دەیویست تەنها چاودێرێک بێ نەک هاوبەشێک. شەهاب پرسی:

– بۆ بێدەنگی؟ دەمێکە گوێمان لە قسەکانت نەبووە بیریان دەکەین.

– من بۆ قسەکردن نەهاتوومە.

سەردار گوتی:

– شتێکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە باسی بکەین، ئەویش گەڕانەوەی ئارامە بە لێپرسراوی ئێمە. هەموو پێمان خۆشە ئەم داوایە قبووڵ بکات و...

ئارام بە پەلە قسەکانی پێ بڕی و گووتی:

– من ئەو داوایە ڕەت دەکەمەوە. تەنها وەک برادەرێک هاتوومە سەردانتان بکەم.

سەردار گوتی:

– ئێمە دەزانین بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کارەساتی ئەنفالەکان ورەی گەلی کوردی تا دوا ڕادە ڕووخاندووە، چاوی گەشی ڕوو لە ئاسۆی کوردستانی پڕ لە خۆڵ کردووە، ئارام یەکێکە لەو کەسانەی تووشی نائومێدییەکی گەورە هاتووە.. بەڵام ئەو کارەساتانە هەر ئەو نائومێدی و وەرەڕووخان و وێرانکارییانە نین کە بەسەرمان هاتوونە، بەڵکو مەسەلەی ئێمەیان بە هەموو جیهان ناساند و ویژدانی هەموو کەسێکی خاوەند ویژدانیان شەرمەزار کرد.. گێژاوی تراژیدیای هەڵەبجە و ئەنفالەکان ڕاستە گەیشتە جیهان بەڵام لەناو دووتوێی پەیوەندییە نامرۆڤایەتییەکانی نێو دەوڵەتیدا پەردەی لەسەر داخرا.. ئەو هیوا کزەی ئێستا لە ئاسۆوە بۆمان دەشنێتەوە ئەوەیە

خەباتی دیبلۆماسی ڕۆڵێکی زۆر لە جاران باشتر و کاریگەرتر لە مەسەلەی کوردا دەبینێ، چونکە وەک وتمان مەسەلەکە بووە بە جیهانی..

سەردار زۆری قسە کرد و شەهابیش بە پرسیار و تێبینی هاوبەشی دەکرد. پاش ئەو قسانە بە هەندێ پرسیاری تر کۆتاییيان بە دانیشتنەکەیان هێنا. هەر یەکە چارەکێک پاش ئەوەی ترماڵەکەی شەهابیان جێ هێشت.



## ١٠

کە لە چاوەڕوانکردنی لای پەنجەرەکە بێزار بوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی ناگەڕێتەوە و چاوەڕوانکردن بێ سوودە. سەعات دوانزەیە هێشتا نەگەڕاوەتەوە." چی لە چاوەڕوانی ناخۆشترە؟ کات لە چاوەڕوانیدا کێویترین دڕندەیە. ئۆف چاوەڕوانی بۆ وا لە ژیانی مندا باڵادەستی؟ جار وایە دەڵێم چاوەڕوانی شتێک بم باشترە لەوەی بە ڕازیبوونەوە سەر بنێمە سەر سەرین، بەڵام بەم ڕادەیەش نا ژیان وەک دۆزەخ لێ بکات، ئێستا ژیانی منی وا لێ کردووە، لە هەموو ئەو ئامانجانەی هەوڵیان بۆ دەدەم کەمیان هاتوونەتە دی، شەو و ڕۆژ چاوەڕوانی و چاوەڕوانی، بێزاری کردووم، پەستم دەکا.. ئەکەر کۆتایی چاوەڕوانیم نائومێدی و دەرنەچوون و مایەپووچی نەبێ هەر خۆشە. خوای گەورە یارمەتیم بدە بەو ئەنجامە نەگەم."

ویستی پەردەکە داداتەوە و بچێتە ژوورەکەی لای دایکی، لەپڕ ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی دەکرد لە سووچی ئەو سەری شەقامە باریکەکەوە بەدەرکەوت. حەزی کرد ئەویش بیبینێ، تا گەیشتە بەردەرگای ماڵی خۆیان بێ ترووکان تەماشای کرد، دەیزانی ڕقی لەم جۆرە ڕەفتارانەیە و بە هی هەرزەکاریان دادەنێ. " خۆ منیش بەڕواڵەت ئەمە پەسەند ناکەم بەڵام بەدەست خۆم نییە! لەوانەیە ئارامیش وابێ و دەری نەخات!"

کە لە دەرگای ماڵی خۆیان چووە ژوورێ ئاخێکی ساردی هەڵکێشا،

چاوەکانی نایە سەریەک و دوودڵی لەوەی کە ئێستا بڕوات و مەسەلەکەی پێ بڵێ یان پاش کەمێتر ئازاری دەدا. چووە ژوورێ و لەبەردەم ئاوێنەکە ڕاوەستا، قژی شانەکرد و لەپشتەوە بە تەوقە بەستی، پەرچەمی بەلادا هەڵدایەوە، خۆی جوان هاتە پێش چاو، نەیدەزانی بۆ چێژێکی تایبەتی لە ڕاوەستانی بەردەم ئاوێنەدا دەبینێ. وێنەکەی ئارامی لەنێوان کتێبێکدا دەرکرد، لە بەرانبەر ئاوێنەکە لە تەنیشت ڕوومەت خۆیەوە ڕایگرت." بەیەکەوە زۆر جوانین، لێک دێین." تاسە ڕفاندی.. لە گۆشەیەکی دوور و قووڵی خەیاڵەکانیەوە خۆی و ئارام دەست یەکتریان گرتبوو، جل و بەرگی بووک و زاوایان لەبەربوو وێنەگر وێنەی دەگرتن." گەر ئەم خەیاڵە خۆشانە نەبوونایە چۆن دەمتوانی تۆزێ فێنکی بەدەروونم بدەم."

دووبارە لە ڕووی خۆی وردبووەوە، وتەیەکی دایکی هاتەوە یاد:

– کچم ئافرەت با هەر جوان بێ ئەگەر شانسی نەبێ بە چی دەچێ؟ بەخوا ژنی ئەم تایەفە نەگبەتەی ئێمە هەموو چارە ڕەشن. یەکێکیان نەکەوتوونەتە لای پیاوێک بحەسێنەوە.

– دایە تۆ وادەزانی ژن تەنها بۆ پیاو درووستبووە.

زرینگانەوەی ئەو وشانەی دایکی لە مێشکیدا پەستی دەکرد، گوڕی هەوڵدانی بۆ شتێک لە ناخیا گەورەتر دەکرد. " دایکم و خەڵکی و سەرشەقام دەیانەوێ بێ خۆماندووکردن پاشکۆیانە بژێم.. تۆ بڵێی ئەوان ڕاستبن و من هەڵە؟ دوور نییە.. لەوانەیە وابێ. لەوانەیە وەک نەسرینی هاوڕێم دەڵێ ئاڵۆزبم و توانای خۆگونجانم لەگەڵ خەڵکدا نەبێ. ڕاست دەکا من ڕێگای ئاسایی ژیانی خۆم بزرکردووە، ئەنجامەکەشم باش نابێ.. نا، نا ڕیگای خۆم لە هی ئێوە بە ڕاستتر



دەزانم، بۆ دەهێڵم ئەو کەسانە مێشکم فریودەن و گومانم لا درووست بکەن؟ ڕێگای من دوور و درێژ و بێ کۆتاییە، هەنگاونانم لەم ڕێگایە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێ. ئێوە وێستگەیەکتان هەیە لێی دەوەستن، ئەو وێستگەیە بە کۆتایی دەزانن، من چەقین لە ڕێگامدا هەیە بەڵام وێستگە لە ڕێگامدا نییە."

هەندێ جار ئەو قسانەی بەخۆی دەگوت و خۆی هان دەدا.. ئەو هاندانە وای دەکرد هەستی شانازی کردن بە ئامانجەکانیەوە بیبزوێنێ، خۆی لا خۆشەویست بێ و ڕێزێک بۆ خۆی دانێ.. بەڵام هەستی شانازیکردن و خۆشەویستی خودی خۆی وەک برووسکەی ڕێژنە بارانێک بوو زوو لە چاو ون دەبوو، چەندەها پرسیار و بیرکردنەوەی تاڵ و ترسناک وەکو هەوری بەهار دەکەوتنە گرمەگرم، ترسێکی سامناکیان دەخستە دەروونیەوە.کە لێی دەدرا، یان کە خۆی بەکەم دەزانی دەگریا، کوڵ و کۆی دەروونی دادەمرکاند، ڕوو بەڕووی ئەو پرسیارە سامناکانە دەبووەوە کە ئەو ناوی نابوون پرسیارە دێوەزمەکان:" بۆ وادەکەیت، چیت دەوێ؟! نازانم، شێتم بەخوا شێتم! ئەگەر شێت نەبم ئێستا بۆخۆم لەماڵێکی گەرم و گوڕدا دادەنیشم و خەمی هیچم نابێ، ئەم هەموو ژانەسەرەم بۆ لە خۆم کۆکردۆتەوە؟!" ئەو پرسیارانە هانیان دەدا بیر لەوە بکاتەوە هیچی تر بە شوێن ژانە سەر و بەخۆداشکانەوە و، پێشبینیکردنی بەزین و دەنەرچوون و ترس لە داهاتوو نەگەڕێ، هەموو ئامانجێکی ئەوە بێ شوو کات و لەپاڵ ئاگردانی خێزانی گەرمدا دانیشێ.. دەیزانی ناتوانێ واشبێ، دڵنیایە لەوەی ناتوانێ وابێ، ئەو پرسیارانە هەر بۆ دامرکاندنەوەی ڕقەکانیەتی.. ئەو ڕقەی لەگەڵ پەستیدا ئاوێتەی یەکتربوونە دڵیان

کردووە بە شاخ، تەنها لە بەرانبەر کوورەی خۆشەویستی ئارام و ئیرادە شێتەکەی خۆی ناگرێ، دەتوێتەوە و دەبێ بە ئاو..

"وا درەنگە با بڕۆم نەوەک بخەوێ یان دەربچێتە دەرەوە. بەخوا بگەڕێمەوە باوکم وەک دوێنێ بەزمێکی چاکم پێ دەکا، دەدەی ئەی من نەمگوت چیتر گوێ بە بەزم نادەم." لە ژوورەکە دەرچووە دەرەوە، لەو کاتەدا دایکی بانگی کرد، بەدووی بانگەکەدا ڕۆیشت و لە تەنیشت دایکیەوە دانیشت.

دایکی بەدەستەکانی فەقیانەکەی توند دەکردەوە گوتی:

– خەڵات کچم لەو شەوەوەی ئارام و دایکی دانیشتبوون لە ڕووی باوکتدا قسەت کرد زۆر لێت بەداخە، خۆت دەزانی شەوی ڕابردوو چی پێ کردی، پێش گەڕانەوەت بەزمێکی لەو بەزمە خراپتری بە من کرد.. نازانین تۆ بە تەمای چیت؟ چۆن دەبێ کچ وا بکات؟

– چی لەدەست دێ با تەخسیر نەکا. چی ماوە نەیکات؟!

– من هیچ هەقم بەسەرتانەوە نییە. ئەوە سیروانیش دوێنێ شەو هاتووە داوای تۆی کردووە ئامادەیە چی داوا بکەیت بۆتی بکات. من و باوکت زۆرمان پێ خۆشە، کوڕێکی چاک، خاوەند جێ و ڕێی خۆی، تاقانەیە و ئەو هەموو میراتەی بۆ ماوەتەوە..

قسەکانی بەدایکی بڕی و بەتووڕەیی سەرسوڕمانەوە پرسی:

– چی؟! بۆ جەنابی کاک سیروان بۆ داواکردنی من هاتبوو؟ وام زانی بۆ هەواڵپرسینی سەربەست و سەردانی باوکم هاتبوو. بەسیەتی پێم گوتوون لە ئارام زیاتر شوو بە کەسی تر ناکەم.

دایکی زۆر پەست بوو ویستی بەسەریدا بقیژێنێ، بەڵام نەخۆشی و لاوازییەکەی ڕێی پێ نەدا بە گلەییەوە پێی گوت:



– ئاخر کچم نە باوکت ڕازی دەبێ نە ئەویش بێ پرسی باوکت دەتخوازێ، ئێ کچەکەم تۆش گەورەیت، خۆت دەزانیت ئەگەر دووسێ ساڵی تر دانیشی خەڵکی دەڵێن قەیرەیە و داواکارت نامێنێ، سبەینێ من و باوکت بمرین لەپاڵ براو براژن ئیدارە دەکەیت؟ سەت خۆت ئیش بکەیت ناهێڵن بەتەنها دانیشیت.

– دایە دیسان..

– بەسیەتی خەڵات من لە هەق دەم تۆ نایەم دەڵێی محامیت. ئێ ناتوانێ شەش تاک بازنت بۆبکات، ئەوە ماڵ و جل هەر باس مەکە، بۆ تۆ چیت لە ئامۆزا و میمکزاکانت کەمترە.

– پێویست بە باسکردنی ئەم و ئەو ناکات. تکایە هێشتا ژانە سەری دوێنێ شەو بەری نەداوم، ئیتر باسی شووکردنم لەگەڵ مەکەن، بەباوکیشم بڵێ نەک بە سیروان بە هیچ کەس شوو ناکات.

دایکی بە تووڕەییەوە قیژاندی:

– دیسان گوتی شووناکەم! نازانم لەدەست تۆ و سەرەی برات بۆ کوێ سەرخۆم هەڵگرم.

خەڵات دیسان هەستی بە تەوژمە کۆن و ئاساییەکەی ژیانی کرد، ئەو تەوژمەی هەر لە منداڵییەوە وەک چەکووشێک بەسەریدا دەدرێ، وای لێ دەکا بەزەیی بەخۆدا بێتەوە، هێڵێکی ڕەش بەئاسۆی بینایدا دەکێشێ و، دڵی توند دەکا.. لە مێژدایە بەربەرەکانێی ئەو تەوژمە دەکا و لە ڕوویدا دەوەستێ، بە چەکی هەمەجۆر لەدژی دەجەنگێ و هەوڵی بەزینی دەدا..

لە دایکی نزیک بووەوە و، دەستی کردە ملی و بە هێمنی گوتی:

– دایە گیان بەس تۆ خەفەت مەخۆ هەموو شتێک بەدڵی تۆ دەکەین.

من هەر شوو دەکەم ئەورۆ نا سبەی.. بەڵام گرفتەکە سەربەستە ئێستا تەنانەت نازانین لە کوێشە. چۆنە بچم لە دایکی ئارام هەواڵێکی بپرسم؟

– بەخوا جوانە! ئەگەرئێستا باوکت هاتەوە چی پێ بڵێم؟!

خەڵات دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ دایکی ڕازی بکات بیبینێ.

– بڵێ لەگەڵ کچێ برادەریا چوونە بۆ بازاڕ. دڵنیام ئەگەر بڕۆم بۆمان دەردەکەوێ لە کوێیە. خۆ ئارام لە ماڵ نییە چەند پرسیارێ لە دایکی دەکەم و دێمەوە.

هەڵسایە پێ و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرد.

– دەزانم بڵێم و نەڵێم هەر دەڕۆی، زوو وەرەوە گیرنەبیت ها.

بە خێرایی و سووک لە ماڵی خۆیان چووە دەرێ، تا بەردەرگای ماڵی ئارام نەوەستا، لە دەرگای دا، دەستی لەسەر زەنگەکە داگرت و هەستێکی شادمانی خۆش تێکەڵ بە شپرزەییەکەی ناخی دەبوو، ئەو هەستە ورشەی بە سەرنجەکانی دەبەخشی، چێژی ژیانی لا شیرنتر دەکرد.. دەستێکی بەسەر یەخەی کراسەکەیدا هێنا و ڕێکی خست، لێوی تەڕکرد تاکو ئاڵتر دیاربێ، دەستیکی بەناوقەدیەوە گرت تا مەکسییە شینە قەدیفەکە ناوقەدی باریکتر دەرخا و باڵادەستەکەشی درێژتر دیاربێ.

دەرگا کرایەوە و چووە ژوورێ. بینی ئارام و دایکی لە نزیک یەک دانیشتبوون، کە ئەویان بینی هەڵسانە پێ، ئەویش پاش سڵاوکردن گوتی:

– ئارام کەمێک ئیشم بەتۆ هەبوو دەربارەی سەبەست.

دایکی ئارام و خوشکە بچووکەکەی ژوورەکەیان جێ هێشت و بۆ



ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ بۆ چێشتخانە چوون. کە ژوورەکە چۆڵ بوو هەستە خۆشییەکەی ناخی گەورەتر دەبوو.. دزە سەرنجێکی لێ دا و ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕان، کەمێک پەشۆکا، دەترسا پەشۆکاوییەکەی هەست پێ بکەن، هەوڵی دەدا ئاسایی بێ و وەک هاوڕێیەک مامەڵەی لەگەڵدابکات، سەری هەڵبڕی، سەرنجەکانی لەڕووی چەقاند، بینی چاوە گەشەکانی لە خوار برۆ چڕەکانیەوە تروسکەی خۆشەویستییان لێ دەدرەوشایەوە..

ئارام بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا بێ هێز نەبێ سەری داگرت، بەدەنگێکی تۆزێک تووڕەوە گوتی:

– هەندێ شتی گرنگ هەن لە نامەیەکدا بۆت دەنووسم و بۆت دەنێرم، هەوڵ دەدەم لەگەڵ ناوەرۆکی نامەکەدا ڕابێم و هەمان داواش لەتۆ دەکەم.. دەبێ جێبەجێی بکەیت.

– ..........

– بۆ بێ دەنگی؟

– پێویست ناکات خۆت و منیش تەفرە بدەیت. با لەو بابەتە بگەڕێین چونکە هەندێ شتی گرنگ هەن حەزدەکەم پێکەوە باسیان بکەین.

– شتی چی؟

– دەمەوێ بێ ڕازیبوونی باوکم لەکار دابمەزرێم و، ئەو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییانەی لە مێشکمدایە دەست پێ بکەم.

– بەم قسەیە زۆر خۆشحاڵم، ماوەیەکی دوور و درێژە دەمویست ئەم بڕیارەت لێوە ببیستم. دەمویست لە خۆتەوە دەست پێ بکات. چەندەها جار لەخۆم پرسیوە بۆ بێدەنگە؟

– هەر بە ڕواڵەت بێ دەنگم، لەناخەوە لەگەڵ ترسێکی یەکجار گەورە

له کێشەدام.. لەم بڕیارەدا من بەسەر ترسەکەدا سەرکەوتم.

ئارام ئەم هەنگاوەی خەڵاتی پێ خۆشبوو. دڵخۆش بوو بەوەی ڕوومەتە وشک هەڵگەڕاوەکەی دەبینی گەش ببووەوە، دەنگە پڕ لە بێزاری و تووڕەییەکەی دەبیست سووربوون و هێز تێیدا دەنگی دەدایەوە، ناخە پڕ لە ترس و دوودڵییەکەی تێڕامانی بەرەبەیانێکی نوێیان لە ئامێز گرتووە و ڕووناکی کزی ئەو بەرەبەیانەش لەناو ڕەشی چاوەکانیا دەدرەوشێتەوە، وەکو پریشکی گڕکانێک وردە ترس و دوودڵی و کۆتەکانی دەست و پێی دەتوێنێتەوە، لەوانەیە ئازادی بکەن، لە هەموو بەربەستەکانی ئەم دونیایە بێ دەربەستی دەکەن، ئەو سەرچڵییەی خەونی پێوە دەبینی دەبێتە ئامانجێک و لێی نزیکدەبێتەوە..

بیری لەخۆی دەکردەوە.. تێڕامانێکی قووڵ بەڕوویەوە دیاربوو.. " چۆن هەر ئەوها بەبێ ئامانج بژێم؟ بەڕاستی ژیانم بێ مانایە.. خۆشم لەبەرچاو خۆم بوومەتە شتێکی بچووک و هیچ و پووچ، بێ نرخ.. هەست دەکەم مێرووڵەم و کەس نامبینێ.. نەتوانام هەیە هیچ بکەم نەهیچیشم بۆ دەکرێ.. بۆ دەژیم؟ ژیانم هیچ سوودێکی نییە.. تۆ بڵێی هەر من وابم و خەڵکی تر ژیانی بێ ئامانجیان بەلاوە ئاسایی و سادە و بێ گرفت بێ؟ نابێ وابێ، وانییە.. کەس بەبێ ئامانج ناتوانێ بژێ.. هەموو کەس لە پێناوی بەدیهاتنی شتێکدا هەوڵ دەدا، گرنگ نییە ئەو شتە گەورەبێ یان بچووک.. گەر ئەو ئامانجەی هەبێ بێزاری وای لێ ناکا مردنی خۆشبوێ، ژیانی بێ مەبەست ڕۆژی دەیان جار نایکوژێ و لەناو ئاگری دۆزەخدا دانامرکێنێ.." کە منداڵ بوو قسە ترسناکەکانی دایک و باوکی هێنابوویانە سەر ئەو بڕوایەی ئەگەر



یەکێک گوناهێک بکات مەلایەکەتی سەر شانی چەپی دەینووسێ و، لەو دونیا خوا چەندان ساڵ لەناو ئاگری دۆزەخدا دەیسووتێنێ، لەوێ مردن نییە و هیچ شتێک لەدەست ئازار ڕزگاریناکات." نەمدەزانی خۆم لەم دونیا ئەو دۆزەخە دەبینم.. ئەو کەسانەی بێ ئامانجن مردوونە، ئەوانەی ئامانجەکانیشیان زەوتدەکرێ، یان دەکووژرێ، یان برینداردەکرێ دەبێ لەناو دۆزەخدا بژێن، یان دەبێ خۆیان بکووژن، یان دەبێ دەست پێبکەنەوە..

لەوانەیە بیر و هۆشیش هەر لە پێناو ئامانجدا هەبن..بۆ نا؟! ئامانج خۆراکی بیر و هۆشە، ئەگەر وانەبێ بیر و هۆش خۆیان دەبن بە خۆراکی خۆیان..

– ئارام باوکم زۆر جێی گومان و ترسە.. ماوەیەکە خۆی لە سیروان نزیک دەکاتەوە، دەزانم هەردووکیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان لەیەکتر نزیک دەبنەوە، سیروان بۆئەوەیەتی من شووی پێ بکەم، باوکیشم ئاواتی ئەمەیەو لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ بە زمانی لووس چایخانەکەی پێ نوێ بکاتەوە، بە بڕیاری هەردووکیانە سیروان دەیەوێ لەم خانووە دەرتان بکات. لە دایکمەوە بیستم دوێنێ شەو لە باوکم داوای کردووم. جگە لەوەی هەردووکیان دەیانەوێ سەربەست بدۆزنەوە و بە کارێکەوە خەریکی بکەن.

– ئێستا زانیم بۆ سیروان ئەوها ڕەفتاری لەگەڵ کردم.. خەڵات باوکت ناپاکە و لە مەبەستە گڵاوەکەی نەگەیشتووی، دڵنیام مەبەستی سەرەکی نزیکبوونەوەی لە سیروان ئەوەیە بۆ ڕێگا بەدناوەکەی خۆی ڕایکێشێ. چونکە سیروان پارەی زۆرە و دەتوانێ ڕۆژی دەیان کەس لە دەزگا سەرکوتکەرەکان بۆ بار و ڕیستۆرانتە گەورەکانی شار بانگ

بکات، باوکیشت بەمانە لە ڕێگای بەکرێگیراویدا بەرز دەبێتەوە و پلەیەکی دەست دەکەوێ.

– ئەی بۆ مەسەلەی دەرکردنتان لەم خانووە چی دەکەیت؟

– لە ڕوویدا دەوەستم و دەرناچم.

دەنگی لێدانی دەرگای حەوشە هات، خەلات وای زانی باوکیەتی بە شوێنیدا هاتووە ڕاچەنی، هەڵسایە پێ و گوتی:

– لەوانەیە باوکم بێ.

– نا باوکت نییە خوشکەکەمە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە.

– باشتر خۆت گرفتت کەم نییە گرفتی تریشت بۆ زیاد بکەم.

– ئەی سەربەست هەواڵی نییە؟

– هیچ هەواڵی نییە. باشترە بڕۆم تا باوکم نەهاتۆتەوە.

بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیشت، ئارام تا بەر دەرگا لەگەڵیا بوو، ڕاوەستا تا لەماڵی خۆیان چووە ژوورێ. سەیری سەر شەقامەکەی کرد لە سووچی ئەوسەری شەقامەکەوە سەیارە سپیەکەی سیروانی لێ بەدەرکەوت، سەربەستی بینی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، وای هەست کرد سیروان دەست خۆی پێش خست و سەربەستی بەلای خۆدا ڕاکێشا." تەنانەت ئەگەر نەتوانم ڕێی مەبەستە گلاوەکانی باوکی خەلات و سیروان بگرم دەبێ نەهێڵم سەربەستی دڵ بێگەرد و ساویلکە تەفرە بدەیت و بە تەڵەوە بێ."

ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەم ئارام ڕایگرت، سیروان بە فیزەوە پێی گوت:

– ئارام کەمێ ئیشم پێتە وەرە سەرکەوە پێت بڵێم.

ئارام وەک ئەوەی لەگەڵ ئەویشی نەبێ وەڵامی نەدایەوە، ڕووی وەرچەرخاند، وا خۆی نواند دەڕواتە ماڵەوە. سیروان و سەربەست



دابەزین و لەبەردەمی ڕاوەستان، سەربەست کەمێک لەدووی سیروانەوە ڕاوەستا. بەوردی سەرنجی لە جیاوازی نێوان جل و بەرگەکانیان دا، قەمسەڵە ڕەشە ماڵەماڵەکەی سەربەست و پانتۆڵە خۆڵەمێشیە تۆزاوییەکەی، پێڵاوە کۆنەکەی، ڕیشە تەنکەکەی، سەروسیمای غەمبارییەکی قووڵیان پێوە دیاربوو، چاوە بچووکەکانیشی لەبەر شەرم و خۆ بەکەم زانین لە زەوییەکە چەقیبوون. ئەوانە لەئاست پاڵتۆ ڕەشە فەرەنسییەکەی سیروان و پانتۆڵە کاوبۆیە خۆڵەمێشییەکەی، پێڵاوە ئیتاڵییەکەی، ورینجەی سەرو تەوالێتە خاوێن و ڕێکەکەی، شۆڕبوونەوەی زنجیری ئاڵتوونی سەعاتەکەی، لووسی پێستە سپییەکەی دەموچاوی، سەرنجی سەرکەوتن و شانازی بەخۆوە کردنی چاوەکانی جیاوازییەکەیان گەورەتر دەنواند. سەربەست بە کزی سەلامی لە ئارام کرد و دەستی بۆ تەوقە کردن درێژ کرد، ئارام بەدەنگێکی پڕ لە تووڕەیی بەڵام هێواش پێی گوت:

– سەربەست ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی گەورەی وەک جەنابی کاک سیرواندا بەڕێداڕۆیشتی پێویست ناکات لە دوویەوە بڕۆیت و ڕاوەستیت، شان بە شانی برۆ و لە تەنیشتی ڕاوەستە..

ئەو قسەیە کاری لێ کرد، نەیتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی داتەوە، حەزی دەکرد ئەو ناوە جێ بێڵێ..

سیروان بە بزە پێکەنینێکی شاراوەوە و زمانێکی لووسەوە گوتی:

ئارام ئەو ئیشەی من هاتوومە پێتی بڵێم پەیوەندی بە سەربەستەوە نییە، پێویست ناکا لەبابەتە سەرەکییەکە لادەی. ئێمە نیازی ئەوەمان نەبوو بۆ لات بێین بەڵام وا بینیتتم باشتر وایە کاری ئەمڕۆ نەخەینە بەیانی.

ئارام تەماشای نێو چاوەکانی کرد، بەدەنگێکی پڕ لە هێز و لە ڕوو وەستانەوە گوتی:

– وای دانێ نەتبنیوم، سبەینێ سەرم لێدەرەوە ئێستا ئیشێکی گرنگم بە سەربەست هەیە.

سیروان ڕووی بەرەو سەربەست وەرچەرخاند و بە تووڕەییەوەگوتی:

– چاوت لێیە سەربەست! دوو زەلام لێرە وەستاوین نرخی منالێکمان بۆ دانانێ، هەر چۆن و چاکیشی لەگەڵ نەکردین..

ئارام قسەکانی پێ بڕی و بەڕوویدا هاواری کرد:

– پێم گوتی سبەینێ بۆ ئیشەکەت وەرەوە و، لەسەری مەڕۆ.

سیروانیش بەرزتر و تووڕەتر هاواری کرد:

– بەڵام من سوورم لەسەر ئەوەی ئێستا ئیشەکەت پێ بڵێم و گوێم لێ بگری.

– ئەگەر بیڵێیت وای دادەنێم گوێم لێ نەبووە.

– زەرەر دەکەیت تۆ لەئاست لەڕوو وەستانی مندا نیت.

– بڕۆ چی دەکەی بیکە منەتت نەبێ.

سەربەست داوای لە سیروان کرد:

– تکایە سیروان بە تەنها جێمان بێڵە.

– وا لە ماڵەوەتان چاوەڕوانت دەکەم.

بە تیژی ڕۆیشت و لە دەرگای ماڵی سەربەستی دا و، چووە ژوورێ.

سەربەست و ئارامیش شان بە شانی یەکتر بەرەو ژوورەکەی ئارام ڕۆیشتن. هەڵچوونەکەی نەختێ لەوەپێش هێشتا بەڕووی ئارامەوە دیاربوو." هەر دەبوو ئەوها بە تووڕەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم. با وا



هەست نەکا شتە و لێی دەترسم." تەماشای سەربەستی کرد و بە هێمنی لێی پرسی:

– دەتوانم بزانم بۆ لەگەڵ سیرواندا بوویت؟ چی لێت دەوێ؟

– نازانم باوکم چۆن شوێنی منی دۆزییەوە؟ لەگەڵ سیرواندا بۆ لام هاتن، ئامادەیە هەموو شتێک بە دڵی من بکات.

گەرچی بەدەم ئەو قسانەی دەگوت، بەڵام بە سیمای بەتەواوی ئەوەی دەردەخست کە نەیتوانی و ناشتوانێ بە بڕوا بەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن و بێ یارمەتی باوکی یان سیروان یەک هەفتەی تر دوور لە ماڵ بژێ و هەنگاوێک بنێ.. هەستی بە بێ هێزی و شەرم دەکرد. بەزۆر دڵی خۆی دەدایەوە " ئەمڕۆ پیاو ئەو پیاوەیە خۆی بژێنێ."

– ئەو چەند شەوەی لە ئوتێل و ماڵە خزمەکاندا بەسەرم بردن فێری زۆر شتیان کردم. ئێستا هەر ئیشێک باوکم و سیروان پێم بڵێن دەیکەم.

– سیروان بە بەلاش ئیش بۆ تۆ ناکات بیر بکەرەوە بزانە چی لێت دەوێ.

ئارام مەبەستەکانی سیروان و باوکی بۆ ڕوون کردەوە.

– بەڵام من ئەو توانایەم نییە باوکم لەو ڕێگایە دوور بخەمەوە. خەڵاتیش ئەگەر بەدەست من بوایە لە مێژدابوو بێ ئەوەی داواشی بکەیت پێشکەشتم دەکرد. ئێستاش ئامادەم بەرگریتان لێ بکەم.

– دەتوانی هاوکاری لەگەڵ سیرواندا نەکەیت.

– ئەمە هەلە و ڕەخساوە، هەلیش کە ڕەخسا دەبێ بۆی هەڵسیت.

ئارام زانی قسەکردن لەگەڵیا سوودی نەماوە.

– ئارەزووی خۆتە. ئەو شتانەی کە پێویست بوو بیزانی پێم گوتی.

سەربەست ویستی بابەتەکە بگۆڕێ:

– باشتر وایە بڕۆم تاکو دەربارەی مانەوەتان لەم خانووە قسەی لەگەڵدا بکەم.

هەڵسایە پێ، بەڵام ئارام لە جێگای خۆی نەجووڵایەوە، بەکەمێک تووڕەبوونەوە گوتی:

– ڕازی نیم پێی بڵێت. ئەو لەبەر بەرژەوەندی خۆی هەلی ڕەخساندووە، ئەگەر هەست بکات بەدڵی ئەو ناجووڵێیتەوە پشتت لێ دەکا.

– ئارام تکایە زویر مەبە. لێم گەڕێ ئەم ڕێگایە تاقی بکەمەوە زۆر بێزارم. دمەوێ بەهە رشێوەیەک بێ سەرەتایەک بۆ خۆم بنیات بنێم ئنجا لە باوکم دوور بکەومەوە نەک بەدەستی بەتاڵەوە. ماڵی خاڵم لە ماڵی هەموو خزمەکان بە باشتر دەزانی، سێ شەو لەوێ بووم هەستم دەکرد لێم بێزاربوونە، ناهەقیشیان نییە، باوکم دەیان جار لای هەموو خزمەکان منی شکاندووە، بە تەوەزەل و بێ شەرم و گەلۆر ناوی بردووم.. ئەگەر باوکی خۆم وا بڵێ ئیتر ئەوان بۆ بڕوا نەکەن.

ئارام هیچ وەڵامی نەدایەوە، سەربەستیش بە کزی خواحافیزی لێ کرد و ڕۆیشت.

ئارام لەسەر قەرەوێڵەکەی درێژ بوو، خۆی گرمۆڵە کرد و چاوەکانی لێکنان. ترسێکی نادیار و سامناک پەی بەڕووحی بردبوو.. " من ئەوەتا وا لە بێشەیەکی یەکجار سەخت عاسێدا ون بوومە.. دووڕێیانێکیش لەدوورەوە بەرانبەرم دیارە.. پێش ئەوەی بگەمە ئەو دوو ڕێیانە ئەوەتا لە لێوار هەڵدێرێکی سەختا پێم دەخزا.. ئەوەتا هەموو ڕووحم لە کاتی هەڵدێرانا شەلاڵی خوێن بووە.. بەڵام نازانم..



نازانم ئەم دەستە نادیارە چییە دەیەوێ زامەکانی ڕووحم تیمار بکات؟ نازانم دەستە، ئەفسوونە، یان تارماییە..؟ لە کوێوە لەم شوێنە سەختە منی دۆزییەوە..؟ ئەو من دەبینێ، من بە لێڵی تارماییەک دەبینم.. تەنها ئەوەندەش دەزانم دەیەوێ زامەکانم تیمار بکات و بەرەو سەرەوەم بەرێ.. لەسەر دوو ڕێیانەکەم دانێ.. "